# تەنگژەی دارایی جیهانیی ٢٠٠٨

هۆکار و چارەسەرەکانی

دوکتۆر مەسعوود درەخشان

# تەنگژەی داراییی جیهانیی ٢٠٠٨

## هۆکار و چارەسەرەکانی

وەرگێڕانی: ئەمیر مەحموود

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دوکتۆر مەسعوود درەخشان
تەنگژەی داراییی جیهانیی ٢٠٠٨
وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٣٦
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٩ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد

# پێڕست


پێشەکیی نووسەر ........ 9

بەشی یەکەم:

بنەما گشتگیر و چەمکە بنەڕەتییەکانی تەنگژە داراییەکان. ........ 13

١- تەنگژە بانکییەکان. ........ 15

٢- تەنگژە داراییەکانی سەرچاوە گرتوو لە بڵقەکانی ئاڵوگۆڕی... ........ 16

٣- سستی و بێبازاڕیی ئابووری. ........ 18

٤- زەمینە و هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژە لە بازاڕە داراییەکان. ........ 19

٤-١: هەڵسوکەوتی ئاڵوگۆڕکاران لە بازاڕە داراییەکان و تێڕوانینی... ........ 19

٤-٢: مەترسییە ڕوو لە بەرزبوونەوەکان. ........ 23

٤-٣: نەگونجان و یەکنەگرتنی ڕیسکی نێوان دارایی و قەرزەکان. ........ 25

٤-٤: سستی و لاوازی لە ڕێکخستنی بازاڕە داراییەکان. ........ 27

٤-٥: ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان. ........ 30

٤-٦: ئێکۆپاتی. ........ 31

٤-٧: تەنگژەکانی شیاو بۆ گواستنەوە و ڕیسک و مەترسییە... ........ 32

٥- تیۆرییەکانی تەنگژەی دارایی. ........ 34

سەرچاوە و ژێدەرەکان ........ 40

بەشی دووەم:

تێڕوانینێک بۆ مێژووی تەنگژەکان و چەند وانەیەک ........ 41

١- مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) بانکەکانی ئۆقراند و گرنی... ........ 45

٢- هەرەسهێنانی وال ستریت لە ساڵی ١٩٢٩. ........ 46

٣- تەنگژەی دەزگاکانی پاشەکەوت و قەرز و پێشینەی ئەمەریکا... ........ 49

٤– هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٧. ........ 50
٥ – هەرەسهێنانی سندووقی پاڵپشتی LTCM لە ئەمەریکا ........ 53
٦ – هەرەسهێنانی پشکەکانی کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت... ........ 55
٧ – چەند وانەیەک لە تاوتوێکردنی تەنگژەکان ........ 56
٨ – ئاسەوارەکانی تەنگژەی کرێدیت ........ 57
١ – ٨: دابەزینی ئاستی بەکاربردنی خێزانەکان ........ 58
٢ – ٨: نیگەرانیی بانکەکان لە هەمبەر پێشکێشکردنی قەرز و... ........ 58
٣ – ٨: تەنگوچەڵەمەی نەختینەیی بۆ خاوەنکار و پیشەکان ........ 59
٤ – ٨: دەستبەسەر داگرتنی موڵکە بارمتەکراوەکان لەلایەن بانکەکانەوە ........ 59
٥ – ٨: ڕێکارە بەپەلە و نالۆجیکییەکانی بەرپرسە حکوومەتییەکان ........ 60
٦ – ٨: هەرەسهێنانی بۆرسەکان و کەمبوونەوەی سامانە ئابوورییەکانی........ 61
٧ – ٨: دەرکەوتنی نیشانەکانی ترس و شپرزەیی لە نێوان... ........ 61
سەرچاوە و ژێدەرەکان ........ 62


بەشی سێیەم:


پوختەیەک لە ئابووریی جیهان و ڕەوشی ئابووریی هەندێک لە وڵاتەکان........ 63
١ – پوختەیەک لە ڕەوشی ئابووریی جیهان ........ 65
٢– ڕەوشی ئابووری لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکان. ........ 68
١ – ٢: ئەمەریکا ........ 68
٢ – ٢: ئینگلتەرا ........ 70
٣ – ٢: وڵاتەکانی ناوچەی یۆرۆ. ........ 73
٤ – ٢: ژاپۆن و سینگاپوور ........ 73
٣– بڵقی بازاڕی خانووبەرە لە ئەمەریکا ........ 74
١ – ٣: بایەخ پێنەدان و پشتگوێخستنی پێشبینییەکانی تایبەت... ........ 78
٢ – ٣: ئاسەواری بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە. ........ 81
٣ – ٣: نیشانەکانی چاکبوونەوەی بازاڕ و لێدانی زەنگی مەترسی... ........ 82
٤ – ٣: هۆشداریی پسپۆڕەکان لەبارەی تەنگژەی قەرزە... ........ 88

٥ – ٣: نیشانەکانی هەرەسهێنان لە بازاڕی پێشینە... 92
٦ – ٣: پەرەسەندنی تەنگژەی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان. 97
٧ – ٣: بڵاوبوونەوەی پەرەسەندنی تەنگژە داراییەکان و... 100
سەرچاوە و ژێدەرەکان 104

بەشی چوارەم:
پوختەیەک لە فاکتەر و هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژەی دارایی... 109
١– سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەمەریکا لەبارەی گەشەپێدان و... 111
٢– قەرزە بارمتەییە مەترسیدارەکان. 112
٣– داهێنان و تازەگەرییە داراییەکان لە بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان. 114
٤– لاوازیی سیاسەتە داراییەکانی بانکی ناوەندی ئەمەریکا... 121
٥– لاوازیی سیستەمەکانی چاودێریکردن لە بازاڕی لێکەوتە... 124
سەرچاوە و ژێدەرەکان 134

بەشی پێنجەم:
ڕێکارەکانی دەربازبوون لە تەنگژە: ڕاسپاردەکان و بەربەستەکان و... 135
١– پێویستیی دروستکردنی متمانە. 138
٢ – بەرژەوەندییە نەتەوەیی و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان. 140
٣ – بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم دامەزراندنی داوودەزگای پێویست بۆ ... 146
١ – ٣: نەبوونی کۆدەنگییەکی گشتی لەلای سیاسەتوانەکان... 147
٢ – ٣: بوونی ئیمان و بڕوایەکی تەواو لەبارەی چۆنیەتیی... 149
سەرچاوە و ژێدەرەکان 153
پرۆفایلی دوکتۆر مەسعوود درەخشان 154
فەرهەنگۆکی زاراوە ئابوورییەکان 157

# پێشەکیی نووسەر

تەنگژەی ئابووری کە ئەمڕۆ وڵاتە پیشەسازییەکانی دنیای بە قووڵی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەشێوەیەک کە تەنانەت وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیش لێی بەدەر نەبوون، بۆ یەکەمین جار لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەمەریکا و لە مەسەلەی تەنگژەی قەرزە بارمتەییەکانەوە دەستی پێ کرد و بەخێرایی تۆڕی بانکیی ئەمەریکا و دەزگا و دامەزراوە دڵنیاییەکانی ئەوروپاشی گرتەوە. ئەو تەنگژەیە بەهۆی تەشەنەسەندنی بۆ دەزگا زەبەلاحە داراییەکانەوە، بوو بە تەنگژەیێکی سەرتاپاگیر لە بازاڕە داراییەکان و دابەزینی یەکجار گەورەی پشک و سەنەدات و ڕووخانی بۆرسەکانی لێ کەوتەوە. مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) هەندێک لە بانک و دامەزراوە داراییەکان کە بە ئەنجامێکی سروشتیی ئەو پرۆسەیە هەژمار دەکرێت، بووە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لەناو بازاڕە داراییەکان و هەروەها دابەزینی یەکجار گەورەی کرێدیت(*) و بێ بازاڕیی ئابووری و لە ئەنجامدا بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاریی لێ کەوتەوە. لە بارودۆخێکی وەهادا، هەموو خێزانێک لە هەمبەر داهاتووی ئابووریی خۆی


(*) کرێدیت: بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ سوود وەرگرتن یاخۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەبێ پێدانی دەستبەجێ و خێرای پارەکە و هەروەها مەبەست لە کرێدیتی بانکی ئەو قەرزەیە کە بانکەکان پێشکێش بە قەرزوەرگرەکان و هاووڵاتییان دەکەن. کرێدیتی بانکی و دامەزراوە داراییەکانی تری بواری پێشکێشکردنی قەرز بە بەشێکی گرینگ لە پرۆسەی خستنە ڕووی پارە دادەنرێن و لە ڕوانگەی ئابوورییەوە گرینگی و بایەخێکی یەکجار زۆریان هەیە. – وەرگێڕ –

نیگەران دەبێت و هەوڵ دەدات بەخێرایی ئاستی بەکاربردنی خۆی کەم بکاتەوە کە ئەمەش دابەزینی ئاستی فرۆشتن و کەمبوونەوەی قازانجی دەزگا ئابوورییەکانی لێ دەکەوێتەوە و هەروەها زەمینەش بۆ دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری خۆش دەکات و بە کورتی تەنگژە ئابوورییەکە قووڵتر دەکاتەوە. بۆ دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکیی ئەو تەنگژەیە دەبێ لە سێ کایەدا بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوە بکەین: ڕەواجی ناواقیعیی بازاڕی خانووبەرە لە ئەمەریکا، داهێنان و تازەگەریی دارایی لە پێشکێشکردنی قەرزی بارمتەیی پڕ مەترسی و نەبوونی چاودێریی پێویست لەسەر چۆنیەتیی کار و کردەوەی بۆرسەکان، دەزگا زەبەلاحە داراییەکان و سەوداکارانی بازاڕی جیهانیی سەرمایە.

بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە لە ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ لە ئەمەریکا دەستی پێ کرد و بە خێرایی گەشەی کرد و ڕۆڵێکی گەورەی لە دەربازبوونی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بێ بازاڕیی ئابووری گێڕا، لەبەرئەوەی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە بووە هۆی گەشەکردنی وەبەرهێنان لەو بوارەدا و لە هەمان کاتیشدا زەمینەی بۆ زیادبوونی خواستی خێزانەکان لەسەر کاڵاکانی بەکاربردن و خزمەتگوزاری فەراهەم کرد کە ئەمەش بەرزبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە بوارەکانی تری ئابووریی لێ کەوتەوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی زیادبوونی بەکارخستن و بووژانەوە و گەشەسەندن لە زۆربەی کەرت و سێکتەرە ئابوورییەکاندا، بەمەش نرخی خانووبەرە بە خێراییەکی زیاتر لە جاران بەرز بووەوە و" بڵقی خانووبەرە" لەناو ئابووریی ئەمەریکادا سەری هەڵدا. بەداخەوە کەمتەرخەمیی بەرپرسە دراوی و داراییەکانی ئەمەریکا و پشتگوێخستنی ڕاسپاردە و هۆشداریدانەکانی پسپۆڕە دارایی و ئابوورییەکان لەبارەی "تەقینەوەی ئەو بڵقە"، تەنگژەی دڵنیایی و دارایی و لە ئەنجامیشدا تەنگژەیێکی گەورەی ئابووریی لێ کەوتەوە.

ئێستاکە قەرزە بارمتەییەکان (گرەودار) بۆ کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون،

قـەبارەیـەکی زۆر گـەورەی لە بازاڕی کـرێدیت داگـیـر کـردووە و لە چەندان تریلیـۆن دۆلار تێـپـەڕ دەکـات. لە ڕابردوودا، خـانـووی کـرِدراو تاوەکـو کـاتی دانەوەی تەواوی قەرزەکە، وەکو بارمتە (گرەو) لەلای بانکی قەرزدەر دەمایەوە، هـەر لەبـەر ئـەو هـۆیەش بـوو پێـــدانی ئـەو جـــۆرە قـــەرزانـە نـەدەبووە هـۆی دروسـتـبـوونی تەنگژەیێک لە بـازاڕی کـرێدیتـدا، بەڵام لـەم سـاڵانەی دواییـدا داهێنان و تازەگەرییـە داراییـەکان لە بازاڕی قـەرزە بارمـتـەییـەکاندا بوونە هۆی ئەوەی کـە دەزگـا و دامـەزراوە داراییـە قـەرزدەرەکـان بتـوانن لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی کـاغـەزە نەختینەییـەکان کـە بـە ئامـانجی کـڕینی یەکـــەی نیـــشـــتـــەجـــێـــبـــوون کـــرِدرابوون، بـازاڕێکی هـاوتەریب بۆ قـــەرزە بارمـتـەییـەکان دروست بکەن کە بە "بارمـتەی خـانووبەرە بۆ کاغـەزە داراییـە پشتگیریکراوەکان" یاخۆ MBS ناسراوە.




بەڕێز ئەمیر مەحموود

سڵاو، لەبارەی وەرگێڕانی کتێبی "تەنگژەی داراییی جیهانیی ۲۰۰۸" لەلایەن جەنابت و هەروەها تێبینییەکانی جەنابت لەبارەی وەرنەگێڕانی بەشەکانی تایبەت بەئابووریی ئێران لەو کتێبەدا رازیم.

د. مەسعوود درەخشان

۲۸ی شوباتی ۲۰۱۰

بەشی یەکەم

# بنەما گشتگیر و چەمکە بنەڕەتییەکانی تەنگژە داراییەکان

دەستەواژەی "تەنگژەی دارایی" بە بارودۆخێک دەوترێت کە تێیدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەهای هەندێک لە داراییەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەناو دەچێت. بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە زۆربەی تەنگژە داراییەکان لە تەنگژەی تۆڕە بانکییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و لە ئەنجامدا بێ بازاڕیی ئابووری و تەنگژەی بێکاری بەرهەم دەهێنن. هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان و تەقینەوەی بڵقە داراییەکان و تەنگژەکانی سەرچاوەگرتوو لە نرخە دراوییەکان و بێ توانایی حکوومەتەکان لە دانەوەی قەرزی گەورەی دەرەکی بەچەند نموونەیەکی ڕاستەقینەی تەنگژە داراییەکان دەژمێردرێن.

لە خوارەوە بە شێوەیەکی گشتی تاوتوێی هەندێک لە جۆرەکانی تەنگژە داراییەکان دەکەین:

١- تەنگژە بانکییەکان

هەر کاتێک سپاردەکاران لە بانکێکی بازرگانی لەبەر هەر هۆیەک متمانەیان بەو بانکە نەمێنێ و بڕیاری کێشانەوەی سپاردەکانیان بدەن بانکەکە توانای وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەیان نامێنێ لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لەو سپاردانە بۆ پێشکێشکردنی کرێدیت تەرخان کراوە. هەر بۆیەش نەختینەیی بەردەستی بانکەکان بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی سپاردەکان کەمترە. ئەم حاڵەتە بە "هێرشی بانکی"[١] ناوزەد دەکرێت کە لەوانەیە لە ئاکامدا مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) بانکەکەی لێ بکەوێتەوە.

(1) Bank run

ئاشکرایە ئەگەر سپاردە و پارەی سپاردەکاران لەلای دەزگاکانی بیمە، پشتگیری و تۆمار نەکرابێت تووشی زەرەر و زیانێکی گەورە دەبن. کاتێک کە ئەم حاڵەتە لە بانکێکەوە بۆ بانکەکانی تر دەگوازرێتەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی تەنگژەی سیستەمی کە بە " شپرزەییی بانکی[١]" ناسراوە. لەو کاتانەی کە هێرشە بانکییەکە بەرفراوان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بانکەکە کێشەی لەبەر دەستنەبوونی نەختینەیی پێویستی هەبێت و ئامادەییی پێشکێشکردنی کریدیتی پێویستی نەبێت، بۆ ئەو حاڵەتە دەستەواژەی "هەرەسهێنانی کریدیت"[٢] بەکار دەهێنرێت.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەک لەو حاڵەتانەن:

هێرشی بانکی بۆ سەر" بانکی ئەمەریکا"[٣] لە ساڵی ١٩٣١، تەنگژەی ئاسانکاریی کریدیتی لە ساڵانی هەشتاکان لە ئەمەریکا کە بووە هۆی هەرەسهێنانی کریدیت و زەمینەی بۆ بێ بازاڕیی ئابووریی ئەمەریکا لە ساڵەکانی ٩١- ٩٠ خۆش کرد، هێرشی بانکی بۆ سەر بانکی "نۆرسرن ڕاک"[٤] لە ئینگلتەرا لە ساڵی ٢٠٠٧ کە لە میانی ئەم تەنگژە داراییییەی ئەو دواییەدا ڕووی دا، مایەپووچبوونی بانکی "بییەر ستەرنز"[٥] لە ساڵی ٢٠٠٨ کە ئەویش لە سەروبەندی ئەو تەنگژە داراییییەی ئەم دواییەدا ڕووی دا.

٢- تەنگژە داراییەکانی سەرچاوە گرتوو لە بڵقەکانی ئاڵوگۆڕی حەواڵە[٦] و تەنگژە دراوییەکان

بەپێی پێناسەکەی، هەر کاتێک نرخی سامانێکی دارایی لە بەهای ئەو دەرامەتەی لە داهاتوودا و بە درێژاییی تەمەنی خۆی دروستی دەکات، تێپەڕ

(1) Banking panic

(2) Credit Crunch .

(3) Bank of United States .

(4) Northern Rock .

(5) Bear Sterns .

(6) Speculative Bubbles .

بکات، دەڵێن ئەو سامانە بووەتە هۆی دروستبوونی بڵقێک.

ئەگەر هاندەری سەرەکیی زۆربەی ئاڵوگۆڕکارانی بازاڕەکان لە کڕینی سامانێکی دیاریکراو ئەوە بێت کە دواتر بە نرخێکی گرانتر بیفرۆشنەوە و بەهیچ شێوەیەک گرینگی بەوە نەدەن کە ئەو سامانە بە درێژاییی تەمەنی خۆی لەوانەیە چ داهاتێک بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر بکات، لەو حاڵەتەدا دەڵێن "بڵقێک خەریکی دروستبوونە". لە کاتی دروستبوونی ئەو بڵقە بەردەوام مەترسیی ڕووخان و هەرەسهێنانی نرخەکانی لێ دەکرێت. لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا، ئاڵوگۆڕکاران تا ئەو کاتە لە کاری کڕین بەردەوام دەبن کە پێشبینیی ئەوە بکەن کە خەڵکانێکی تریش هاوشێوەی ئەوان خەریکی کڕینی ئەو جۆرە داراییيانەن. هەر بۆیەش کاتێک کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاڵوگۆڕکاران بەپێی هەلومەرجی بازاڕ و پێشبینییەکانیان بۆ داهاتوو، بڕیاری فرۆشتنی ئەو جۆرە داراییيانە بدەن، نرخەکان دابەزینێکی لە ناکاو و بەرچاو بەخۆوە دەبینن. هەڵبەت دەستنیشانکردنی کاتی دروستبوونی ئەو جۆرە بڵقانە زۆر ورد و دیاریکراو نییە، چونکە ناکرێت نرخی سامانە داراییيەکان (وەکو پشکەکان و جۆرەکانی تری کاغەزە بەهادارەکان) بەپشتبەستن بە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی سیستەمی بازاڕ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بە تەواوەتی دیاری بکرێن.

هەرەسهێنانی وال ستریت[1] لە ساڵی ١٩٢٩ نموونەیەکی بەناوبانگی تەقینەوەی بڵقی پشکەکان لە ئەمەریکایە. بڵقی کەرتی خانووبەرە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ژاپۆن، بڵقی کۆمپانیا تەکنەلۆجییەکانی[2] وەکو ئامازۆن و AOL لە ساڵەکانی ٢٠٠١ – ٢٠٠٢ و بڵقەکانی بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٦ چەندان نموونەی ئەو جۆرە بڵقانەن.

(١) Wall Street ناوی شەقامێکە لە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا کە بە ناوەندی داراییی نیویۆرک ناسراوە.

(٢) بە dot.com bubble ناسراوە.

هەر کاتێک وڵاتێکی دیاریکراو نرخێکی نەگۆڕ بۆ دراوەکەی هەڵبژێرێت و بەهای دراوی نیشتمانیی خۆی بەهۆی چەندان هۆکار بۆ نموونە وەکو نیگەرانیی لە ئاڵوگۆڕی حەواڵە (سەفتەجە) کەم بکاتەوە، لەو حاڵەتەدا دەڵێن ئەو وڵاتە تووشی تەنگژەی دراوی یاخــــود تووشی تەنگژەی تەرازووی پێدراوەکان بووە. لە ساڵەکانی ١٩٩٢– ١٩٩٣هەندێک لە وڵاتە ئەندامەکانی یەکەتیی ئەوروپا کە لەسەر "میکانیزمی نرخی دراوی یەکەتیی ئەوروپا"[1] ڕێک کەوتبوون، ناچار بوون بەهای دراوی نیشتمانیی خۆیان کەم بکەنەوە و بەمەش لە چوارچێوەی میکانیزمی ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان لابدەن. تەنگژەی دراویی ئاسیا لە ساڵەکانی ١٩٩٧– ١٩٩٨ و تەنگژەی داراییی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٩٨ کە بووە هۆی دابەزینی بەهای ڕووبل و وای کرد کە حکوومەتی ڕووسیا نەتوانێت قەرزە دەرەکییەکانی خۆی بداتەوە، دوو نموونەی تری تەنگژە دراوییەکانن.

٣– سستی و بێ بازاڕیی ئابووری

دەستەواژەی "سستیی ئابووری"[2] بەو حاڵەتە دەگوترێت کە نزمبوونی ئاستی گەشەی ئابووری بۆ چەندان خولی سێ مانگی درێژەی هەبێت و لە حاڵەتێکدا کە ئەو خولە زەمەنییە زیاتر درێژەی هەبوو لەو حاڵەتەدا زاراوەی "بێ بازاڕی ئابووری[3]" بەکار دەهێنرێت. لەو کاتانەشدا کە شێوەی گەشەکردنی ئابووری بۆ ماوەیەک لەسەرخۆ و هێواش، بەڵام نانێگەتیڤ بێت بە حاڵەتی "مەندیی ئابووری"[4] ناوزەد دەکرێت. سێ حاڵەتی سستی، بێ بازاڕی، مەندیی ئابووری ناچنە خانەی تەنگژە داراییەکانەوە، لەبەرئەوەی کە بێجگە لە بازاڕە داراییەکان، کاریگەری لەسەر بازاڕەکانی تریش دادەنێن. زۆربەی ئابووریناسەکان لەو بڕوایەدان کە سەرهەڵدانی ئەو جۆرە حاڵەتانەش

(1) European Exchange Rate Mechanism .

(2) Economic Recession

(3) Economic Depression.

(4) Economic Stagnation.

هەر لەژێر کاریگەری و لە ئەنجامی ڕوودانی تەنگژە داراییەکانەوە ڕوویان داوە. بۆ نموونە بێ بازاڕیی گەورەی ئابووری لە سالآنی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا دوا بەدوای ڕوودانی چەندان تەنگژەی دارایی وەکو هێرشی بانکی و هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان سەری هەڵدا.

" تەنگژەی پێشینەی بارمتەییە مەترسیدارەکان"[1] و تەقینەوەی بڵقی خانووبەرە لە ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ زەمینەی بۆ بێ بازاڕیی ئابووری لە ئەمەریکا و زۆربەی وڵاتەکانی تر خۆش کردووە.

هەندێک لە ئابووریناسان بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە بیر دەکەنەوە و پێیان وایە تەنگژە داراییەکان لە ئەنجامی دەرکەوتنی حاڵەتی سستی یاخۆ حاڵەتی بێ بازاڕیی ئابووری سەریان هەڵداوە. هەرچەندە هەندێک کەسیش پێیان وایە کە تەنانەت ئەگەر تەنگژەی داراییش بە هۆکار و داینەمۆی دروستبوونی سستیی ئابووری بزانین، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک فاکتەری تر بێجگە لە فاکتەرە داراییەکان هەن کە ڕۆڵێکی گرینگتریان لە درێژبوون و ڕوودانی بێ بازاڕیی ئابووریدا هەیە.

٤- زەمینە و هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژە لە بازاڕە داراییەکاندا

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی هەندێک لە گرینگترین ئەو هۆکارانەی کە زەمینە بۆ دروستبوونی تەنگژەکان خۆش دەکەن، بە شێوەی خوارەوە تاوتوێ بکەین:

٤-١: هەڵسوکەوتی ئاڵوگۆڕکاران لە بازاڕە داراییەکان و ئەقڵیەتی کۆ.

دەکرێ دوو هۆکاری "تێبینییە ستراتیجییەکان"[2] یاخۆ "ڕەهەندی ڕەنگدانەوەیی"[3] لە نێوان ئاڵوگۆڕکاران بە فاکتەرە سەرەکییەکانی

---

(1) Subprime Mortgage Crisis.

(2) Strategic Complementarities.

(3) Reflexivity.

دروستبوونی تەنگژە لە بازاڕە داراییەکاندا لە قەڵەم بدرێن.

باکگراوند و ڕەوتی مێژوویی بازاڕە داراییەکان ئەوە نیشان دەدات کە هەموو ئاڵوگۆڕکارێک بەپێی پێشبینی و مەزەندەی خۆی لەبارەی نیاز و ئامانجی ئاڵوگۆڕکارەکانی تر، بنەمای ستراتیجیی خۆی دادەڕێژێت. جۆرج سۆرێسیش(١) ئەو پێویستییە دەروونییەی ئاڵوگۆڕکاران (مەزەندەکردنی مەبەست و مەرامی ئاڵوگۆڕکارەکانی تر) بە "ڕەهەندی ڕەنگدانەوەیی" ناو دەبات. بەر لە سۆرێسیش جۆن مایناردکینز(٢) بنیاتنەری ئابووریی نوێ، ئەو ڕەهەندەی لە چوارچێوەی نموونەیەکدا زۆر بە جوانی شی کردووەتەوە و دەڵێت: هەڵسوکەوتی ئاڵوگۆڕکارەکانی بازاڕە داراییەکان وەکو هەڵسوکەوتی ئەو خاتوونانە وایە کە لە پێشبڕکێی شاجوانەکاندا بەشداری دەکەن، لەو پێشبڕکێیەدا هەموو بەشداربوویێک هەوڵ دەدات پێشبینیی ئەوە بکات کە بەشداربووەکانی تر چ کەسێک وەکو جوانترین بەشداربوو (شاجوان) هەڵدەبژێرن؟

لە نموونەکانی تری تێبینییە ستراتیجییەکان لەلایەن ئاڵوگۆڕکارانی بازاڕە داراییەکان، دەتوانین ئاماژە بە پەیڕەوکردنی ستراتیجییە مەیدانییەکان بدەین کە بەپێی پێشبینیی ستراتیجی و لەلایەن ئاڵوگۆڕکارەکانی ترەوە دەگیرێتە بەر. بۆ نموونە ئاڵوگۆڕکارێک بهێننە بەرچاوتان کە پێی وایە وەبەرهێنەرەکانی تر بە نیازی کڕینی یەنی ژاپۆنن، ئەو کەسە بەپێی لێکدانەوەی خۆی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە نرخی یەنی ژاپۆن لە داهاتوودا بەرز دەبێتەوە. لەو ڕووەوە ئەویش بڕیاری کڕینی یەنی ژاپۆن دەدات. لە نموونەیەکی هاوشێوەدا، ئەو کەسانەی کە لە بانکدا حیسابی سپاردەیان هەیە و پێیان وایە سپاردەکارەکانی تر بەهۆی نەمانی متمانە بەو بانکە بە نیازی بەتاڵکردن و کێشانەوەی پارەکانیان لەو بانکەن، ئەوانیش دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە شیمانەی (ئەگەری) مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) ئەو بانکە زۆرە و لەو ڕووەشەوە بڕیاری بەتاڵکردنی حیسابی بانکی خۆیان لەو بانکەدا دەدەن.

له ڕوانگەی دەروونناسی لە بازاڕە داراییەکانەوە دەکرێ بڵێین هەر کاتێک ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاڵوگۆڕکاران یاخۆ دەزگا ئابوورییەکان هاندەرێکی بەهێزیان بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی هاوشێوە هەبێت، لەو کاتەدا ئەو بڕوایە لەلایان دروست دەبێت کە ئاڵوگۆڕکارەکانی تر یاخۆ دەزگا ئابوورییەکانی تریش بڕیارێکی هاوشێوەی ئەوان دەدەن. لە ئابووریی فاینانس (داراییەکان)دا ئەو جۆرە تێڕوانینە بە "پێشبینییەکانی شیاو بۆ وەدیهاتن" ناوزەد دەکرێت. بۆ نموونە هەر کاتێک ئاڵوگۆڕکاران لە ئاستێکی بەرفراواندا بگەنە ئەو ئەنجامەی کە نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە، ئەو کاتە شیمانەی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەبێتە حەقیقەت و نرخی دۆلار بە کردەوەیی لە بازاڕە داراییەکاندا بەرزتر دەبێتەوە. هەر بەهەمان شێوە، هەر کاتێک سپاردەکارانی بانکێک بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو بانکە تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون) دەبێت، شیمانەی ڕوودانی ئەو حاڵەتە لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە و شیمانەی سەرهەڵدانی ئەو حاڵەتە لە واقیعدا یەکجار زۆرە. ئەو حاڵەتانە ئەوە دەسەلمێنن کە چاوەڕوانییەکان و پێشبینی و مەزەندەکانی ئاڵوگۆڕکارانی بازاڕە داراییەکان لەوانەیە سەرچاوەیەکی تەواو هزری و خەیاڵیی هەبێت و لەگەڵ پێوەرە زانستی و لۆجیکییەکاندا نەگونجێت و پشت بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتە حەقیقییەکان نەبەستێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر واقیعدا هەبێت و هەندێک لە بانک و دەزگا ئابوورییەکان بە کردەوەیی تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون) بکات یاخۆ بەلانی کەم بیانخاتە ژێر مەترسییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی بۆ تێبینییە ستراتیجییەکان و ڕەهەندی ڕەنگدانەوەیی، دەستەواژەی "ئەقڵیەتی کۆ" بەکار دەهێنرێت. لە ڕاستیدا ئەو سەوداگەرانەی کە لە بازاڕە داراییەکاندا خەریکی کاری کڕین و فرۆشتنی حەواڵە و سەفتەجەن، وەکو ڕەوە مێگەلێک وان کە کاریان تەنیا شوێنکەوتەییە و ئاراستەی کارکردن و جووڵەی خۆیان بە پاشکۆیەک لە هەڵسوکەوتی ئاژەڵەکانی تر دەزانن. بەو پێیەی کە فاکتەرە بنچینەییەکانی بازاڕ هیچ

جـۆرە کـاریگەرییـەکـیـان لەسـەر چۆنیـەتیی دروسـتـبـوونی ئەو جـۆرە هەڵسوکەوتانەدا نییە، دروستبوونی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە بۆ ئەقڵیەتی کۆ دەگـەڕێنرێتـەوە کـە تەنیـا لە "هەسـتـە خـاوەکـان"ەوە ئاو دەخـواتـەوە و لەوێوە سـەرچاوە دەگـرێت. شـوێنپـێی ئەقـڵـیـەتی کـۆ لـە چۆنیـەتیی هـەڵسـوکـەوتی سەوداگەران لە تەواوی تەنگژە داراییەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا بەدی کراوە.

لەو حـاڵەتانەشـی کـە ئەو جـۆرە تێـڕوانینە هـۆکـار و فـاکـتـەری سـەرەکـیی دروسـتـبـوونـی ئەو جـۆرە تەنـگژانـە نەبـووە، بێ شـک لـە پەرەسـەنـدن و بەرفراوانبوونی تەنگژەکە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

لە لێکۆڵینەوە داراییـیەکاندا، ئەو جـۆرە تێـڕوانینە زیاتر بە دەسـتـەواژەی "مـتـمـانە" ناوی لێ دەبـردرێت. ئاشکرایە کە ئەو حـاڵەتـە دەتوانێ بە دوو دیوی نێگەتیڤ و پۆزەتیـڤدا کـار بکات. هـەر کـاتێک "مـتـمـانە" بەدیوی نێگەتیـڤـدا بڕوات، ئەو کـاتە چالاکـڤـانـانی بازاڕەکـان مـتـمـانەیان بە چۆنیـەتیی دروست کارکردنی بازاڕە داراییەکانەوە نامێنێ، کە ئەمەش زەمینـە بۆ دروستبـوونی تەنگژە خـۆش دەکات بەو شـێوەیەی کـە پێشـتـر باسـمـان کرد، بەڵام ئەگـەر ئەو مـتـمـانەیە بەدیوی پۆزەتیـڤدا کـار بکات، ئەوا چالاکـڤانانی بازاڕەکـان دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێڕەوی نرخەکان ڕوو لە بەرزبوونەوەیە، بۆیەش هەوڵ دەدەن لە دەرفـەتەکـانی بەردەمـیـان بۆ زیـاتر بەرهەمـدارکـردن سـوود وەربگرن، کـە ئەمـەش خـۆی لە خۆیدا دەبێتـە هـۆی بەرزبوونەوەی زیاتـری نرخـەکان و هێـز و توانای چالاکڤانـانی بازاڕەکان لە بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان زیاتر دەکات، کە ئەمەش بەرزبوونەوەی زیاتری نرخـەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەم ڕەوتە تا کاتی دروستبوونی (بڵـقێک) لە بازاڕەکاندا، بەردەوام دەبێت، هەڵبەت دروسـتبـوونی ئەو جـۆرە بڵـقـانەش سـەرەنجام ڕێگە بۆ دروسـتـبـوونی تەنگژەی دارایی خۆش دەکەن.

بەو پێیـەی کە دروستبـوونی ئەو بڵقە پشت بە فـاکتەرە بنەڕەتییـەکانی بازاڕ وەکو خواست و خستنە بازاڕ لە بازاڕە واقیعییەکاندا نابەستێت، هـەر بۆیەش

زوو یا درەنگ ئەو بڵقە تووشی تەقینەوە یاخۆ پووکانەوە و لەناوچوون دەبێت. هەروەک چۆن لە تەنگژەی دارایی ئەمەریکا ئەو حاڵەتە هاتە دی. لە بەشەکانی تری ئەو کتێبەماندا زیاتر تاوتوێی ئەو حاڵەتە دەکەین.

٢-٤: مەترسییە ڕوو لە بەرزبوونەوەکان

هەموو وەبەرهێنەرێک لە بازاڕە دارایی و حەقیقییەکاندا لەژێر مەترسیدایە. "مەترسییە ڕوو لە بەرزبوونەوەکان"[1] لە بازاڕە داراییەکاندا بەهۆکار و سەرچاوەی سەرەکیی تەنگژە داراییەکان دەژمێردرێن.

گریمان وەبەرهێنەرێک یاخۆ دەزگایەکی ئابووری هەڵدەستێت بە کاری وەبەرهێنان ئەویش لە ڕێگەی پاشەکەوتکردن، ئەگەر لە خراپترین حاڵەتدا ئەو پرۆژەی وەبەرهێنانە ڕووبەڕووی شکست ببێتەوە، تەنیا ئەو پاشەکەوتەی کە وەبەرهێنانی پێ ئەنجام دراوە، دەفەوتێ و لە کیس دەچێت، بەواتایەکی تر، وەبەرهێنەر ئەو شتەی هەیبووە لە دەستی دەدات. ئێستا ئەو حاڵەتە بهێننە بەرچاوتان کە ئەو وەبەرهێنەرە بەمەبەستی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی خۆی، لە جیاتی پارەی پاشەکەوتی خۆی، پشت بەسەرچاوەی قەرزوەرگرتن لە بازاڕی دارایی ببەستێت. ئەگەر ئەو پرۆژە وەبەرهێنەرە سەرکەوتوو و بەرهەمدار بوو و قازانجی لێ کەوتەوە، بێگومان قازانجی ئەو وەبەرهێنەرە زیاتر لە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی لە ڕێگەی قەرزوەرگرتن لە بازاڕە داراییەکانەوەیە، نەوەک حاڵەتی یەکەم کە ئەویش بریتی بوو لە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی لە ڕێگەی بەکارهێنانی پاشەکەوتی تاکەکەسی، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە لە حاڵەتی دووەم (دابینکردنی سەرچاوەی دارایی لە ڕێگەی قەرزوەرگرتن لە بازاڕە داراییەکان) ئەگەر پلانی وەبەرهێنان تووشی شکست و هەرەسهێنان ببێتەوە، ئەو کاتە پارەیەکی زیاتر لەوەی کە هەیبووە، لەدەست دەدات. کەواتە، لە ڕێی قەرزوەرگرتن مەترسییەکانی ئەو وەبەرهێنانە بەرز کراوەتەوە. ئەو

(1) Risk Leverage .

میکانیزمە بەهەردوو دیوی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا کار دەکات. بەواتایەکی تر لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئەو وەبەرهێنانە، سوودی وەبەرهێنان زیاترە لەو حاڵەتەی پارەی تێچوونەکانی ئەو وەبەرهێنانە تەنیا لە رێگەی سەرچاوەی پاشەکەوتەوە دابین کرابێت، بە پێچەوانەشەوە لە کاتی شکستهێنان و هەرەسهێنانیش زیانەکانی وەبەرهێنان بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتی سەرچاوەی پاشەکەوتی تاکەکەسی، زۆر زیاتر دەبێت. بەشێوەیەک کە لە حاڵەتی شکستهێنان لەو پرۆژەیەدا کە سەرچاوە داراییەکەی لە رێی قەرزوەرگرتن لە بازاڕە داراییەکانەوە دابین کرابێت، وەبەرهێنەر توانای دانەوەی هەموو قەرزەکانی نابێت.

بێگومان پانتایی و مەودای زیانەکان تەنیا لە کایەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئەو وەبەرهێنەرەدا چڕ نابێتەوە و ئەو وەبەرهێنەر و دەزگا ئابوورییانەش دەگرێتەوە کە سەرچاوەی داراییان بۆ ئەو وەبەرهێنەرە دابین کردووە و بەهەمان شێوە پریشکی ئەو زەرەر و زیانانە بەر ئەوانیش دەکەوێت. مەودای ئەو تەنگژەیە هەر بەوەندەش ناوەستێ و سنوورێکی بەرفراوانتریش دەگرێتە خۆی و ئەو کۆمەڵە و وەبەرهێنەر و دەزگا ئابوورییانەش دەگرێتەوە کە سەرچاوەی داراییان بۆ وەبەرهێنەرەکە دابین کردووە، دیارە ئەو لایەنانەش لە ئاستێکی گەورەتر لەگەڵ کۆمەڵێک وەبەرهێنەر و دەزگای ئابووریی تر پێوەندی و ئاڵوگۆڕیی داراییان هەیە، کە ئەمەش وا دەکات کە تەنینەوەی ئەو تەنگژەیە ئەوانیش بگرێتەوە.

لە حاڵەتێکدا کە لەبەر هەر هۆکارێک، وەبەرهێنەرەکانی دەستەی یەکەم، توێژێکی بەرفراوان پێک بهێنن کە گرفتاری ئەو تەنگژەیە بوونەتەوە، ئەو تەنگژەیە بەخێراییەکی زۆر بۆ وەبەرهێنەرەکانی دەستەی دووەم و سێیەم و ... دەگوازرێتەوە و زەمینەش بۆ تەنگژەیێکی سەرتاپاگیر لە بازاڕە داراییەکاندا خۆش دەکات. هەروەکو ئەو حاڵەتەی کە لە تەنگژەی "کرێدیت"[1] لە بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا ڕووی دا. باسکردنی ئەو حاڵەتە

(1) Credit Crisis .

بۆ بابەتی بەشەکانی تری ئەم کتێبەمان بەجێ دەهێڵین.

له لێکۆڵینەوه و تاوتوێکردنی تەنگژه داراییەکانەوه، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەر لە سەرهەڵدانی تەنگژە کرێدیت و داراییەکانیش، بوونی مەترسییە ڕوو لە بەرزبوونەکان لە بازاڕە داراییەکاندا دەستی پێ دەکرا. بۆ نموونە، قەرزوەرگرتن بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بەمەبەستی وەبەرهێنان لە بازاڕی پشکەکان کە بە "کڕین بەشێوەی قەرز"[1] ناسراوە. ئەو حاڵەتە بەر لە هەرەسهێنانی گەورەی وال ستریت لە ساڵی ١٩٢٩ بە تەواوەتی باو بوو و تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند و بەرفراوانتر دەبوو. ئەو بارودۆخە، لە تەنگژەی ئەو دواییەی بازاڕی (پێشینە بارمتەدارەکان)ی بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکاش تۆمار کراوە.

٣-٤: نەگونجان و یەکنەگرتنی مەترسی و ڕیسکی نێوان دارایی و قەرزەکان

هەر کاتێک ڕیسک و مەترسییەکانی تایبەت بە قەرزەکانی دەزگایەکی ئابووری لەگەڵ ڕیسک و مەترسیی تایبەت بە قەرزەکان هاوسەنگ نەبێت، لەو حاڵەتەدا دەڵێن ڕیسک یاخۆ مەترسیی نەگونجانی دارایی و قەرزەکان لە ئارادایە. ئەگەر هاتوو ئەو ڕیسکە لە پانتاییەکی بەرفراوان لەناو دەزگا ئابوورییەکاندا ڕووی دا، ئەو کاتە بازاڕە داراییەکان هەڕەشەی تووشبوون بە تەنگژەیان لێ دەکرێت. بۆ نموونە بانکێکی بازرگانی کە لە ڕێگەی حیسابەکانی پاشەکەوتەوە، سەرچاوەی دارایی بۆ پێشکێشکردنی پێشینەی درێژخایەن دابین دەکات، لەو کاتەدا خاوەنی حیسابی پاشەکەوت دەتوانێت هەر کاتێک بیەوێت پارە لە حیسابی خۆی ڕابکێشێت، بەڵام ئەو بانکەی کە پێشینەی درێژخایەنی پێشکێش بە خەڵک کردووە، ناتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا پارەی ئەو پێشینەیەی کە پێشکێشی کردووە وەربگرێتەوە و بەمەش ناتوانێت وەڵامی خاوەنەکانی حیسابە پاشەکەوتەکان بداتەوە، بۆیە بە سەختی دەکەوێتە ژێر مەترسیی نەگونجانی دارایی و قەرزەکانەوە.

---

(1) Margin Buying

له ڕاستیدا نەگونجانی قەرزە کورتخایەنەکانی بانکەکان کە هەمان حیسابە پاشەکەوتەکانن، لەگەڵ داراییە درێژخایەنەکانی بانکەکان کە بە پێشینە بارمتەدارەکان ناسراون، بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هێرشی بانکی لە کاتی دروستبوونی نیگەرانی لە نێوان خاوەنەکانی حیسابە پاشەکەوتەکاندا دەژمێردرێت. چونکە لەو حاڵەتەدا خاوەنەکانی حیسابە پاشەکەوتەکان بەخێرایی هەوڵی بەتاڵکردن و کێشانەوەی هەموو پارەکانی حیسابەکانیان دەدەن، بە شێوەیەک کە بانکەکە توانای پێدانەوەی پارەی ئەو خەڵکەی لە ڕێگەی وەرگرتنەوە و گەڕانەوەی پێشینە بارمتەدارەکانەوە نامێنێ. بۆ نموونە هەرەسهێنانی بانکی "بییەر ستێرنز"[1] لە میانی ئەم تەنگژەی ئێستای دارایی ئەمەریکا ڕێک بەو هۆیەوە بوو، لەبەرئەوەی بانکەکە نەیتوانی ئەو قەرزە کورتخایەنانەی کە لە ئەستۆیدا بوون لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا بداتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم قەرزەی بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ وەبەرهێنانە درێژخایەنەکان لە بواری ئاڵوگۆڕی "بەڵگەنامە داراییەکانی پێشینە بارمتەدارەکاندا"[2] بەکار هێنابوو.

نەگونجانی مەترسیی نێوان قەرز و داراییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چەندان جار ڕووی داوە. بۆ نموونە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ناو سیستەمی ئابووریی بازاڕەوە، حکوومەتەکانیان نەیانتوانیوە ئەو بەڵگەنامە داراییانەی کە بەپێی دراوی نیشتمانیی خۆیان لە چاپیان داوە، بفرۆشن، بۆیە ناچارن ئەو بەڵگەنامە داراییانە بەپێی پێوەری دۆلار لە چاپ بدەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو حکوومەتانە بکەونە ژێر مەترسیی نەگونجانی ڕیسکی نێوان قەرز و داراییەکانەوە. چونکە سەرچاوەی داراییی ئەو حکوومەتانە زیاتر لە ڕێی وەرگرتنی باجەکانەوە دابین دەکرێت و بەپێی دراوی نیشتمانیی خۆیانە، کەچی قەرزەکان واتا ئەو قەرزانەی کە لە ئەستۆیاندایە و دەبێ بیدەنەوە،

(1) Bear Sterns

(2) Mortgage Securities .

هەمان ئەو بەڵگەنامە داراییيانەن كە بەپێی پێوەری دۆلار لە چاپ دراون. هەر ئەمەشە كە وای كردووە ئەو حكوومەتانە بكەونە ژێر مەترسیی پاشگەزبوونەوە و "بێ توانایی لە دانەوە و بەجێگەیاندنی بەڵێنە حكوومەتییەكان"[1] كە لە ئابووریی سیستەمە داراییيەكان بە (نكول) ناسراوە. بەتایبەتیش ئەگەر گۆڕینی نرخی دراو لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەشكێتەوە، ئەو مەترسییە زیاتر دەبێتەوە.(٤)

٤-٤: سستی و لاوازی لە ڕێكخستنی بازاڕە داراییيەكان

یەكێك لە گرینگترین هۆكارەكانی سەرهەڵدان و دروستبوونی تەنگژە داراییيەكان لاوازی و سستیی حكوومەتەكان لە ڕێكخستنی بازاڕە داراییيەكانە. ئەگەر تەنگژە داراییيەكان ببنە هۆی دروستبوونی بێ بازاڕیی ئابووری، بە هەڕەشە و مەترسییەكی زۆر جیدی بۆ سەر ئەو حكوومەتانە لە قەڵەم دەدرێن. لەو ڕووەوە حكوومەتەكان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ڕێگری لە بەردەم دروستبوونی تەنگژە داراییيەكاندا دروست بكەن، یاخۆ بەلانی كەم لە كاریگەرییە نێگەتیڤەكانی ئەو جۆرە تەنگژانە كەم بكەنەوە. ئەو ڕێكارانەی كە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەگیرێنە بەر، جۆراوجۆرن و بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ. پەیڕەوكردنی بنەمای شەفافییەت

حكوومەتە گەشەسەندووەكان بەردەوام تێ دەكۆشن كە ڕەوشی داراییی دامەزراوە ئابوورییەكانیان بۆ بەردەم ڕای گشتی و هاووڵاتییانی خۆیان ڕوون بكەنەوە تاوەكو شێمانەی ڕوودانی هەڵوێستی ئەقڵییەتی كۆ لەلایەن ئەو بەڕێوەبەر و وەبەرهێنەرانەی كە لە بواری ئاڵوگۆڕ و سەوداگەریی كڕین و فرۆشتنی بەڵگەنامە داراییيەكاندا كار دەكەن، كەم بكەنەوە. چونكە ئەو كەسانە لە بازاڕە داراییيەكاندا بە سەرچاوە و فاكتەری دروستبوونی ڕیسك و مەترسی لە قەڵەم دەدرێن. بۆ ئەو مەبەستەش حكوومەتەكان داوا لە هەموو

(1) Sovereign Default .

چالاکڤانانی بازاڕ و دەزگا ئابوورییەکان دەکەن کە ڕەوشی دارایی خۆیان بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و شەفاف و بە گوێرەی پێوەر و میتۆدە ستاندەرەکان بە حکوومەتەکانیان ڕابگەیەنن.

ب. سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئەو ڕێوشوێنانەی کە شیمانەی مەترسیی ڕوو لە بەرزبونەوەیان لێ دەکرێت.

یەکێک لە ئامرازەکانی تر کە بۆ ڕێکخستنی بازارە داراییەکان لەبەردەستی حکوومەتەکاندایە، ئەوەیە کە دڵنیا بن لەوەی کە بنکە ئابوورییەکان، دارایی پێویستیان بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنە داراییەکانی خۆیان لە بەردەستدایە. بۆ ئەو مەبەستەش چەندان ڕێوشوێن دەگرنە بەر، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

دیاریکردن و دەستنیشانکردنی پاشەکەوتە یاساییەکان، دیاریکردنی لانی کەمی سەرمایە، دانانی بەربەست و لەمپەری جیدی لە بەردەم دروستبوونی ڕیسک و مەترسی، ڕێگەگرتن لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی مەترسی یاخۆ ڕیسکی ڕوو لە بەرزبوونەوە.

لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا زیاتر شرۆڤە و تاوتوێی ئەو بابەتە دەکەین کە نەبوونی دەزگا و دامەزراوەی چاودێریکردن و بەدواداچوون بەسەر بازاڕی سەرمایە و هەروەها لە چاپدانی کاغەزە بەهادارەکان[1] بۆ دروستکردنی بنەما و پایەیەک بۆ کرێدیتەکان و هەروەها بوونی کەموکورتی لە بەڕێوەبردن و کاریگەری و ئاسەواری خراپ بەکارهێنان لێکەوتە (داتاشراوە) داراییەکان کە لە بازاڕی کاغەزە داراییەکاندا باو بووبوون، هەموو ئەوانە ڕۆڵێکی سەرەکی و گرینگیان لە دروستبوونی تەنگژەی ئابووریی ئەمەریکا و هەروەها گواستنەوە و تەشەنەکردنی بۆ بازارە ئەوروپایی و ئاسیاییەکاندا هەبووە. لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایەمان تەنیا پێویستە ئاماژە بە قسەی بەڕێوەبەری سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، دۆمینیک شتراوس[2] بدەین کە

(1) Securitization.

(2) Domonique Strauses - Kahn.

لەبارەی هۆکـاری دروسـتـبـوونی تەنگژەی دارایـی سـاڵی ٢٠٠٨ دەڵێت: "شکستـهێنان لە میکانیزمی ڕێکخستنەوەی سیستـەمی بازاڕ بە مـەبەستی ڕێگەگرتن لە زێدەڕۆیی و زیادبوونی ئەو سـیـسـتـەمـە داراییـیـانەی بازاڕی دارایی ئەمـەریکا کـە توانای دروسـتکردنـی ڕیسک و مـەترسـیـان هەیە، بە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی تەنگژەی دارایی ئەمەریکا دادەنرێت".[١]

هـەندێک کـەس لەو باوەڕەدان کە لادان لە ڕێساکانی بازاڕی" گۆڕینـەوەکانی تایبـەت بە پاشگەزبوونەوە لە دانەوەی کـرێدیتـەکـان"[٢] لە "ئاڵوگـۆڕەکـانی لێکەوتە داراییەکان"[٣] هۆکار و فاکتەری سەرەکیی ئەو تەنگژەیەیە.

جـێی وەبیـرهـێنانـەوەیە کـە ئەنجـامـدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئاڵوگـۆڕی لێکەوتـە داراییـەکان و نەبوونـی چاودێریی پێـویست بەسـەر ئەو بازاڕەدا، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ڕەهەندە جـەوهـەرییـەکانی بازاڕە داراییـەکانی سیستـەمی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە نییە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەندێک لە پسـپـۆڕە داراییـیـەکـان لەو بڕوایەدان کـە زێدەڕۆییکردن لە ڕێکخـستن و چاودێریکردنی بازاڕە داراییـیـەکـان، خـۆی لە خۆیدا دەتوانێت ببێتە سەرچاوە و هـۆکاری دروستبـوونی ئەو جۆرە تەنگژانە. بۆ نموونـە زۆربەی کاتـەکان ئەو کەسـانەی کـە چاودێریکردن و بەدواداچوون لەسەر بازاڕە داراییەکاندا دەکەن، ئامۆژگاریی ئەوە دەکەن کە لە بارودۆخی تەنگژە داراییەکاندا، باشتر وایە کـە بانکەکان بڕی پاشەکەوتەکانی خـۆیان بەمـەبەسـتی خـۆئامـادەکـردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاسـەواری ئەو جـۆرە تەنگژانە زیاد بکەن. سیاسەتێکی لەو جـۆرە دەتوانێت ببێتـە هۆی ئەوەی کە بانکەکان قـەبارەی پێشکێشکردنی کرێدیت بۆ خەڵک بـە ڕێژەیەکی بەرچاو و بە خێرایی کەم بکەنەوە کە لە ڕاستـیدا ئەوەش بە حـاڵەتی سنووردارکردن و کـەمکردنەوەی پێـشـکێـشکـردنی سـەرمـایە لە حـاڵەتـی نەبوونی سـەرمـایە

(١) ڕاپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە مێژووی ٢٥ی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨.

(2) Credit Default Swaps

(3) Derivatives Trading

دادەنرێت، کە ئاشکرایە ئەو سیاسەتەش خۆی لە خۆیدا دەتوانێت تەنگژە داراییەکە قووڵتر بکاتەوە.(٥)

٥-٤: ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان

ئەگەر ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان فاکتەری دروستبوونی تەنگژە داراییەکان نەبن، ئەوا بێگومان لە قووڵبوونەوە و فراوانبوونی ئەو جۆرە تەنگژانەدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە. لە زۆر حاڵەتدا، ساختەکاری و گەندەڵییە داراییەکان، بوونەتە هۆی رووخانی دامەزراوە داراییەکان. بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە و نادروست لەبارەی ستراتیجییەتی وەبەرهێنەرەکان و گەورەتر نیشاندانی بڕی قازانجەکانی ئەو جۆرە وەبەرهێنانانە بە ئامانجی ڕاکێشانی قەبارەیەکی بەرچاو لە پاشەکەوتی تاکەکان و هاووڵاتییان و دەزگا ئابوورییەکان، نموونەی ئەو جۆرە ساختەکاری و شاردنەوەی ڕاستییەکانە. بۆ نموونە هەرەسهێنانی سندووقی وەبەرهێنانی MMM لە ڕووسیا لە ساڵی ١٩٩٤ نموونەیەکی ئەو جۆرە ساختەکارییانەیە.

لێکۆڵینەوەکان لەبارەی هۆکارەکانی هەرەسهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا ئابوورییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە "بەڕێوەبەرانی ناسراو بە بەڕێوەبەرانی ڕیسک و مەترسی" و هەڵسووڕێنەرانی پارە و کرێدیت لە دەزگا داراییەکان، هەندێک لە ستراتیجییەکانی تایبەت بە ئاڵوگۆڕی بەڵگەنامە داراییەکانیان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی قازانجی زیاتر بۆ دەزگاکانیان بە ئەنقەست شاردووەتەوە تاوەکو لە پەراوێزی ئەو کارەدا بتوانن قازانجێکی زیاتر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، کە ئەمەش دەتوانێت زیانێکی زۆر بەو جۆرە دەزگایانە بگەیەنێت و تا ڕادەیەکی زۆر بیانخاتە ژێر مەترسییەوە. لەلایەکی تر، دەتوانین بوونی ساختەکاری و گەندەڵیی دارایی، لە ڕێوشوێن و چۆنیەتیی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پێشینە بارمتەدارەکان بە تایبەتی لە "بازاڕی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان"(١)، بەیەکێک لە هۆکارەکانی

(1) Subprime Mortgage Market

ڕوودانی تەنگژەی ئەو دواییەی ئابووریی ئەمەریکا لە قەڵەم بدەین. چونکە لە مـــێـــژووی ٢٣ی مـــانگی ئەیلوولی ســـاڵی ٢٠٠٨ هەندێک لە بەرپرســـە حکوومەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایان گەیاند کە پۆلیسی ئەمەریکا FBI خەریکی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵییە داراییەکانی کۆمپانیاکانی چالاک لە بواری دابینکردنی سەرچاوەی دارایی وەکو "فەنی مەی"[١] و "فرێدی مەک"[٢] و "لیمەن برادرز"[٣] و هەروەها گەورە کۆمپانیای بیمەی " AIG".[٤]

٦-٤: ئێکۆپاتی[٥]

ئێکۆپاتی زاراوەیەکـــە کـــە ئەلیـــازۆن[٦] زانای دەروونناسی بەرەچەڵەک سوێدی دایناوە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، زاراوەی ئێکۆپاتی چەمکێکە کە بۆ هۆشمەندی و بیرتیژیی ئابووری و هەروەها بەدیوێکی تر زیادەخوازی و فراوانخوازی ئابووریی بەکار دەهێنرێت، کە بە خێراییەکی زۆر سنوور ناسراوەکان دەبەزێنێ. لە ڕاستیدا ئێکۆپاتی بە هەموو جۆرە هەنگاوێک دەوترێت کە بەبێ ڕەچاوکردنی بەها و فاکتەرە مۆڕالییەکان دەهاوێژرێت. لە حاڵەتی ئێکۆپاتیدا،" فراوانخوازی "فاکتەری سەرەکییە و چوارچێوە و سنوورێکی دیاریکراوی نییە. وەکو زێدەخوازی خووگرتووانی مادە هۆشبەرەکان یاخۆ هەڵسوکەوت و ئاکاری نائەخلاقییانەی ئەو کەسانەی کە بەها و پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان پێشێل دەکەن. لەوانەیە حاڵەتی ئێکۆپاتی هەم لەو کەسانەدا کە "شپرزەیی کەسایەتی"[٧]یان هەیە و هەمیش لەو

---

(1) Fannie Mae

(2) Freddie Mac.

(3) Lehman Brothers.

(4) AIG :American International Group.

(5) Ecopaty = Ekopati.

(6) Eliazon . A . Torbjorn K.

(7) Personality Disorder.

ڕێکخراوانەدا کە ئەو ڕەهەندە بەشێوەیەکی سیستەماتیک لە پرۆسەی کار و چالاکییەکانیاندایە، بەدی بکرێت. ژمارەیەکی زۆر لە تەنگژە داراییەکان، چ ئەوانەی کە بەهۆی هەڵسوکەوت و ستراتیجییەکانی بەڕێوەبەرانی ڕیسک و سەوداگەرانی کاغەزە داراییەکان و چ ئەوانەی کە بەهۆی شێواز و چۆنیەتیی کارکردنی دەزگا ئابوورییەکانەوە ڕەگیان داکوتاوە، دەکرێ لە ڕێی چەمکی ئێکۆپاتییەوە تەفسیر و خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

٤-٧: تەنگژەکانی شیاو بۆ گواستنەوە و ڕیسک و مەترسییە سیستەمییەکان

"تەنگژەکانی شیاو بۆ گواستنەوە"[١] ئاماژەیەکە بۆ ئەو بارودۆخەی کە تێیدا تەنگژە داراییەکان لە دەزگایەکی داراییەوە بۆ دەزگاکانی تر بگوازرێتەوە. هێرشە بانکییەکان لە یەک یا چەند بانک بۆ بانکەکانی تر بۆ بەتاڵکردنی سپاردەکان و یاخۆ لە بانکێکی وڵاتێکی دیاریکراو بۆ یەک یا چەندان بانک لە وڵاتەکانی تر یاخۆ گواستنەوەی تەنگژە داراییەکان و (نکول) و پاشگەزبوونەوە لە دانەوەی قەرزە حکوومەتییەکان و هەرەسهێنانی بازاڕی بۆرسە و پشکەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتەکانی تر، چەندان نموونەی ئەو جۆرە تەنگژانەن کە توانای تەشەنەکردن و گواستنەوەیان هەیە. لە لێکۆڵینەوە داراییەکاندا،" ڕیسک یا مەترسیی سیستەمی"[٢] بەبارودۆخێک دەوترێت کە تێیدا هەرەسهێنانی دەزگا و دامەزراوەیەکی دارایی دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا داراییەکانی تر. دەتوانین پەرەسەندن و فراوانبوونی تەنگژەی داراییی تایلەند لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ وڵاتە دراوسێکانی خۆی وەکو کۆریای باشوور وەکو نموونەیەک بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئاماژەمان پێ دا، باس بکەین.

ئاخۆ دەکرێ لەگەڵ ڕوودانی تەنگژە داراییەکان لە چەندان وڵات لە یەک کاتدا بگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنگژەکە لە بازاڕێکەوە بۆ بازاڕەکانی تر

(1) Contagion.

(2) System Risk.

گوازراوەتەوە یاخۆ سەرچاوەی ڕوودانی تەنگژەکە لە هەر یەک لەو وڵاتانە بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە کە توانای خوڵقاندن و دروستکردنی تەنگژەیان بەبێ بوونی هیچ جۆرە پێوەندییەکی نێودەوڵەتی هەبووە؟ ئەو پرسیارە زیاتر لە چوارچێوەی تیۆرییە ئابوورییەکاندا وەڵام دەدرێتەوە. بۆیە بەر لەوەی لە هاوکاتبوونی ڕوودانی تەنگژەکان بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو جۆرە تەنگژانە توانای گواستنەوە و فراوانبوون و پەرەسەندنیان هەیە، پێویستە ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی تەنگژەکان لە هەریەک لە وڵاتەکان و بە شێوەیەکی جیاجیا، بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

بەر لە کۆتاییهێنان بەو بابەتە، پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەین کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە، هەندێک لە تەنگژە داراییەکان هەر لە بنەڕەتدا بۆ بەشی واقیعی ئابووری ناگوازرێنەوە. وەکو هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان لە ساڵی ١٩٨٧ لە نیویۆرک.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە بۆچی تەنگژە داراییەکان دەتوانن ببنە هۆی دروستبوونی سستی و بێ بازاڕی لەناو بەشی واقیعی ئابووریدا، چەندان تیۆری و بیردۆز هەن. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە تیۆرییەکانی "خێراکردنی دارایی"[1] و مۆدێلی "کیۆتارکی و مۆر"[2] بدەین. هەروەها بە یارمەتیی ئەو مۆدێلانەی کە بە" نەوەی سێیەم" ناسراون، کە بۆ شیکردنەوەی تەنگژە دراوییەکان داڕێژراون، دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەڵێت: بۆچی و لەژێر چ بارودۆخێکدا ڕوودانی هاوزەمانی تەنگژە دراوی و بانکییەکان دەتوانن ببنە هۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی سستی و بێ بازاڕیی ئابووری؟(٦)

لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەو بابەتە کە تایبەتە بە شیکردنەوەی ئەو مۆدێل و تیۆرییانە، بابەتی ئەم کتێبەی ئێمە نییە، بۆیە ناتوانین زیاتر لەسەری بوەستین.

---

(1) Financial Acceleration.

(2) Kiyotarki-Moore Model.

٥- تیۆرییەکانی تەنگژەی دارایی

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە چۆن دەتوانین سەرهەڵدان و گەشەکردن و لەناوچوونی تەنگژە دارایی و ئابوورییەکانی سیستەمی سەرمایەداری تەفسیر بکەین، ئابووریناسەکان هەوڵ و کۆششێکی زۆریان داوە.

دەستەیەک لە زانایانی زانستی ئابووری ویستوویانە لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی درێژایی قۆناغەکانی تەنگژەکان و ماوەی زەمەنی و بەگوێرەی یەک لە دوای یەک هاتنیان، چەندان مۆدێلی ماتماتیکی و ئاماریی گونجاو ئامادە بکەن کە سەرەڕای شیکردنەوەی تەنگژەکانی ڕابردوو، هەروەها بتوانێت تەنگژەکانی داهاتووش پێشبینی و مەزەندە بکات. ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە زیاتر لە کایەی " تیۆرییەکانی سیستەمە جیهانییەکان"(١) و بۆچوونەکانی کەسانی وەکو فرانک و ڤالرشتاین(٢) ئەنجام دراون. سوورەکانی کۆندراتیف(٣) بە تایبەتی شەپۆلەکانی ناسراو بە شەپۆلەکانی ٥٠ ساڵەی کۆندراتیف(*)، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەپێدانی ئەو جۆرە

(1) World Systems Theory.

(2) Andre Gunder Frank and Immanuel Wallerstein.

(3) Nikol Kondratiev Cycle.

(*) شەپۆلەکانی کۆندراتیف: بریتییە لە زنجیرەیەک لە شەپۆلە درێژخایەنەکانی هەڵکشان و داکشانی ئابووری کە بەناوی ئابووریناسی ڕووسیایی "دی کۆندراتیف" ناونراوە. خولەکانی کۆندراتیف، لە شەپۆلەکانی نرخەکان و بەرهەمهێنان و بازرگانی بۆ ماوەی پەنجا تاوەکو شەست ساڵ پێک هاتووە. بەپێی بۆچوونی کۆندراتیف، ئەم خولانە بۆ ڕەوتە (ذاتی)یەکان و هەروەها بۆ ناوەڕۆک و جەوهەری سەرمایەداری و بەتایبەتیش بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە دەگەڕێتەوە. ئەو ئابووریناسە بەو شێوەیە بۆچوونەکەی خۆی شی دەکاتەوە و دەڵێت: گۆڕانکارییەکان لە تەکنیکی شەڕەکان و شۆڕشەکان و هەروەها هاتنە کایەی بازاڕە تازەکان و شتگەلی لەو جۆرە، جۆرە کێبەرکێیەکی بەڕێککەوت و بێ ئامانج نین کە بتوانن کاریگەری لەسەر ڕەوتی خولەکان دابنێن، بگرە زیاتر=

تێڕوانینە لە خوێندنەوە و پێشبینیکردنی تەنگژە دارایی و ئابوورییەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا هەبووە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە لێکۆڵەوانی سوورە کۆندراتیڤەکان و خاوەنەکانی ئەو تیۆرییانەی کە لە سیستەمە جیهانییەکاندا کار دەکەن، چەندان جار لەبارەی ڕوودانی ئەو جۆرە تەنگژە داراییانە هۆشدارییان داوە.

دەستەیەکی تر لە ئابووریناسەکان هەوڵیان داوە لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە تیۆری یارییەکان بە تایبەتی تیۆری " گەمە هاوئاهەنگەکان"(٤)، تەفسیر و پێشبینی بۆ تەنگژە دارایی و ئابوورییەکان بکەن. ڕیشە و بنەمای ئەو جۆرە تیۆرییانە بۆ بوونی "ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤ" لە بڕیارەکانی چالاکڤانانی بازاڕەکان دەگەڕێتەوە. پێشتر بەتێروتەسەلی باسی میکانیزمی کارکردنی ئەو جۆرە ڕەنگدانەوەیەمان کردووە.

لەو گۆشەنیگایەوە ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەهای داراییەکان لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی ئابووری، گۆڕانکارییەکی یەکجار گەورە بەخۆوە ببینێ و ئەوەش ناهاوسەنگی لە نێوان بەشەکانی واقیعی و داراییدا دروست دەکات کە ئەو ناهاوسەنگییە دوا جار دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی دروستبوونی تەنگژە دارایی و ئابوورییەکان.

لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەی زیاتری تیۆریی سیستەمە جیهانییەکان و گەمە هاوئاهەنگەکان لەبارەی خوێندنەوە و پێشبینیکردنی تەنگژەکان پێویستی بەورووژاندنی بابەتە پسپۆڕییەکانەوە هەیە کە دەبێ بەشێوەیەکی

---

= بەبەشێک لە ڕەوتی شەپۆلە درێژخایەنەکان دادەنرێن. شومپیتەری ئابووریناسیش بە قبوولکردنی تیۆری خولەکانی کۆندراتیف وەکو بەشێک لە شیکاریی خولە سێقۆڵییەکانی هەڵکشان و داکشانەکانی کار و پیشەکان، لەو بڕوایەدایە کە بوونی خولێکی درێژخایەنی بازرگانیی دەقاودەق بۆ شەپۆلەکان و مەودای داهێنان و ئافراندنەکان دەگەڕێتەوە. – وەرگێڕ –

(4) Coordination Games

سەربەخۆ و جیاواز لێی بکۆڵرێتەوە.

لەو بەشەدا بەشێوەیەکی گشتی تاوتوێی "تیۆری مینسکی"[1] بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی تەنگژە داراییەکان دەکەین. تیۆری مینسکی تایبەت بە ئابوورییە داخراوەکانە، بەڵام دەتوانێت میکانیزم و چۆنیەتیی سەرهەڵدان و لەناوچوونی تەنگژە داراییەکان تا ڕادەیەکی باش شی بکاتەوە. گریمانەی ئەو تیۆرییە، بوونی ڕەهەندەی "ڕادەی تێکشکان و درز تێکەوتنی ئابووری"[2] لە سیستەمی سەرمایەدارییە. چەندە ڕادەی تێکشکان و لاوازیی ئابووریی بەرزتر بێت، ئەوەندەش ڕیسک و مەترسیی ڕوودانی تەنگژەی دارایی بەرزتر دەبێتەوە. بەگوێرەی ئەو تیۆرییە، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی لەلایەن دەزگا ئابوورییەکانەوە، بەندە بە ڕادەی توانا و پلەی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرامبەر مەترسییەکانەوە. کە ئەویش زیاتر لە ڕێگەی یەکێک لە شێوازەکانی خوارەوە ئەنجام دەدرێ:

دابینکردنی دارایی بۆ "داپۆشین یاخۆ کەمکردنەوەی ڕیسک و مەترسی"[3]، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ئاڵوگۆڕی "سەوداگەری یاخۆ کڕین و فرۆشتنی حەواڵە و بەڵگەنامە داراییەکان"[4]، هەروەها دەستەبەرکردنی "سەرچاوەی دارایی پۆنزی".[5]

بەگوێرەی تیۆری مینسکی، تەنگژەکان لە ئەنجامی بوونی پێوەندی لەگەڵ خولە بازرگانییەکاندا[6] دروست دەبن.

بۆ نموونە ئابووریی وڵاتێک کە بە قۆناغی بێ بازاڕیدا تێپەڕ بووە، لە بارودۆخێکی وەهادا قەبارەیەکی بەرچاو لە سامانە داراییەکانی خۆی

(1) Minsky Theory, Hyman Minsky.

(2) Financial Fragility.

(3) Hedge Finance.

(4) Speculative Finance.

(5) Ponzi Finance.

(6) Business Cycles.

لەدەست دەدات، بۆیە نیگەرانییەکی زۆر لە هەمبەر داهاتووی ئابووری لەلایان دروست دەبێت، لەو ڕووەشەوە لە بازاڕە داراییەکاندا ئەو جۆرە سیاسەتانە پەیڕەو دەکات، کە زیاتر تایبەتمەندیی داپۆشین و کەمکردنەوەی مەترسییان تێدا بەدی دەکرێت تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن خۆیان لە بەرامبەر گۆڕانکارییە نالەبار و مەترسیدارەکاندا بپارێزن. هاوکات لەگەڵ بووژانەوەی ئابووری و باشتربوونی ڕەوشی بازرگانی و دەستپێکردنی ڕەوتی قازانجکردن و بەرزبوونەوەی سوودی چاوەڕوانکراو، بەرە بەرە زەمینەی لەبار دروست دەبێت و ئەو بیرۆکەیە لەلای بەڕێوەبەرانی دەزگا ئابوورییەکانەوە دروست دەبێت کە دەتوانن دەست بە ئەنجامدانی سەوداگەری و ئاڵوگۆڕی بەڵگەنامە داراییەکان بکەن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن قازانجێکی زۆر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەمەش ڕەوتی دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ کاری سەوداگەری و ئاڵوگۆڕی کاغەزە داراییەکان دەست پێ دەکات. دەزگا ئابوورییەکان بە تەواوی درک بەو مەسەلەیە دەکەن کە ئەو قازانجەی کە لەو قۆناغەدا بەپێی مەزەندەکان دەستیان دەکەوێت، ئەوەندە نییە کە بتوانێت تێچوونی قەرز و پێشینەی وەرگیراوی بانکەکان، پێی پڕ بکرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا، قەبارەی ئەو قازانجە بەرز ببێتەوە، هەر بۆیەش گەشبینن بەوەی کە دەتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو قەرزانەی کە پێشتر بەشێوەی پێشینە لە بانکەکان وەریان گرتبوو، بە ئاسانی بگەڕێننەوە.

ئاشکرایە کە وەرگرتنی قەرز لەلایەن دەزگا ئابوورییەکانەوە لە بانکەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی وەبەرهێنانەکان، زەمینەیەکی لەبارتر بۆ بووژانەوەی ئابووریی فەراهەم دەکات. لەو ڕووەشەوە بانک و دامەزراوەکانی پێشکێشکردنی کرێدیت، گەشبینن بەوەی کە ئەو قەرز و پێشینەیەی کە پێشکێش بە خەڵکییان کردووە، بە ئاسانی و لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا وەردەگرنەوە، هەموو ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بانکەکان سیاسەتێکی نەرمتر و ئاسانتر بگرنە بەر و ئاسانکارییەکی زیاتر لە بواری پێدانی پێشینە

و قەرز پێشکێش بکەن. بەمەش قەبارەی قەرزە پێشکێشکراوەکان بەخێرایی گەشە دەکات و گەورەتر دەبێت. بەبێ ئەوەی کە بانکەکان پرەنسیپ و پێوەرە دیاریکراوەکان بۆ دڵنیابوون لە شیاوی و توانای دارایی قەرزوەرگرەکان رەچاو بکەن (واتا دڵنیا بن لەوەی کە قەرزوەرگرەکان لە رووی ئاستی داهاتەوە توانای دانەوەی قەرزەکانیان هەیە). لەو قۆناغەدا، بانک و دامەزراوەکانی دابینکردنی کرێدیت باش دەزانن کە لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە قەرزوەرگرەکان لە دانەوە و گەڕاندنەوەی قەرزەکانیان تووشی هەندێک گیروگرفت ببن، بەڵام بەو پێیەی کە لەبارەی داهاتوو گەشبینن و هەندێک لە نیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی قازانجی چاوەڕوانکراوی دەزگا قەرزدارەکان دەبینن، نیگەرانییەکی ئەوتۆیان نییە و بەو شێوەیە ئەنجامگیری دەکەن کە ئەگەر دەزگایەکی ئابووری لە گەڕاندنەوە و دانەوەی قەرزەکانی تووشی کێشە ببێت، ئەو کاتە لە بانک یاخۆ دەزگایەکی تری دابینکردنی سەرچاوەی کرێدیت کە لەوانەیە تەنانەت نرخی سوودە بانکییەکەشی بەرزتر بێت، سەرچاوەی دارایی بۆ خۆیان دابین بکەن. چونکە ئەو دەزگا ئابوورییانە چاوەڕوانی و پێشبینیی زیادبوونی ئاستی قازانجەکەیان لە داهاتوودا دەکەن و لەبارەی داهاتووی کارەکانیان گەشبینن.

ئەو قۆناغە رێک ئەو قۆناغەیە کە پێی دەوترێت "دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دارایی پۆنزی"، کە ئابووریی نیشتمانی دەخاتە ژێر مەترسیی قەبارەیەکی یەکجار گەورە لە کرێدیتە مەترسیدارەکانەوە. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا داهاتووی سیستەمی ئابووری بەندە بەتێپەڕبوونی کات، کە لە چ کات و قۆناغێکدا هەندێک لە دەزگا گەورەکان بە کردەوەیی تووشی پاشگەزبوونەوە لە دانەوەی قەرزەکان (نکول) ببن، کە لە ئەستۆیاندایە و دەبێ بیگەڕێننەوە.

هاوکات لەگەڵ پاشگەزبوونەوە (نکول)ی ئەو دەزگا داراییە زەبەلاحانە، دامەزراوە دارایی و کرێدیتییەکان هەست بەڕادەی دژواریی ئەو مەترسییە دەکەن و چیی تر ئامادە نین وەکو پێشووتر سەرچاوەی کرێدیت بەئاسانی

پێشکێش بە دەزگاکان بکەن، لەو قۆناغەدا، دابینکردنی دووبارەی سەرچاوەی دارایی لەلایەن ئەو دەزگایانەی کە نەیانتوانیوە بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، دەبێتە شتێکی مەحاڵ و هەر لەبەر ئەو هۆیەش ژمارەیەکی زۆرتر لەو دەزگایانە تووشی پاشگەزبوونەوە (نکول) دەبن. ئەگەر قەبارەیەکی یەکجار گەورە لە سەرچاوەی کرێدیت لەلایەن بانکە ناوەندییەکانەوە بۆ تۆڕی بانکەکان و بەمەبەستی خستنەگەڕی دووبارەی مەکینەی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی دەستەبەر نەکرێت، تەنگژەی ئابووری دەست پێ دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا و دامەزراوە ئابوورییەکان هەرەس دەهێنن.

بەو شێوەیە بێکاری لە ئاستێکی بەرفراوان و بەخێرایی سەرهەڵدەدات و ئاستی دەرامەتەکان نزم دەبێتەوە و توانا و هێزی کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەلایەن خێزانەکانەوە دادەبەزێت و نیگەرانی لەبارەی لەدەستدانی هەلی کار و خراپتربوونی ڕەوشی ئابووری، دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی زیاتری کێشەی دابەزینی خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، کە ئەویش زەمینە بۆ کەمبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان و نزمبوونی ئاستی بەکارخستن و هەروەها نزمبوونی ئاستی دەرامەت و داهات خۆش دەکات. ئەو بارودۆخە نالەبارە ئەوەندە درێژەی دەبێت تاوەکو تەنگژەی ئابووری دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی. دواتر بەرە بەرە نیشانەکانی چاکبوونەوە، هەرچەندە بە قەبارەیەکی بچووکیش بێت، لە هەندێک لە کەرتە ئابوورییەکاندا بەدیار دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەزگایانەی کە قەبارەیەکی گەورە لە سەرمایەکانی خۆیان لەدەست داوە، نیگەرانی داهاتووی خۆیانن و بۆیەش تەنیا خەریکی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بە ئامانجی خۆپاراستن و کەمکردنەوەی ئاستی مەترسییەکانیان دەبن و، بەمەش قۆناغ و سووڕی دواتری تیۆری مینسکی دەست پێ دەکاتەوە.

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

1- Goerge Sores, (1994), "The Theory of Reflexivity", Speech at MIT, April
2- John Maynard Keynes, (1938), The General Theory of Employment, Interest and

Money, New York: Harcourt Brace, Chapter 12
3- Diamond, D. and P. Dybvig, (1983), "Bank Runs, Desposit Insurance, and Liquidity", Journal of Political Economy, Vol. 91, No. 3, pp. 401-419.

٤- بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بڕوانە ئەم کتێبەی خوارەوە
Eichengreen and Haussmann (2005), Other People,S Money: Debt Denomination and Financial Instability in Emerging Market Economics.

٥- بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بڕوانە ئەم وتارە:
Gordy M. and Howell S. B. (2004), "Procyclically in Basel II: Can We Treat The Disease Without Killing The Patient?, http://www.bis.org/bcbs/events/rtfougordy_ Howells (pdf).
6. Burnside Criage, Martin Eichenbaum and Sergio Rebelo, (2008), "Currency Crisis Models", New Palgrave Dictionary of Economics, 2nd Edition.

بەشی دووەم

# تێڕوانینێک بۆ مێژووی تەنگژەکان و چەند وانەیەک

سـەرهەڵدانی شـۆڕشی پیشـەسـازی لـە کـۆتاییـیـەکـانی سـەدەی هەژدەم و سـەرەتای سەدەی نۆزدەم بـە دەسـتـپـێکی سیسـتەمی ئابـووریی سەرمـایەداری دادەنرێت. لەوسـاوە تاوەکـو ئێـسـتـا ئـەو سـیـسـتـەمـە چەندان تەنگژەی جۆراوجۆری دارایی و ئابووریی بەخۆوە بینیوە. لە ڕوانگەی تیۆرییەوە چەندان فاکتەر و هۆکار هەن کە دروستیی ئەو تیۆرییە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەڵێت: تەنگژە دارایی و ئابـوورییـەکـان لە دیاردە جـەوهـەرییـەکـانی سـیـسـتـەمی سەرمـایەدارین. لەلایەکی ترەوە، سەرهەڵدان و ڕوودانی دەیان تەنگژەی جیدی لـە مـــاوەی ئەم دوو ســـەدەیەی ڕابردوودا، دەتـوانـن ئەو تیـــۆرییـــە لـە ڕووی دەرهاوێشـتـە و هـەڵسـەنگاندنە ئامـارییـەکانەوە پشـتـڕاست بکەنەوە. لەگـەڵ ئەوەشدا، ناکرێت بگەینە ئەو ئەنجامـەی کە تەنگژە دارایی و ئابوورییەکان لە بنەڕەتدا جێگەی نیگەرانی نین و بۆیەش پێویست بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شـیکردنەوە و دارشـتـنی سـیـاسـەت و ڕێکاری گـونجـاو بۆ پێـشگرتن و کۆنترۆڵکردنی تەنگژەکە ناکات.

دەکـرێ بەجـۆرێک لـە جـۆرەکـان ڕوودانـی ئەو تەنگژانە لـەگـەڵ ڕوودانی بوومـەلەرزەکان لە سـیسـتەمی سـروشتیدا بەراورد بکرێن. لەبەرئەوەی یـەکەم، بوومـەلەرزەکان دیاردەیەکی جـەوهـەریی سـیسـتـەمی سروشـتین و دووەم، بە شێوەیەکی بەردەوام و یەک لە دوای یەک ڕوو دەدەن.

هەرچەندە هەندێک جار ڕوودانی ژمارەیەکی زۆر لە بوومەلەرزەکان لەلایەن مرۆڤەکانەوە هەستیان پێ ناکرێت، بەڵام دەکرێ لەلایەن ئامێرەکانی تۆمارکردنی بوومەلەرزەوە تۆمار بکرێن، بەڵام ڕوودانی هەندێک لەو بوومەلەرزانە زۆر جیدین و تەنانەت هەندێک جاریش جێگەی نیگەرانین و ژمارەیەکی زۆر قوربانییان لێ دەکەوێتەوە.

لە هەندێک لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بەهۆی بوونی سستی و کەموکورتی لە هەندێک لە ڕێکخراوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری یاخۆ بوونی هەندێک بەربەست و سنوور لە بەردەم کۆکردنەوەی زانیارییەکان، لە بنەڕەتدا ناکرێت پێوەر و نیشاندەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕوودانی تەنگژە دارایی و ئابوورییەکاندا بەکار بهێنرێن.

لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا ڕوودانی ئەو تەنگژانە بەهەند وەرناگیرێت چونکە ساڵانی ساڵە کۆمەڵگەکەیان لەناو ئەو جۆرە تەنگژانەدا دەژیت. هەر چۆنێک بێت، بابەتی ئەو لێکۆڵینەوەمان زیاتر تایبەتە بە تەنگژە دارایی و ئابوورییەکانی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان. لەو بەشەدا گەرەکمانە بەشێوەیەکی گشتی ئەو تەنگژانە لە ڕوانگەی مێژووییەوە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەو ئومێدەی بتوانین لەو ڕێگەیەوە فێری چەند وانەیەک ببین.

دەکرێ ئەو تەنگژانەی کە لە ئابووریی سەرمایەداریدا ڕوویان داوە و زۆر جێگەی نیگەرانی بوونە و زەرەر و زیانێکی زۆریان لە دوای خۆیاندا بەجێ هێشتووە، بەشێوەی خوارەوە بیانژمێرین.

١- مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) بانکی (ئۆڤرێند و گرنی)[١] لەندەن لە ساڵی ١٨٦٦.

٢- تەنگژەی بانکی (بارینگز)[٢] لەندەن لە ساڵی ١٨٩٠.

---

(1) Overend and Gurny.

(2) Barings.

٣- هەرەسهێنانی وال ستریت لە ساڵی ١٩٢٩ و تەنگژەی دەیەی ١٩٣٠.

٤- مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) دامەزراوە داراییەکانی بواری پاشەکەوت و پێشکێشکردنی پێشینەی S&L ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٥.

٥- هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٧.

٦- هەرەسهێنانی سندووقی پاڵپشتی LTCM[١]ی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٨.

٧- هەرەسهێنانی پشکەکانی تەکنەلۆجیای dot.comی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٠.

٨- ئەم تەنگژە داراییەی ئێستای ئەمەریکا (٢٠٠٨).

خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە لە دوای هاتنە خوارەوە و لاوازبوونی پێگەی ئینگلتەرا وەکو ڕێبەری ئابووریی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەم، زۆربەی تەنگژە گەورەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمەریکا ڕوویان داوە و لەوێوە بەرەو وڵاتە پیشەسازییەکانی تر گوازراونەتەوە.

١- مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) بانکەکانی ئۆڤراند و گرنی (١٨٦٦) و تەنگژەی بانکی بارینگز (١٨٩٠)

ئەرکی سەرەکیی بانکی ئۆڤراند و گرنی، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ بانکە بازرگانییەکان بوو. لە سەدەی نۆزدەم کە لەندەن بە سەنتەری دارایی جیهانی لە قەڵەم دەدرا، مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) ئەو بانکە گەورەیە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٦٦ بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکانی بچووکتر بەهۆی نەبوونی کرێدیت و نەختینەیی پێویست بۆ کاروباری ڕۆژانەی بانکەکە، تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون) ببن یاخۆ بگەنە لێواری مایەپووچبوونەوە. دوا بەدوای ئەو ئەزموونە و بەهۆی هەوڵ و کۆششی هەندێک لە شارەزایانی بواری بانکەکان وەکو واڵتر باگات[٢]،

(1) Long Term Capital Market.

(2) Walter Bagehot.

ئەرکێکی نوێ خرایە ئەستۆی بانکیی ناوەندی ئینگلتەرا کە بریتی بوو لە دابینکردنی نەختینەییی پێویست تاوەکو بەو شێوەیە بتوانرێت ڕێگە لە گواستنەوەی تەنگژەکە لە بانکێکەوە بۆ بانکێکی تر بگیرێت کە لەو سەردەمەی ئێستادا ئەو حاڵەتە "شکستی سیستەمی"ی[1] پێ دەگوترێت.

لە ساڵی ١٩٨٠ کە بانکی بەناوبانگی بارینگز لە لەندەن تووشی تەنگژە بوو، پلانی پشتگیریی بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا لە بانکە بازرگانییەکان و وەبەرهێنەرەکان پیادە کرا.

سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانەکانی بانکی بارینگز لە ئەرجەنتین کە ڕووبەڕووی زەرەر و زیانێکی یەکجار گەورە بووبوون، کەوتنە ژێر ڕەحمەتی پلانی پشتگیریی بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا و لەو ڕێگەیەشەوە سەرباری ڕزگاربوونی بانکەکە لە هەرەسهێنانی یەکجارەکی، هەروەها توانرا ڕێگە لە "شکستی سیستەمی" لەناو تۆڕی بانکەکانی ئینگلتەرا بگیرێت.

میکانیزم و ڕێوشوێنی ئەو پشتگیرییە بەو شێوەیە بوو کە دوا بەدوای دانوستانە نهێنییەکانی نێوان بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا و بەڕێوەبەرانی بانک و دەزگا داراییەکانی لەندەن، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٠ سندووقی فریاکەوتن و پشتگیری دامەزرا کە گوژمەی پاڵپشتیی سەرمایەکەی ١٨ ملیۆن پاوەن بوو و هەر لە هەمان کاتدا بڕیار درا ژمارە و وردەکارییەکانی زیانە داراییەکانی بانکی بارینگز بۆ خەڵک ڕانەگەیەنرێت. تاوەکو متمانەی نێوان خەڵک و بانکەکە لەناو نەچێت و درزی تێ نەکەوێت.

٢- هەرەسهێنانی وال ستریت لە ساڵی ١٩٢٩

هەرەسهێنانی بۆرسەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژی پێنجشەم لە مێژووی ٢٨ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ کە بە پێنجشەمی ڕەش ناسراوە، بووە هۆی ئەوەی کە ئابووریی ئەمەریکا و ئابووریی جیهانی تووشی تەنگژەیەک بن کە کۆنترۆڵکردنی ئەو تەنگژیە کارێکی زۆر ئەستەم بوو و لە ئاکامدا بێ

(1) System Failure.

بازاڕیی ئابووریی ساڵانی دەیەی ۱۹۳۰ی لێ کەوتەوە.

پەرەسەندن و فراوانبوونی سەوداگەری لە بۆرسەکانی ئەمەریکا لە کۆتاییەکانی دەیەی۱۹۲۰، زەمینە و هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەو تەنگژەیە بوو کە دوا بەدوای گەشەسەندنی پیشەسازییە تازەکانی وەکو پیشەسازیی دروستکردنی ئۆتۆمۆبێل و وێستگەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەی شەپۆلە ڕادیۆییەکان دەستی پێ کرد. دوای ئەوەی کە گەشەکردن و زیادبوونی ئاستی سەوداگەری گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی، هەرەسهێنانی نرخی پشکەکان بە ڕێژەی ۱۲,۸۲٪ لە پێنجشەمی ڕەش وەکو لێدانی زەنگێکی گەورەی مەترسی وابوو. سەرباری هەوڵ و کۆششی بێ برانەوەی بەرپرسە داراییەکان بە ئامانجی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕەکان، نرخی پشکەکان لە مێژووی ۲۹ی مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بەڕێژەی ۱۱,۷٪ ی تر دابەزی. ڕەوتی دابەزین و نزمبوونەوە بەردەوام بوو و کاتێک کە لە ساڵی ۱۹۳۲ گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی، پشکەکان نزیکەی ۹۰٪ لە بەهای خۆیان لە دەستدا بوو. ماوەی ۲٥ ساڵی خایاند تاوەکو نیشاندەری "ناوەندیی پیشەسازیی داوجۆنز"[1] دووبارە بۆ ئاستی پێشووتری خۆی لە ساڵی ۱۹۲۹ بەرز بووەوە.

کاریگەری ئەو تەنگژە داراییە گەورەیە لەسەر ئابووریی واقیعیدا یەکجار زۆر بوو. لەبەرئەوەی دروستبوونی موڵکدارییەتی بەرفراوان لەسەر پشکەکان لەلایەک و دابەزینی یەکجار گەورەی نرخی پشکەکان لەلایەکی تر، بوونە هۆی ئەوەی کە توێژێکی بەرفراوان لە خەڵک بە تایبەتی چینی ناوەڕاست بە قووڵی بەر زیانەکانی هەرەسهێنانی نرخی پشکەکان بکەون، لەو ڕووەشەوە، خواستی بەکاربەرەکان لەسەر چەندان کاڵای وەکو ئۆتۆمۆبێل و خانووبەرە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی و خاوەنکار و پیشە ئابوورییەکانیش وەبەرهێنانەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە و ژمارەیەکی زۆر لە کارگە و یەکەکانی بەرهەمهێنان لە کار کەوتن. ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی

(1) Dow Jones Industrial Average.

ئەوەی کە ئاستی چالاکییە ئابوورییەکانی ئەمەریکا تاوەکو ساڵی ١٩٣٢ نزیکەی ٥٩٪ دابەزێت و یەک لەسەر سێی (٣/١) هێزی کار تووشی بێکاری بن. سیستەمی دارایی ئەمەریکا بەشێوەیەکی گشتی لە کار کەوت و لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٣٣ تۆڕی بانکیی ئەمەریکا پەکی کەوت و هەر لەو کاتەدا ڕۆزڤێلت بوو بە سەرکۆماری ئەمەریکا و پلانێکی نوێی ڕیفۆرمی دارایی و ئابووریی ڕاگەیاند.

لەبارەی شیکردنەوەی تەنگژەی گەورەی ئابووریی دەیەی ١٩٣٠، ژمارەیەکی زۆر لە ئابووریناسان لەو بڕوایەدان کە کاردانەوەی بەرپرسە حکوومەتییەکان لە بەرامبەر ئەو تەنگژەیەدا هەر لە بنەڕەتەوە بەشێوەیەکی زانستییانە و لە کاتی خۆیدا و هەروەها لە ئاستی و خواستی پێویستدا نەبووە. بۆ نموونە بانکی ناوەندیی ئەمەریکا، بەشێوەیەکی پراکتیکی، نرخی سوودی بەرز کردەوە تاوەکو بتوانێت لە ڕێگەی پاڵپشتیکردن لە بەهای دۆلار،" سیستەمی ستاندەری زێڕ "بپارێزێت. هەروەها حکوومەتی ئەمەریکا نرخی تاریفەکانی بەرز کردەوە و بودجەی خۆی لە حاڵەتی " زیادە "دا ڕاگرت، کە ئەو سیاسەتە وا دەکات کە خواستی گشتی دابەزێت و ڕەوتی بێ بازاڕیی ئابووریی درێژتر ببێتەوە. پلانی نوێی ڕۆزڤێلت بریتی بوو لە داڕشتنی یاسا و ڕێسایەکی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕە داراییەکان و تۆڕی بانکیی ئەمەریکا. بۆ ئەو مەبەستەش چەندان دەزگەی نوێ هاتنە ئاراوە کە" کۆمیسیۆنی کاغەزە بەهادارەکان و بۆرسەکان" SEC[1] و "کۆمپانیای بیمەی سپاردەکاری فیدراڵ"[2] FDIC دوو نموونە لەو جۆرە دامەزراوانەن. هەڵبەت ئەو پلانە توانی زۆربەی کێشەکانی تایبەت بەو بێ بازاڕییە گەورەیە چارەسەر بکات، بەڵام بەهەرحاڵ ئابووریی ئەمەریکا تاوەکو شەڕی دووەمی جیهانی نەیتوانی خۆی لە بارودۆخی بێ بازاڕی دەرباز بکات تا ئەو کاتەی کە خەرجییە قورسە سەربازییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بە تایبەتی لە ئەورووپا بوونە هۆی

(1) Securities and Exchange Commission: SEC.

(2) Federal and Deposit Insurance Corporation: FDIC.

ئەوەی کــە ئاســتی بێکاری بە خــێــرایی نزم بـووەوە و بووژانەوەی ئابووری دەستی پێ کردەوە.

٣- تەنگژەی دەزگـاکـانی پاشـەکەوت و قـەرز و پێـشـینەی ئەمـەریکا S&L لە سالّی ١٩٨٥

"دەزگاکـانی پاشـەکەوت و قـەرز و پێشـینەی ئەمـەریکا"[١] چەند بانکێکی بچــووکی لۆکـاڵی بوون کـە لـە ڕێگەی وەرگـرتـنی سـپـاردە لـە وەبەرهێنەرە بچووکەکان، پێشینەی خانووبەرەیان پێشکێش دەکرد. لە دەیەی ١٩٨٠دا کە لادان لە ڕێسـا داراییـیـەکـان لە ئەمـەریکا پەرەی سـەندبوو، ڕێگە بەو جـۆرە بانکانـە درا کــە بچنە ناو ئاڵوگــۆڕە تێکچــڕژاو و ئاڵۆزەکــان، لەو چەشـنە ئاڵوگۆڕانەی کە لە بانکە بازرگانییەکاندا باو بوو، تاوەکو بتوانن لەو ڕێگەیەوە کێبەرکێ لەگەڵ بـانکە بازرگانییـەکاندا بکەن. لە سـاڵی ١٩٨٥ ژمارەیەکی زۆر لەو دەزگا داراییـیـانە ڕووبەڕووی کێشــە و گرفـتی یەکجـار گـەورە بوونەوە و گەیشـتنە ئاستی مـایەپووچبوون (ئیفلاسبوون). هـەر ئەمەش بوو کە وای کرد هێرشی گەورەی سپاردەکاران بـۆ دەزگا داراییەکـانی وەکو S&L لە ویلایەتی ئۆهایۆ و مەریلەند بۆ کێشانەوەی سپاردەکانیان دەست پێ بکات. حکوومەتی ئەمـەریکا زۆربەی حیسـابە سـپاردەکانی ئەو دەزگایانەی بیمـە کـردبوو. هـەر بۆیەش ئـەو کاتـەی ئەو دەزگـایانە مـایەپووچبـوونی (ئیـفـلاسـبـوونی) خـۆیان ڕاگـەیاند، قـەرزێکی یەکـجـار قـورسی دارایی کـەوتە ئەسـتـۆی حکوومـەتی ئەمەریکا.

بەشـێـوەیەکی گـشـتی تێکرای خـەرجـیـیـەکـانی حکوومـەتی ئـەمـەریکا بۆ ڕزگارکردنی ئەو جـۆرە دەزگـایانە و دانەوەی قـەرزەکـانیـان، گـەیشـتـە نزیکەی ١٥٠ ملیار دۆلار.

مـایەپووچبـوونی (ئیـفـلاسـبـوونی) دەزگـاکـانی پاشـەکـەوت و پێـشـینـە لە ئەمەریکا، بووە هۆی ئەوەی کە بانکە گەورەکانی بواری بازرگانی بەهێزتر بن،

(1) Us Saving and Loans Institutes: S&L Institutions.

لەبەرئەوەی کە هەمـوو ئەو کـەسـانەی کـە کـێبـەرکـێـیـان لەگـەڵ ئەو بـانکە بازرگانیـیانە دەکرد، بە تەواوەتی لە گـۆڕەپانی کێبـەرکێیـەکە وەلا نرابوون. ئەمەش زەمینەیەکی لەباری فەراهەم کرد بۆ ئەوەی هەندێک لەو بانکانە بتوانن لە دەیەی ١٩٩٠ یەک بگرن و شوێن و پێگەی خۆیان قایمتر بکەن.

٤- هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٧

دەکرێ ڕۆژی ١٩ی مـانگی تـشـرینی یەکەمی سـاڵی ١٩٨٧، بەناخـۆشـترین ڕۆژ لە مـێـژووی وال سـتـریت دابـنرێت، لەبـەرئەوەی لەو ڕۆژەدا نـیـشـانـدەری "ناوەندیی پیشەسازیی داوجـۆنز" کە پێوەری نیشـاندانی گۆڕانکارییـەکانی نرخی پشکەکان لە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمـەریکایە، بە ڕێژەی ٢٢,٦ ٪ لە مـاوەی یەک ڕۆژی کارکردنیدا دابەزی و هەر دوا بـەدوای ئەویش نیشـاندەری نرخـی پشکەکـان لـە ئەوروپا و ژاپۆنیش، داشکانی بەخـۆوە بینی. دابەزینی ٢٢,٦٪ی نیـشـانـدەری داوجـۆنز بە بـەراورد لەگـەڵ دابەزینی ١٢,٨٢٪ی ئەو نیـشـانـدەرە لە مـێـژووی ٢٨ی مـانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٢٩ یاخـۆ دابەزینی ١١,٧٪ ی هەمـان ئەو نیشـاندەرە لە مێژووی ٢٩ی مانگی تشـرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ زۆر زیاتر بوو.

دوا بەدوای دابـەزینی نرخـی پشکەکـان لە بـۆرسـەکـانی ئەمـەریکا، نـرخـی پشکەکـان لە بۆرسـەی تۆکـیـۆ TSE(١) دابەزینێکی بەرچاوی بەخـۆوە بینی و نیـشـانـدەری "نیکی داوجـۆنز"(٢) بەڕێژەی ١٣,٢٪ هـاتە خـوارەوە. بۆرسـەی هۆنگ کۆنگیش بەشێوەیەکی کاتی داخرا. لەگەڵ ئەوەشدا، وتەبێژی کۆشکی سـپی لەسـەر زاری ڕەیگان سـەرکـۆمـاری ئەوسـای وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا، ڕای گـەیاند کـە سـەرکـۆمـار زۆر بە نیگەرانیـیـەوە چاودێریی بارودۆخی بازاڕی بۆرسـەکـان دەکات و لەو بـارەیەشـەوە چەندان جار لەگـەڵ پسـپـۆڕە داراییـەکـان دانیـشتن و ڕاوێژی ئەنجام داوە و گـەیشـتـووەتە ئەو

(1) Tokyo Stock Exchange.

(2) Nikkei Dow Jones.

بڕوایەی کە بارودۆخی ئابووری جێی ڕەزامەندییە و تەنگژەکە بۆ بەشی واقیعیی ئابووری نەگوازراوەتەوە.

هەروەک چۆن لە مانشێتی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە مێژووی ٢٠ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧دا هاتووە، شرۆڤەکاران و لێکۆڵەوەکانی بازاڕی بۆرسەکان نەیانتوانیوە هەرەسهێنانێکی بەو قەبارە گەورەیە شی بکەنەوە و پاساوی بۆ بدۆزنەوە و هەروەها نەیانتوانیوە هۆکار و فاکتەرەکانی ڕوودانی ئەو تەنگژەیە دەستنیشان بکەن.

لە نێوان شرۆڤە و پاساو هێنانەکان، کۆمەڵێک هۆکاری وەکو بەرزبوونەوەی نرخی سوودی بانکەکان و دابەزینی بەهای دۆلار و تەنانەت لەناو هۆکارەکان، هۆکاری وەکو شیمانەی ڕوودانی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێرانیشی تێدا بوو.

تەنانەت هەندێک لە شرۆڤەکاران هۆکاری هەرەسهێنانی بۆرسەکان بۆ "هێرشی هێزی دەریاوانیی ئەمەریکا لە مێژووی ١٩ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ بۆ سەر یەکێک لە بەندەرە نەوتییەکانی ئێران لە کەنداو و ڕاگەیاندنی ئامادەییی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە"(١) دەگەڕێننەوە. بەهەرحاڵ ئەو باسەش لە ئارادا بوو کە گوایە نیگەرانی لەهەمبەر دابەزینی بەهای دۆلار لە بارودۆخێکدا کە ئابووری ڕوو لە داکشان بوو، کاریگەرییەکی زۆری بەئاراستەی دروستبوونی ئەو تەنگژەیە هەبووە.

لەلایەکی تر، ساڵی ١٩٨٧ هاوکات بوو لەگەڵ فراوانبوونی خێرای بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی لە بۆرسەکانی ئەمەریکا، ئەو داهێنانە تازەیە لە ئاڵوگۆڕەکاندا پێشوازییەکی زۆری لێ کرا، چونکە ئاڵوگۆڕکاران دەیانتوانی کڕین و فرۆشتنی پشکەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و لە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام بدەن. کە ئەمەش دابەزینی نرخی پشکەکانی

---

(١) سەروتاری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، مێژووی ٢٠ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧.

بە دوای خۆیدا هێنا. لەگەڵ باوبوون و ڕەواجی ئاڵوگۆڕە ئەلیکترۆنییەکان لە بۆرسەکان، مەسەلەی خراپ بەکارهێنان و دەست خستنە نێو تۆڕەکانی کۆمپیوتەر زیادی کرد و بووە هۆی ئەوەی کە بەرپرسانی بۆرسەکان بەشێوەیەکی کاتی ئاڵوگۆڕەکان بوەستێنن. تاوەکو لە ئیشکردنی ڕاست و دروستی سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان دڵنیا بن. ئەو ڕووداوانەش توانییان کاریگەری لەسەر بازاڕی بۆرسەکان دابنێن و ڕەوتی هەرەسهێنانی ئەو بۆرسانە خێراتر بکەن. لە دوای هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان، هەندێک لە بانکەکان، نیگەرانییەکی زۆریان لەبارەی شیمانەی مایەپووچبوون لەلا دروست بوو. هەر ئەوەش بوو کە وای کرد فیدراڵ ڕێزێرڤ و ژمارەیەک لە بانکە ناوەندییەکان، نرخی سوودی بانکیی خۆیان بەخێرایی کەم بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان لە ئەمەریکا کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر بەشی واقیعیی ئابووری دانا. بەشێوەیەک کە بارودۆخەکە بەرەو چاکبوونەوە ڕۆیشت، بەڵام دابەزینی نرخی سوودی بانکی لە هەندێک وڵات بە تایبەتی لە ئینگلتەرا بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵەکانی ١٩٨٨–١٩٨٩ بڵقی خانووبەرە لەو وڵاتەدا سەرهەڵبدات و هاوکات ببێتە هۆی دروستبوونی پاڵەپەستۆ لەسەر بەهای نیشتمانی و لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ بەرپرسە دراوییەکانی ئینگلتەرا بڕیار بۆ کەمکردنەوەی بەهای پاوەن بدەن. هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٧ ئەو حەقیقەتەی بە ڕوونی بە دیار خست کە بازاڕی پشکەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان پێوەندییەکی زۆر نزیک و توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بۆیە هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتە ئابوورییەکانی یەکێک لەو وڵاتانە، دەتوانێ کاریگەری لەسەر بازاڕی پشکەکانی شوێنەکانی تری جیهانیش دابنێت.

---

(1) Long - Term Capital Management Hedge Fund.

٥- هەرەسهێنانی سندووقی پاڵپشتی LTCM لە ئەمەریکا

سندووقی پاڵپشتی LTCM[١] یاخۆ سندووقی پاڵپشتی" بەڕێوەبردنی درێژخایەنی سەرمایە "لەلایەن مایرۆن شولز[١] و ڕابێرت مێرتۆن[٢] لە ئەمەریکا دامەزرا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ساڵی ١٩٧٣ ئەو دوو ئابووریناسە بەهاوبەشی لەگەڵ ئابووریناسێکی تر بەناوی فیشەر بلاک[٣] توانییان خەڵاتی نۆبڵی ئابووری وەدەست بهێنن. پێشکێشکردنی ئەو خەڵاتە بەو سێ کەسە بۆ هەوڵ و کۆششەکانی ئەو کەسانە بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەی ماتماتیکیی نرخدانان بۆ بژارەکان لە کاری ئاڵوگۆڕی لێکەوتە داراییەکان دەگەڕێتەوە.(١)

هەروەها جێی خۆیەتی ئاماژە بەو خاڵەش بدەین کە فیشەر بلاک لە کاتی دامەزراندنی ئەو سندووقە، لە ژیاندا نەمابوو و کاری بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەو سندووقە بە یەکێک لە ئاڵوگۆڕکارە بەناوبانگەکانی وال ستریت بەناوی "جۆن مەری ویدەر"[٤] سپێردرا.

شۆلز و مێرتۆن دوو ئابووریناسی براوەی خەڵاتی نۆبڵ لەو بڕوایەدا بوون کە لە ڕووی تیۆرییەوە، نرخە جیاوازەکانی سوودە بانکییەکانی تایبەت بە بەڵگەنامە داراییەکان، لە ماوەیەکی درێژخایەندا لەگەڵ یەکتری هاوتەریبن. بەو پێیە، پلانی سەرەکیی سندووقی پاڵپشتی LTCM ئەوە بوو کە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی چەند ستراتیجییەک، بتوانێت لە ڕێی ئاڵوگۆڕکردنی ئەو جیاوازییە کەمەی کە لە نرخی سوودە بانکییەکاندا هەیە، قازانجێک بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

لە مەیدانی پراکتیکیشدا بەدیار کەوت کە ستراتیجییەکانی LTCM چەندە بەرهەمدار و سوودمەند بوون. هەر لەبەرئەوەش بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە

(1) Myron Scholes.

(2) Robert Merton.

(3) Fischer Black.

(4) John Meriwether.

دامەزراوە داراییەکانی دنیا پارەیەکی بەرچاو و خەیاڵییان خستە بەردەستی ئەو سندووقە و لەو ڕێگەیەشەوە توانییان سوود و قازانجێکی یەکجار گەورە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا لە تەنگژەی داراییی ئاسیا، کە لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی پێ کرد و بە خێرایی بەرەو ڕووسیا و بەرازیل پەرەی سەند، لە قۆناغە کۆتاییەکانی ئەو تەنگژەیەدا نیشانەکانی زیانباربوونی ستراتیجییەکانی ئەو سندووقە ئاشکرا بوون و لە ئاکامدا مایەپووچبوونی (ئیفلاسبوونی) ئەو کۆمپانیایەی لێ کەوتەوە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەرەسهێنانی ئەو سندووقە، پاشگەزبوونەوە (نکول)ی بەڵگەنامە داراییە حکوومەتییەکانی ڕووسیا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بوو. ژمارەیەکی زۆر لە وەبەرهێنەرەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەڵگەنامە داراییە حکوومەتییە نائەمەریکاییەکانیان فرۆشت و لە بریی ئەو جۆرە داراییانە، بەڵگەنامە داراییەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکایان TB[1] کڕی. بەو شێوەیەش جیاوازیی نێوان نرخی سووده جیاوازەکانی بەڵگەنامە داراییە جۆراوجۆرە حکوومەتییەکان زیاتر بوو. ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی ئەوەی کە هەندێک لادان و پشتگوێخستن لە هاوکێشەکانی شوڵز و مێرتۆن لە پەیڕەوکردنی ستراتیجییە گونجاوەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بەڵگەنامە داراییەکان ڕوو بدات. بۆیەش قۆناغی زەرەرمەندبوون و زیانباربوونی ئەو ستراتیجییانە دەستی پێ کرد. ئەو سندووقە بۆ ماوەی چەندان مانگ، زەرەر و زیانێکی گەورەی لە ئەستۆ گرت بەو هیوایەی کە هەموارکردنی پێویست لە ستراتیجییەکانی ئاڵوگۆڕکارەکان، بتوانێت بۆ ئەو سندووقە سوودبەخش بێت و ئەو سندووقە بتوانێت دووبارە بۆ حاڵەتی بەرهەمداری و سوودبەخشی بگەڕێتەوە، بەڵام هیچ کام لەو ڕێوشوێنانە ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە و ئەو سندووقە بەرەو ئاقاری مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون) ڕۆیشت و بۆ قەرەبووکردنەوەی قەرزەکانی سەرشانی خۆی، کە

(1) Us Treasury Bonds.

گـوژمـــەیەکی یـەکـجـار گـەورە بوو، ناچار بوو ڕوو لە فـرۆشـتنی بەڵگەنـامـە داراییـیەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمـەریکا بکات و هەر ئەمەش بوو کە وای کرد بازاڕە کرێدیتییەکانی ئەمەریکا تووشی تەنگژە بن.

سـەرهەڵدانی تـەنگژە لە بازاڕە کـرێدیتـیـیـەکانـی ئەمـەریکا، وای کـرد کـە فیـدڕاڵ ڕێزێرڤ بە ناچارییـەوە دەست بخـاتە ناو بازاڕە کـرێدیتـیـیـەکـانەوە. پلانی ڕزگـارکـردنی سندووق بـە هاوکـاری لەگـەڵ بـانکە باوەڕ پێکراوە ئەمـەریکییـەکان کـە زیاتر لە LTCM وەبەرهێنـانیان هەبوو، ئامـادە کرا و بە تێکڕایی نزیکەی ٣،٥ ملیار دۆلار بۆ دەربازبوونی ئەو سندووقە لە مەترسیی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون) تەرخـان کرا. بۆ پێشگرتن و بەرەنگاربوونەوەی حـاڵەتی بـەرزبوونەوەی نـرخی ســوودی بانکی لە بازاڕ، فـیـدڕاڵ ڕێزێرڤ لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری کەمکردنەوەی نرخی سوودی دا و بەو شـێوەیە بازاڕە داراییـەکان توانییـان سـەقامگیرییەکی ڕێژەیی بەخۆوە ببینن. سـەرباری هەموو ئەو ئامادەکارییانە، سندووقی LTCM لە ساڵی ٢٠٠٠ تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون) هات.

٦- هەرەســهێنانی پشکەکانی کـۆمـپـانیاکـانی بواری ئینتـەرنێت dot.com لە ساڵی ٢٠٠٠

گـەشـەکردنی خێـرا و ناواقیـعیـیـانەی کـۆمـپـانیـا خـزمـەتگوزارییـەکانی ئینتـەرنێت وەکو ئامـازۆن و AOL[1] لە کۆتاییـیـەکانی دەیەی ١٩٩٠ بووە هۆی ئەوەی کـە هـەنـدێک لە شـرۆڤـەکـارانی بازاڕە داراییـیـەکـان بکـەونە داوی ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە گوایە ئابووریی جیهانی پێی ناوەتە خولێکی نوێ لە ڕەواج و بووژانەوە. ئەوەش بەشـێوەیەکی سـروشتی ڕەواجێکی ناواقیعیی بۆ بازاڕی بۆرسـەکانی ئـەمـەریکای دروست کرد. کـاتێک ئەو کـۆمـپـانیـایانە لە بۆرسـە گەورەکانی وەکو NASDAQ[2] تۆمـار کران و بەشـێوەیەکی فـەرمی وەرگیـران،

---

(1) Amazon and American On-Line.

(2) National Association of Securities Dealers Automated Quotations.

نرخی پشکەکانی ئەوان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەرز بووەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ڕێژەی قازانجدار بوون، تەنیا لە ژمارەیەکی زۆر کەم لەو کۆمپانیایانە بە کردەوەیی لە حاڵەتێکی ڕوو لە بەرزبووندا بوو. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ کۆمپانیای AOL توانی کۆمپانیا کۆنەکانی بواری گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکانی "تایم وارنر"،[1] بە گوژمەی ٢٠٠ ملیار دۆلار بکڕێت. لەو کاتەدا ڕەواج و بازارگەرمیی ئەو جۆرە کۆمپانیایانەی بواری ئینتەرنێت گەیشتە لووتکە، واتا ئەوپەڕی ئاستی گەشەکردنی خۆی.

لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠، بڵقی بووژانەوە و ڕەواجی پشکەکان لە کۆمپانیا ئینتەرنێتییەکان تەقییەوە و نیشاندەری "تەکنەلۆجیای وازنی نەزدەک[2]" تاوەکو مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ بەڕێژەی نزیکەی ٧٨ ٪ دابەزی. هەرەسهێنانی پشکەکانی کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت، بووە هۆی ئەوەی کە ئاستی وەبەرهێنانەکان لە بواری ئاڵوگۆڕکاری بەخێرایی دابەزێت. لە ساڵی ٢٠٠٣ گەشەی ئابووریی ئەمەریکا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە کزی کرد و کارەساتی ١١ی ئەیلوول، ئەو ڕەوشەی بەرەو ئاقارێکی خراپتر برد و بووە هۆی ئەوەی کە بازاڕی بۆرسەکان بەشێوەیەکی کاتی دابخرێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە، فیدراڵ ڕێزێرڤ سیاسەتی کەمکردنەوەی نرخی سوودی بانکیی پەیڕەو کرد و لە ساڵی ٢٠٠١ بەولاوە ئەو کەمکردنەوەیە بە بەردەوامی درێژەی هەبووە تاوەکو توانی ئەو ڕێژەیە لە نزیکەی ٦,٢٥٪ بگەیەنێتە نزیکەی ١٪. تاوەکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەسەندنی ئابووری فەراهەم بکات.

٧- چەند وانەیەک لە تاوتوێکردنی تەنگژەکان

لە دوای تاوتوێکردنی ئەو تەنگژە گرینگانەی کە لە بازاڕەکانی ئەمەریکا ڕوویان داوە دەتوانین چەند خاڵێک لە خوارەوە وەکو ئەنجامگیری دەستنیشان

---

(1) Time Warner.

(2) Technology Weighted Nasdaq Index.

بکەین. جێی ئاماژە پێکردنە کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە تەنگژە داراییەکانی شوێنەکانی تری جیهانیش هەمان ئەو ئەنجامانە بەدەستەوە دەدەن.

١- شێوەی زنجیرەیی و یەک لە دوای یەک هاتنی تەنگژەکان هاوکات لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیبوون زیادی کردووە، هەرچەندە ڕەوتی بەجیهانیبوون کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر قووڵبوون و دژوارتربوونی ئەو جۆرە تەنگژانە نەبووە.

٢- دەستێوەردانی بەجێ و لە کاتی خۆی بانکە ناوەندییەکان بۆ سنووردارکردنی مەودای تەنگژە داراییەکان، لە ڕێوشوێنەکانی تری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە تەنگژە داراییانە کاریگەرترە.

٣- ئەو بەرپرسە داراییانەی کە لە ڕێکخستنی بازاڕی ئاڵوگۆڕی بۆرسە گەورەکان بەرپرسن، توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ داهێنانە داراییەکانی بازاڕی لێکەوتە داراییەکان کە بە خێرایی ڕوو لە زیادبوون و گەشەکردنن، نییە. لەو ڕووەشەوە ئەو بەرپرسە داراییانە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین ئاسەواری خراپی ئەو جۆرە داهێنانە داراییانە، تووشی گیروگرفت دەبن و توانای کۆنترۆڵکردنی کارەکانیان نامێنێ.

٤- بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەنگژە داراییەکان، پسپۆرە داراییەکان ناتوانن بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئاخۆ ئاسەوارەکانی ئەو جۆرە تەنگژانە بەرفراوان دەبێت یان نا؟.

٨- ئاسەوارەکانی تەنگژەی کرێدیت

بەو پێیەی کە ئەو تەنگژەیەی ئێستا، ڕیشە و سەرچاوەکەی بۆ تەنگژەی کرێدیتی[1] ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، پێویستە ئاماژە بە ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی تەنگژە کرێدیتییەکان بدەین.

(1) Credit Crisis = Credit Crunch = Credit Shock.

ئەو بارودۆخـەی کـە تێـیـدا توانـای دەسـتـەبـەرکـردنـی قــەرز و پێـشــینـەی بانـکەکـان بـەشـێـوەیەکـی بەرچاو کـەم دەبێـتـەوە، پێی دەگـوترێت تەنـگژەی کــرێدیت. هۆکــاری ســەرەکــیی ڕوودانـی ئـەو جــۆرە تـەنگژانە زیـاتر بـۆ سەرهەڵدانی گیروگرفت لەو جۆرە قەرزانەی بانکەکان دەگەڕێتەوە، کە پێشتر پێشکێش کراون و شیمانەی پاشگەزبوونەوە (نکول)یان زۆرە. لە بارودۆخێکی وەهادا، مـەرجەکـانی پێـشکێشکردنی پێشـینە قـورسـتر دەبێت و قـەبارەی ئەو جۆرە قەرز و پێشینەیە سنووردارتر و کەمتر دەبێتەوە.

تەنگژە کرێدیتییەکان چەندان جۆرە ئاسەواری نێگەتیڤی بۆ بەکاربەرەکان و خــاوەنکارەکــان بەجـێ دەهێـڵن کــە هـەندێکیــان لە مــاوەیەکی کــورت و هەندێکیشیـان لە ماوەیەکی درێژخـایەندا بەدیار دەکەون. لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەهەندێک لەو ئاسەوارانە دەدەین:

١–٨: دابەزینی ئاستی بەکاربردنی خێزانەکان

لە ماوەی هـەمـوو تەنگژە کرێدیتییـەکاندا، گـەشـەی ئابووری ڕوو لە نزمـبوون دەکات و بارودۆخی کار و چالاکییەکانی بازاڕەکانیش ڕوو لە کزی دەکات. ئەو جـۆرە بـارودۆخـە وا دەکـات کـە بـەکاربـەرەکـان لەبارەی ڕووداوەکـانی داهاتوو ڕەشـبین بن و نیگەرانییـان لە هـەمـبـەر لەدەسـتـدانی کـار و پیـشـەکـەیان و خراپـتربوونی ڕەوشـەکە زیاتر بێت، هـەر لەبەر ئەو هۆیەشـە کە خـەرجییـەکانی بواری بەکـاربـردنی خـۆیان کـەم دەکـەنەوە. بەو پێـیـەی کـە خـەرجـیـیـەکـانی بەکـاربردن ڕێژەیەکی بەرچاو لە چالاکییـە ئابوورییـەکان پێک دەهێنن (نزیکەی ٧٠ ٪)، تەنانەت دابەزینێکی کەمیش لە خەرجییەکانی بەکاربردن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەشەی ئابووریی نیشتمانی، دابەزینێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێ.

٢–٨: نیگەرانیی بانکەکان لـە هەمبەر پێشکێشکردنی قەرز و خزمـەتگوزارییە بانکییەکان

ڕوودان و دروسـتـبـوونی تەنـگژە کـرێدیتـیـیــەکـان، بووە هـۆی ئەوەی کــە بانـکەکـان ڕێوشـوێنـی توندتر بۆ پێـشکێـشکردنی قـەرز و خـزمـەتگـوزارییـە

بانکییەکان بگرنە بەر. ئەوەش وا دەکات کە بەکاربەر و خاوەنکار و پیشەکان و ئاڵوگۆڕکارەکان هیوایەکی زۆریان بەوەرگرتنی قەرز و پێشینە نوێیەکان، بەڵام بەشێوەی هەمان مەرجەکانی جاران نامێنێ و ناتوانن پشتی پێ ببەستن. هەر بۆیەش ناچار دەبن خەرجییەکانی بەکاربردنی خۆیان کەم بکەنەوە. بەمەش ئەوەی کە پێی دەگوترێت "کاریگەری شەپۆل ئاسا"(١) لە کایەی ئابووریدا دەست پێ دەکات. بەمانایەکی تر ژمارەیەکی زۆر لە خاوەنکار و چالاکڤانانی بازاڕ بۆ درێژەپێدان بە چالاکیی دارایی و ئابووریی خۆیان، ڕووبەڕووی چەندان جۆرە کێشە و تەنگوچەڵەمە دەبنەوە و لە هەمان کاتدا بەکاربەرەکانیش بەهۆی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەکاربردنی خۆیان، بێ بازاڕی و سستییەکی زیاتر لەناو بازاڕەکاندا دەخوڵقێنن.

٣-٨: تەنگوچەڵەمەی نەختینەیی بۆ خاوەنکار و پیشەکان

ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەزگا ئابوورییەکان ناتوانن سەرمایەی پێویست بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و توانای ڕاپەڕاندنی بەرنامەکانی گەشەپێدانی دەزگاکانیان نامێنێت یاخۆ توانای دابینکردنی خەرجییەکانی کاروباری ڕۆژانەی پرۆژەکانیان نامێنێ، لەو کاتەدا دەڵێن ئەو دەزگا ئابوورییانە تووشی "تەنگوچەڵەمەی نەختینەیی"(٢) بوونەتەوە. لەوانەیە ئەو تەنگ پێ هەڵچنینە، ببێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا و دامەزراوەکان قەبارەیەکی گەورە لە چالاکییەکانیان ڕابگرن یاخۆ بە شێوەیەکی کاتی دەزگاکانیان دابخەن و لە ئەنجامدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە کرێکارەکان تووشی بێکاری بن.

٤-٨: دەستبەسەرداگرتنی موڵکە بارمتەکراوەکان لەلایەن بانکەکانەوە

کاتێک بانکە پێشکێشکارەکانی کرێدیت ناچار بن بەهۆی بێ توانایی قەرز وەرگرەکان یاخۆ ئامادەنەبوونیان بۆ گەڕاندنەوەی و دانەوەی ئەو قەرز و

(1) Ripple Effect.

(2) Liquidity Squeeze.

پێشینەیەی کە وەریان گرتووە، ئەو مۆڵکانە کە بە شێوەی گرەونامە (وثیقة) لەلای بانکەکە بەگرەنتی دانرابوو، دەستی بەسەردا بگرن، ئەم حاڵەتە ئاسەوارێکی زۆر خراپی بۆ سەر کۆمەڵگە بەدوادا دێت. یەکەمیان ئەوەیە کە نرخی موڵک و خانووبەرەکان دادەبەزێت کە ئەمەش بەمانای دابەزینی ئاستی سامانی کۆمەڵگە بە تایبەتی سامانی چینی ناوەڕاست دێت. هەر ئەمەشە کە وا دەکات بەکاربەرەکان کەمتر ئارەزووی کڕین و فرۆشتنیان هەبێ. چونکە شتێکی سروشتییە کە بەهۆی دابەزینی ئاستی سامانەکانیان، هەست بەوە بکەن کە شوێن و پێگەی ئەوانیش لە بازاڕەکاندا لاوازتر بووە.

دووەمیان ئەوەیە کە بەهۆی چۆڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە موڵک و خانووبەرەکان، ئەو داهاتەی کە پێشتر حکوومەت لە ڕێی وەرگرتنی باجی خانووبەرە و باجی دەرامەتەوە دەستی دەکەوت، دادەبەزێ.

سێیەمیان ئەوەیە کە دابەزین و ناشیرینبوونی سیما و شکۆی ئابووریی وڵات کە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە موڵکەکان لە هەندێک شوێنی شارەکان دروست بووە، کار تێکردنی خراپی بۆ سەر ئابووریی شارەکان دەبێت.

چوارەمیان ئەوەیە کە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی بەلێشاوی موڵکەکان، زۆربەی کار و پیشە ئابوورییەکان کە پشت بە ڕەواج و بووژانەوەی ئابووریی شارەکان دەبەستن، تووشی زەرەر و زیانێکی لە ژمارە نەهاتوو دەبن.

٥– ٨: ڕێکارە بەپەلە و نالۆجیکییەکانی بەرپرسە حکوومەتییەکان

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی مەودای تەنگژەی کرێدیت، تەشەنەسەندن و گواستنەوەی ئەو تەنگژەیە لە بازاڕی بۆرسەوە بۆ بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئابووریی نیشتمانی تووشی لاوازبوون و بێ هێزبوون دەکات و بێکاری لە ئاستێکی بەرفراواندا پەرە دەستێنێ و ڕێژە و قەبارەی گەشەی ئابووری بەرەو خاڵی سفر یاخۆ لەوانەیە بەرەو ڕێژەی نێگەتیڤ بڕوات.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ئەو سیاسەتەی کە زۆربەی حکومەتەکان پەیڕەوی دەکەن ئەوەیە کە ئابووریی نیشتمانی خۆیان بە گوژمەی سەدان ملیار دۆلار پارەدار (تمویل) بکەن بەو هیوایەی کە کارکردی ناتەندروستی ئابوورییەکەیان بەرەو ئاراستەی چاکبوونەوە هەنگاو بنێ. بەو پێیەش ئەو جۆرە ڕێکار و بڕیارانەی بەپەلە وەردەگیرێن، زۆربەی کاتەکان لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر ئەنجام و ئاسەوارەکانیاندا ناکرێت. هەر بۆیەش پەیڕەوکردنی ئەو جۆرە سیاسەتانە، لەوانەیە ئەنجامەکان بەرەو ئاقارێکی خراپتر ببات.

٦–٨: هەرەسهێنانی بۆرسەکان و کەمبوونەوەی سامانە ئابوورییەکانی خێزان و دەزگا ئابوورییەکان

تەنگژەی کـرێدیت و بێ مـتـمـانەیی لە هەمـبـەر دەرامـەت و داهاتی چاوەڕوانکراو لە داهاتوودا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وەبەرهێنەرەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پشکەکانیان بفرۆشن و ئەو سەرمایەیەی کە لە دوای فرۆشتنی پشکەکانیانەوە دەستیان دەکەوێت، لە کەرت و سێکتەرەکانی تری ئابووریدا کە زیاتر جێی متمانە و دڵنیاییە، وەگەڕ بخەن.

٧– ٨: دەرکەوتنی نیشانەکانی ترس و شپرزەیی لە نێوان بەکاربەرەکان و دەزگا ئابوورییەکان

ئەگەر چارەسەرییەک بۆ تەنگژە داراییەکان نەدۆزرێتەوە و بارودۆخ و ڕەوشی تۆڕ و دەزگا بانکی و کرێدیتییەکان وەکو خۆی و بە خراپی و نالەباری بەجێ بهێڵدرێت، ئەو کاتە لەناو سیستەمی داراییدا متمانە نامێنێ و زۆربەی وەبەرهێنەرەکان ڕەوشی بازاڕی کرێدیت خراپتر لە دۆخە حەقیقییەکەی دەبینن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی گرتنە بەری ڕێوشوێنی بەپەلە و نالۆجیکی، ئەو سامانە کەمەی کە لە بەردەستیاندا ماوە، بیپارێزن. لەو قۆناغەشدا، هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر بۆرسەکان دەست پێ دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوە داراییەکان هەرەس دەهێنن و بەم جۆرەش بارودۆخ و ڕەوشی کرێدیت و دارایی و ئابووری بەرەو ئاقارێکی خراپتر دەڕوات.

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

1 . Black, Fisher and Myron Scholes, "The Pricing of Options and Corporate Liabilities" , Journal of political economy, vol. 81, may-june 1973, pp. 637-659.

- Merton, Robert, "Theory of Rational Options Pricing", Bell Journal of Economics and Management Sciens, Vol. 4, Spring 1973. pp. 141-183.

بەشی سێیەم

# پوختەیەک لە ئابووریی جیهان و ڕەوشی ئابووریی هەندێک لە وڵاتەکان بەر لە ئەیلوولی ٢٠٠٨

١- پوختەیەک لە ڕەوشی ئابووریی جیهان

تاوگـرتن و پەرەسـەندنی تەنگژەی کـرێدیتی ئەمـەریکا لە ئەیلوولی ٢٠٠٨ چەندان ڕەهەند و ئـاسـەوار و لایەنی جیـاجـیـای لێ کەوتەوە کە بۆ تێگەیشتن لەو ئاسـەوارانە پێـویسـتـە کـورتە ئامـاژەیەک بۆ هەلومـەرجی ئابووریی وڵاتە زلهێزە پیشەسازییەکان بەر لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکە بدەین.

هەر لـەو بەشــەدا دەمـانەوێ وەڵامـی ئەو پرسـیـارە بدەینەوە کـە ئابووریی جیهان لە سەروبەندی ئەیلولی ٢٠٠٨ لە چ بارودۆخ و هەلومەرجێکدا بووە؟

هـەروەک چۆن دواتر ئـامـــاژەی پـێ دەدەین، لـە ســـاڵانـی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ چەندان تەنگژەی دارایی هەندێک جار بەشـێوەیەکی نەرم و هەنـدێک جـاریش بەشـێـوەیەکی دژوار بینرا بوون، ئەو تەنگژانە زەمـینەیان بـۆ هەرەسـهێنانی بۆرسـەکـان لە ئـەیلوولی ٢٠٠٨ خـۆش کـرد. دوای ئەوەی کـە بەرزبـوونەوە و گـۆڕانـی نرخی کـاڵاکـان لە دوو دەیـەی هەشـتـاکـان و نـەوەدەکـانی سـەدەی ڕابردوو تووشی سستی و وەستـان هات، دواتر نـرخی هەندێک لە کاڵاکان لە دەیەی ٢٠٠٠ی زاینی بەرز بووەوە. لـە کـۆتاییـیـەکـانی سـاڵی ٢٠٠٧ نـرخی هەندێک کـاڵا بە تایبـەتی کـەرەسـتـەی خـۆراک و نەوت بەشـێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد کە ئەویش بووە هۆی دروستبوونی نیگەرانییەکی قووڵ لەمەڕ زیانە ئابوورییەکانی بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵایانە.

له مانگی کانوونی دووه‌می ساڵی ٢٠٠٨ نرخی نه‌وتی خاو بۆ یه‌كه‌مین جار له سنووری ١٠٠ دۆلار بۆ هه‌ر به‌رمیلێك تێپه‌ڕی كرد و گه‌یشته ١٠٢,٠٨ دۆلار. ڕه‌وتی ڕوو له هه‌ڵكشانی نرخی نه‌وتی خاو درێژه‌ی هه‌بوو و له مانگی ته‌مووز گه‌یشته نزیكه‌ی ١٤٧ دۆلار بۆ هه‌ر به‌رمیلێك. هه‌رچه‌نده ئه‌م حاڵه‌ته زۆری نه‌خایاند و له ماوه‌یه‌كی كورتدا دابه‌زی.

به‌رزبوونه‌وه‌ی نه‌وتی خاو و كه‌ره‌سته‌ی خۆراك چه‌ندان ئاسه‌واری لێ كه‌وته‌وه كه لایه‌نه جیاجیاكانی ئه‌و بابه‌ته له مانگی ته‌مووزی ساڵی ٢٠٠٨ له سی و چواره‌مین دانیشتنی سه‌رۆكه‌كانی وڵاته‌كانی گرووپی ٨ خرانه به‌رباس و لێكۆڵینه‌وه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌هۆی ده‌ركه‌وتنی نیشانه‌كانی بێ بازاڕیی ئابووری له نیوه‌ی دووه‌می ساڵی ٢٠٠٨ و شیمانه‌ی دابه‌زینی قه‌باره‌ی خواست له‌سه‌ر كاڵاكان، نرخی زۆربه‌ی كاڵا و خزمه‌تگوزارییه‌كان به‌شێوه‌یه‌كی به‌رچاو دابه‌زی.

به‌پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هه‌واڵی ڕۆیته‌رز، له مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ هه‌ڵئاوسان له ئابووریی نیشتمانی زۆربه‌ی وڵاته پیشه‌سازییه‌كان به درێژاییی ماوه‌ی ١٠ تاوه‌كو ٢٠ ساڵی ڕابردوو له به‌رزترین ئاستی خۆیدا بوو.

ده‌كرێ هه‌ندێك له هۆكاره‌كانی دروستبوونی ئه‌و هه‌ڵئاوسانه به‌شێوه‌ی خواره‌وه بژمێرین:

به‌رزبوونه‌وه‌ی خستنه ڕووی دراو، ئاسانكارییه تازه‌كانی بواری دراو له‌لایه‌ن فیدراڵ ڕێزێرڤ به‌مه‌به‌ستی كۆنترۆڵكردنی ته‌نگژه‌كانی بواری كرێدیت، به‌رده‌وامبوونی گه‌شه‌ی ئابووریی ئاسیا دوا به‌دوای په‌یڕه‌وكردنی سیاسه‌ته تازه‌كانی بواری پاره و دراو، سه‌وداكاری له بازاڕی كاڵاكان، دابه‌زینی ئاستی به‌رهه‌مه كشتوكاڵییه‌كان به‌هۆی هه‌لومه‌رجی ناله‌باری سروشتی، به‌رزبوونه‌وه‌ی تێچوونی هاورده له وڵاتی چین، به‌رزبوونه‌وه‌ی خواست له‌سه‌ر كه‌ره‌سته‌ی خۆراك له هه‌ندێك له وڵاته تازه پێگه‌یشتووه‌كاندا.

له‌لایه‌كی تر لێكۆڵینه‌وه‌كانی سندووقی نێوده‌وڵه‌تیی دراو نیشانی ده‌دات كه له ناوه‌ڕاستی ساڵی ٢٠٠٨ به‌رزترین نرخی هه‌ڵئاوسان تایبه‌ت به‌و وڵاتانه

بووە کــە خــەریکی پەرەســەندنی بواری نـەوت بوونـە و هۆکــاری ئـەوەش بۆ بەرزبـوونەوەی بـەرچاوی پاشــەکــەوتی دراو و ڕۆڵـی ئەو پـاشــەکــەوتانـە لە دروستبوونی هەڵئاوسان دەگەڕێتەوە.

لە ڕاپۆرتـەکـانی سندووقـی نێـودەوڵەتیی دراو بە دیار دەکـەوێت کـە ڕێژەی هەڵئـاوســان لە هەندێک وڵاتـی تازە پێگەیشـتـوو کە داهـاتی نەوتیـان نییـە، بەهۆی بەرزبـوونەوەی نرخـی نەوتی خـاو و کـەرەستـەی خـۆراک یەکجـار زۆر بووە.

خشتەی خوارەوە ڕەوشی ئابووریی هەندێک لە وڵاتەکانی جیهان نیشان دەدات.

| | ٢٠٠٧ | پێشبینیی ٢٠٠٨ | پێشبینیی ٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|
| جیهان | ٥ | ٣,٩ | ٣ |
| ئەمەریکا | ٢ | ١,٦ | ٠,١ |
| ژاپۆن | ٢,١ | ٠,٧ | ٠,٥ |
| ڕووسیا | ٨,١ | ٧ | ٥,٥ |
| چین | ١١,٩ | ٩,٧ | ٩,٣ |
| هیندستان | ٩,٣ | ٧,٩ | ٦,٩ |

گەشەی ئابووریی هەندێک لە وڵاتەکانی جیهان (بەڕێژەی سەدی ٪)

ژێدەر: سندووقی نێودەوڵەتیی دراو - مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨

هەروەها ڕەوشی بێکاری لە گشت جیهان جێی مەترسی و نیگەرانییە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار ILO[١] ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە

(1) International Labour Organization

دەستپێکی ئەو تەنگژەی ئێستا تاوەکو کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٩ تووشی بێکاری دەبن، دەگاتە نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس. ئەو بێکارییە زیاتر لە بەشەکانی پیشەسازی و کەرەستەی بیناسازی، دروستکردنی ئۆتۆمۆبێل، خانووبەرە، نیشتەجێبوون، خزمەتگوزاری دەبێت. بەمەش کۆی گشتیی ژمارەی بێکارەکانی جیهان بۆ یەکەمین جار لە نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەس تێپەڕ دەکات.(١)

هەروەک چۆن لە خشتەی سەرەوە بە دیار دەکەوێت گەشەی ئابووری لە هەموو ئەو وڵاتانە لە حاڵەتێکی ڕوو لە داکشان و دابەزیندایە.

بێگومان ڕێژە و ئامارەکانی ئەو خشتەیە کە لە مانگەکانی داهاتوو پێداچوونەوەی لەسەر دەکرێت، ڕێژە و ژمارەیەکی کەمتر بۆ گەشەی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٩ نیشان دەدات.

٢- ڕەوشی ئابووری لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکان

١-٢: ئەمەریکا

ئالێن گرین سپەن[1] سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕێزێرڤی ئەمەریکا لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٨ ڕای گەیاند کە "تەنگژەی ئێستای دارایی ئەمەریکا خراپترین و دژوارترین تەنگژەی دارایی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییە".(٢)

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پرسیارێکی گرینگ کە دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە ئاخۆ ئابووریی ئەمەریکا بەر لە گەیشتن بە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨یش هەر لە حاڵەتی سستیی ئابووری دابووە؟.

یەکێک لە پێناسە باوەکانی حاڵەتی سستیی ئابووری ئەوەیە کە گەشەی ئابووری بە لانی کەم بۆ ماوەی دوو خولی لە دوای یەکی سێ مانگی لە حاڵەتی نێگەتیڤ دابێت.(٣)

---

(1) Alan Greenspan

بەگـوێرەی ئەو پێناسـەیە و بـەپێی ئەو ئـامـارەی کـە لەلایـەن "نووسـینگەی شـیکاری و لێکدانەوەی ئـابووری"[١] بڵاو کـراوتەوە، بـە دیار دەکـەوێ کـە لە مـانگی ئایاری سـاڵی ٢٠٠٨ پێـوەری تێکڕای بەرهەمی نـاوخـۆیی GDP لە دوو خـولی سێ مـانگەی پێـشـووتر پۆزەتیڤ بووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەندێک لە ئابووریناسەکان لەو بڕوایەدان کە ئەگەر کاریگەری هەڵئاوسـانیش لە بەرچاو بگرین و حیسـابی بۆ بکەین، ئەو کاتە پێوەری گەشـەی ئابووریی GDP لە دوو خولی سێ مانگەی لە دوای یەک نێگەتیڤ دەبێت. بۆیـە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمەریکا لە سەرەتاکانی مانگی ئەیلوولی سـاڵی ٢٠٠٨ پێی ناوەتە قۆناغی سـسـتـیی ئابوورییـەوە. لەلایەکی تر، ئەنجـامی لێکۆڵینـەوەکـانی هەندێک لە ڕێکخراوە نـاسراوە ئابوورییەکانی وەکو" نووسـینگەی نیشـتمـانیی لێکۆڵینەوە ئابوورییـەکان" NBER[٢]یش حـاڵەتی سـستـیی ئابووریی ئـەمەریکا پشـتڕاست دەکەنەوە.

مـارتین فلدشـتـاین[٣] کە تاوەکو مـانگی حوزەیرانی سـاڵی ٢٠٠٨ سـەرۆکی ئەو نووسـینگەیە بوو. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئـاژانسی هەواڵی بلومـبێرگ دەڵێت:" ئەمـەریکا مـاوەیەکی زۆرە پێی ناوەتە قـۆناغی سـستـیی ئابوورییـەوە و ڕەوشــەکـە بـەشـێـوەیەکـە کـە فـیـدراڵ ڕێزیرڤـیش نـاتوانێ کـارێکی ئـەوتۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە ئەنجام بدا.(٤)

ڕەوشی بێکاری لە ئەمـەریکا لە سـەرەتاکـانی مـانگی ئەیلوولی سـاڵی ٢٠٠٨ زۆر جیدی و جێی هەڵوەسـتە لەسـەر کردن بوو. لە ڕۆژی ٥ی مـانگی ئەیلوولی سـاڵی ٢٠٠٥ دیپـارتمانی هـێزی کاری ئـەمـەریکا، لە مـیـانی ڕاپـۆرتێکدا ڕای گەیاند کە ئاستی بێکاری گەیشتووەتە ڕێژەی ٦,١٪. کە ئەو ڕێژەیە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو بێ وێنە بووە.(٥)

بۆ تێگەیشـتن لە ڕادەی دژواری و خـراپیی ڕەوشـی بازاڕی کـار لە ئابووریی

(1) Bureau Of Economic Analysis .

(2) National Bureau Of Economic Research .

(3) Martin Feldstein .

ئەمەریکا، تەنیا پێویستە سەرنج بدەینە ئەو دیمانەیەی کە برشتاینی ئابووریناس لە "ئەنستیتۆتی سیاسەتی ئابووری"[1] لە واشنتۆن لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئەنجامی داوە، برشتاین لەو دیمانەیەدا وتوویەتی: "ڕێژەی بێکاری لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ٦,١ ٪ بەرز بووەوە. نزیکەی ٨٤٠٠٠ هەلی کار لە مانگی ڕابردوو تووشی لەناوچوون هاتن کە زۆر زیاتر بوو لەو ژمارەیەی کە پێشتر ئابووریناسەکان پێشبینییان کردبوو."

بەپێی ڕاپۆرتی"دیپارتمانی بەکارخستن " لە حکوومەتی ئەمەریکا، ژمارەی ئەو هەلی کارانەشی کە لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووز لەناو چووبوون، زۆر زیاتر بوو لەو ڕێژەیەی کە ئابووریناسەکان مەزەندەیان کردبوو. لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ تاوەکو مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ نزیکەی ٦٠٥ هەزار کەس بۆ ژمارەی بێکارەکان زیاد بوون. ڕێژەی بێکاری کە لە نزیکەی ٥,٧ ٪ لە مانگی تەمووز گەیشتووەتە نزیکەی ٦,١ ٪ لە مانگی تشرینی یەکەم، کە بە بەرزترین ڕێژەی بێکاری لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٣ بەولاوە دەژمێردرێ. بەرزبوونەوەی ژمارەی بێکارەکان لە ماوەی ٨ مانگی لە دوای یەک، بەچاکی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئابووریی ئەمەریکا پێی ناوەتە قۆناغی سستیی ئابوورییەوە.(٦)

ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە بووە هۆی ئەوەی کە نیشاندەری پیشەسازی داوجۆنز دوای تەنیا چل خولەک لە دەستپێکی ئاڵوگۆڕەکان نزیکەی ١٠٠ خاڵ دابەزێ.

## ٢-٢: ئینگلتەرا

ئابووریی ئینگلتەرا لە سەروبەندی ئەیلوولی ٢٠٠٨ لە بارودۆخێکی زۆر نالەبار دابووە. بەپێی ڕاپرسییەکی وەرزی کە "ئەنستیتۆتی بەڕێوەبەرەکان"[2] لە لەندەن لە ساڵی ١٩٩٦ بەولاوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام،

(1) Economics Policy Institute .

(2) Institute Of Directors .

مـەزەندەی نیشـاندەری گەشـبینی بۆ بازرگـانی لە ئینگلتـەرا دەکا، ڕای گـەیاند کـە ئەو پێـوەرە لە سـەرەتاکـانی سـاڵی ٢٠٠٨ لە نزمـترین ئـاسـتی خـۆیدا بوو. پێشـبینی و مەزەندەی هەندێک لە ڕێکخراوە ئابوورییەکان[1] نیشـانی دەدا کە ڕێژەی گـەشـەی ئابووریی ئەو وڵاتە لـە سـاڵی ٢٠٠٨ نزیکـەی (٥،١ ٪)ە کە بۆ ڕێژەی ١٪ لە سـاڵی ٢٠٠٩ دادەبەزێ. بەپێی وتەی جـان گی یەف[2] جـێگری بەڕێوەبەری بانکی ئینگلتـەرا (بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا) ڕێژەی هەڵئـاوسـان لە ساڵی ٢٠٠٩ دەگاتە نزیکەی ٤٪. لە کاتێکدا کە گەشەی ئابووری بەخێرایی ڕوو لـە دابـەزین دەکـــا. بـەبۆچـوونـی نـاوبراو" ئـابـووریـی ئـینـگـلـتـــەرا بـەرەو ئاراسـتــەی بێ بازاڕی دەڕوا و بـۆ گـەیشـتن بە خـاڵی کـۆتاییـهـاتن بـەو بێ بازاڕییە، هێشتا ماوەیەکی زۆر ماوە".(٧)

بەبۆچوونی مەروین کینگ[3] سەرۆکی بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا، "ئابووریی ئەو وڵاتە لەوانەیە لە دوای سێ مـانگی یەکـەمی سـاڵی ٢٠٠٩ بۆ مـاوەی دوو یاخـۆ سێ خـولی سێ مـانگی، ڕێژەیەکی نێگەتیڤ بۆ گەشـەی ئابووری تۆمـار بکا."

"نەیشن واید"[4] گـەورەترین بانکی ئینگلتـەرا لە بـواری پێـشـکێـشـکردنی پێشینە بارمـتەییـیەکان، ڕای گەیاند کە ئابووریی ئەو وڵاتە لە دوای دابەزینی ٨،١٪ی نرخی خـانووبەرە لە مـانگی تەمـووزی سـاڵی ٢٠٠٨ بە بەراورد لەگەڵ سـاڵی پێشووتر، بـەرەو ئاراسـتـەی سـسـتیی ئـابووری هەنگاوی ناوە. لە ڕۆژی ٣٠ی مــانگی تەمــووزی ســاڵی ٢٠٠٨، ڕێکخــراوی" Standard and Poor,s ڕای گەیاند کە نزیکەی ٧٠ هـەزار کـەس لە خاوەنەکانی یەکەکانی نیشـتـەجێبوون، سامان و داراییـیەکانیان لە حاڵەتی نێگەتیڤدایە. واتا نرخـی خانووبەرەکانیان کەمـترە لە بڕی ئەو پێشینەیەی کـە پێشـتر بۆ کڕینی یەکەکانی نیـشتەجێبوون

(1) Ernst & Young .

(2) John Gieve .

(3) Mervyn King .

(4) Nationwide .

وەریان گرتبوو. ئەو ژمارەیە لەوانەیە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بۆ نزیکەی ١,٧ ملیۆن کەس یاخۆ ناوەندیی یەک کەس لە هەر ٦ موڵکدارێک زیاد بکا.

بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئینگلتەرا لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ کەمترین ئاست لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو دابەزی و بۆ سێیەمین مانگی یەک لە دوای یەک دابەزینی بەرهەمەکانی لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کرد. ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە سێ مانگی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ تووشی مایەپووچبوون هاتن (ئیفلاسبوون)، بۆ ٣٦٨٩ کۆمپانیا بەرز بووەوە کە بەڕێژەی ١٦٪ لە ژمارەی پێشووتری خۆی لە سێ مانگی یەکەم زیاتر بووە و بەبەرزترین ڕێژە لەو ٥ ساڵەی دواییدا ئەژمار دەکرێ. وەبەرهێنەرەکانی کەرتی خانووبەرە لەو بڕوایەدان کە ژمارەی ئەو خانووانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئینگلتەرا و وێڵز دروست دەکرێن، لە ساڵی ١٩٢٤ بەولاوە بەکەمترین ژمارە، واتا کەمترین ئاستی دروستکردنی خانووبەرە هەژمار دەکرێ. هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئابووریی ئینگلتەرا هەموو مەرجەکانی تووشبوون بەحاڵەتی سستیی ئابووری تێدا بەدی دەکرێ.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی "فەرمانگەی نیشتمانیی ئامار"(١) ژمارەی داواکارانی وەرگرتنی بیمەی بێکاری کە خوازیاری وەرگرتنی پارەی بیمەی بێکارین، دەگاتە نزیکەی ٩٠٤٩٠٠ کەس.(٨)

هەرچەندە هەندێک لەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری کۆکردنەوەی ئامار و زانیارییەکاندا کار دەکەن، ئەو ژمارەیەیان تاوەکو نزیکەی ١,٧٢٠,٠٠٠ (یەک ملیۆن و حەفت سەد و بیست هەزار) کەسیش مەزەندە کردووە(٢). لە ڕاستیدا دابەزینی گەشەی ئابووریی ئینگلتەرا لە ساڵی ٢٠٠٨، بەخاڵی کۆتایی گەشەی بەردەوامی ئابووری بۆ ماوەی ١٦ ساڵی بەردەوام دادەنرێ کە لە سەدەی نۆزدەم بەولاوە بێ وێنە بووە.

(1) The Office Of National Statistics .

(2) Labour Force Survey .

٣– ٢: وڵاتەكانی ناوچەی یۆرۆ

لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٨، بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوچەی یۆرۆ بۆ ڕێژەی ١,٩٪ دابەزی کە بە بەرزترین ئاست لە ساڵی ١٩٩٢ بەولاوە دەژمێردرێ. فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێلە ئەوروپاییەکان لە مانگی ئایار بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتر ٧,٨٪ دابەزی و لە مانگی حوزەیران فرۆشتن بەشێوەی تاک بە بەراورد لەگەڵ مانگی ئایار ٦,٠٪ و بە بەراورد لەگەڵ مانگی حوزەیرانی ساڵی پێشووتر بەڕێژەی ٣,١٪ دابەزینی بەخۆوە بینی. وڵاتی ئەڵمانیا لە نێوان چوار ئابوورییە زەبەلاحەکانی ناوچەی یۆرۆ، بەتاکە وڵات دەژمێردرێ کە لە مانگی تەمووز بەرزبوونەوەی لە بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆیدا تۆمار کردبوو.

هەرچەندە ئەو بەرزبوونەوەیە بە بەراورد لەگەڵ بەرزبوونەوەی ساڵی پێشووتر زۆر کەم بوو و شایانی ئاماژە پێکردن نەبوو.

کەواتە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەو وڵاتانە بەشێوەیەکی گشتی دوای تێپەڕاندنی بارودۆخێکی سەخت و ناهەموار گەیشتنە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ و بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی ئابوورییەکانیان ئومێدبەخش نەبوو.

٤–٢: ژاپۆن و سینگاپوور

لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ یەکێک لە کاربەدەستانی حزبی دەسەڵاتداری لیبراڵ دیموکراتی ژاپۆن بەناوی "تارۆ ئاسۆ"(١) ڕای گەیاند کە بەبۆچوونی ئەو، ژاپۆن پێی ناوەتە قۆناغی سستی و کزبوونەوەی ئابوورییەوە.(٩)

لە سێ مانگی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨، ئاستی گەشەی ئابووریی وڵاتی ژاپۆن بەڕێژەی ٦,٠٪ دابەزی کە دواتر ڕاگەیەنرا کە ڕێژەی ٦,٠ ٪ هەڵەیە و ڕاستەکەی ڕێژەی (٧,٠٪ )ە. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ ئاستی

(1) Taro Aso .

هەناردەکانی ژاپۆن بۆ یەکەمین جار لە ماوەی پێنج ساڵی پێشووتر بۆ ڕێژەی ١,٧٪ دابەزی.(١٠)

هەر لەو مانگەدا، بڕی هەناردەی ژاپۆن بۆ ئەمەریکا و یەکەتیی ئەوروپا بۆ ئاستی ١١,٧٪ دابەزی. لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨، بڕی هەناردەکانی ژاپۆن بەبەراورد لەگەڵ هەمان ڕێژە لە ساڵی پێشووتر بەڕێژەی نزیکەی ٣,٠٪ بەرز بووەوە، بەڵام بەبەراورد لە مانگی پێشووتر نزیکەی ٨٪ دابەزینی بەخۆوە بینی. لە هەمان مانگدا، بڕی هەناردەکانی ژاپۆن بۆ ئەمەریکا ٢١,٨٪ دابەزی کە بەگەورەترین ئاستی دابەزین لە مێژووی هەناردەکاریی ژاپۆن بۆ ئەمەریکا دادەنرێ. لێرەدا بەدیار دەکەوێ کە وڵاتی ژاپۆن لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨، لە باروودۆخێکی زۆر ناسەقامگیر و شڵەژاو دابووە.

لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨، بانکی ناوەندیی سینگاپوور لە پێشبینییەکانی خۆیدا ڕای گەیاند کە ڕێژەی گەشەی GDP کە پێشتر بەڕێژەی ٤ تاوەکو ٦٪ ڕاگەیەنرابوو، هەڵەیە و ڕاستییەکەی (٤ تاوەکو ٥٪)ە و لە پێداچوونەوەیەک کە دواتر ئەنجام درا، ئەو ڕێژەیە بۆ ڕێژەی ٣٪ ڕاست کرایەوە.

کەواتە وڵاتی سینگاپووریش بە قەبارەیەکی گەورەی نەختینەیی و لە کاتێکدا کە پێشبینیی تەنگژەی ئابووریی لێ دەکرا، پێی ناوەتە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨.

٣- بڵقی بازاڕی خانووبەرە لە ئەمەریکا

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دەستنیشانکردنی ئەوەی کە پێی دەگوترێ" بڵقە ئابوورییەکان "، کارێکی سەخت و دژوارە. لە زۆربەی کاتەکان بوونی بڵق، لە قۆناغە کۆتاییەکانی گەشەسەندن و دروستبوونیان یاخۆ لە دوای تەقینەوە و پووکانەوەیاندا بە دیار دەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئابووریناسەکان و شرۆڤەکارانی بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا لەو بڕوایەدان کە بڵقی خانووبەرە لە ساڵەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بە تەواوەتی دروست بووبوو و هەست بەبوونی دەکرا.(١١) بەشێوەیەکی گشتی، بڵقی خانووبەرە دەتوانێ

له بازاڕە لۆکال و نیشتمانی و هەرێمایەتییەکاندا سەرهەڵبدات. لە ویلایەتەکانی کالیفۆرنیا و فلۆریدا و کلۆرادۆ و میشیگان، ئەو بڵقە زیاتر بەرجەستە بووبوو، بەڵام دەتوانین بڵێین دواجار هەموو لایەنەکانی ئابووریی نیشتمانیی ئەمەریکای گرتەوە.

گەشەی خێرای نرخی خانووبەرە و گەیشتنی بەئاستێک کە لەو ئاستە بەولاوە بەگوێرەی ئاستی داهاتی خێزانەکان و هەروەها بەهۆی بوونی پێوەندی لە نێوان نرخی خانووبەرە لەلایەک و نرخی کرێی خانووەکان لە دیوەکەی تردا، چیی تر توانای بەرزبوونەوە و بەردەوامبوونی تێدا بەدی ناکرێ، دروستبوونی ئەم حاڵەتە بە گرینگترین پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی دروستبوونی بڵقی خانووبەرە دادەنرێ. دوای تەقینەوە یاخۆ پووکانەوەی ئەو بڵقە، ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی نرخی خانووبەرە دەست پێ دەکات و لە ماوەیەکی کەمدا دەگاتە ئاستێک کە قەبارەی باری دارایی و سامانی ژمارەیەکی زۆر لە خاوەنەکانی خانووبەرەکان ڕوو لە کەمبوون دەکا و شێوەیەکی نێگەتیڤ وەردەگرێ. لەبەرئەوەی بڕ و ئاستی ئەو قەرز و پێشینە بارمتەییەی کە بۆ کڕینی خانووبەرە وەرگیراوە، لە بەهای خانووەکان زیاتر دەبێت.

گرینگترین فاکتەر و هۆکارەکانی دروستبوونی بڵقی خانووبەرە بریتین لە: بەردەوامبوون لە دیاریکردنی نرخی زۆر نزم بۆ سوودی بانکی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، گەشەکردن و فراوانبوونی" پێشینە بارمتەییە ریسکدارەکان (مەترسیدارەکان)(١) "بەهۆی بوونی ئاسانکاری لە ڕادەبەدەر لە پێشکێشکردنی قەرز و پێشینەی بانکی، دروستبوون و هاتنە کایەی بارودۆخی سەوداگەری و ئاڵۆزی سەفتە و حەواڵە لە بازاڕی خانووبەرە.

لەبارەی دروستبوونی بڵقی خانووبەرە لە ئەمەریکا دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی ئەو بڵقە لە ئەمەریکا، تا ڕادەیەکی زۆر هاوکات و هاوزەمان بوو

(1) Subprime Mortgage .

لەگەڵ دروستبوونی ئەو بڵقە لە ئینگلتەرا و ئیسپانیا و تەنانەت کۆریای باشووریش.

لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەمەریکا نرخی خانووبەرە گەیشتە لووتکە و لە ساڵی ٢٠٠٦ بەولاوە ڕووی لە دابەزین کرد کە ئەو دابەزین و کەمبوونەوەیە تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە.

هەموارکردنی بەرچاو لە نرخی خانووبەرە کە بە نیشانەی دەستپێکی تەقینەوەی بڵقەکان دادەنرێ، یەکێک لەو پێوەرانەیە کە لە ڕێی ئەو پێوەرەوە هەست بە هاتنە کایە و بوونی حاڵەتی بڵق دەکرێ. لەبەرئەوەی هەروەکو پێشتریش باس کرا، زۆربەی کاتەکان بڵقەکان دوای تەقینەوە و پووکانەوەیان بەدیار دەکەون و هەست بەبوونیان دەکرێ. واتا تاوەکو کاتی تەقینەوەیان لە حاڵەتی نیمچە شاراوە و نادیاردان.

هەر لەبەرئەوەشە کە گرین سپەن، سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕێزێرڤ لە سەرەتای تەنگژەی پێشینە بارمتەییەکان لە ساڵی ٢٠٠٧ وتی:" من تاوەکو کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٥ و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ هەستم بەبوونی ئەو تەنگژەیە و دروستبوونی بڵقی خانووبەرە لە ئەمەریکا نەکردبوو ".(١٢)

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، تەقینەوەی بڵقی خانووبەرەی بە"گرینگترین مەترسی بۆ سەر ئابووریی ئەمەریکا "(١٣) ناوزەد کرد. سێ مانگ پێشتریش، شیلەر[1] (ئابووریناسی زانکۆی یەیل)[2] ڕای گەیاندبوو کە نرخی خانووبەرە لە ئەمەریکا لە ڕادەبەدەر بەرز بووەتەوە و چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو حاڵەتە پێویستی بە خەرجکردنی گوژمەیەکی چەندان تریلیۆن دۆلاری لەو کەرتەدا هەیە کە ئەم پرۆسەیەش ساڵانێکی زۆر دەخایەنێ.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە لە ساڵانی ٢٠٠١

---

(1) Robert Shiller .

(2) Yale University .

و ٢٠٠٢ ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە دەربازکردنی ئابووریی ئەمەریکا لە حاڵەتی سستیی ئابووریدا گێڕا. لەبەرئەوەی بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە لەلایەک و دابەزینی نرخی سوودی بانکی لەلایەکی تر، بڕە پارەی دیاریکراو بۆ دانەوە و گەڕاندنەوەی قیستەکانی قەرزە بارمتەییەکان کەمی کرد و بەمەش بەکاربەرەکان توانییان ئەو پارەیەی کە لە بەردەستیان دابوو، بۆ کڕینی کاڵاکانی بەکاربردن تەرخان بکەن کە ئەمەش بەفاکتەری کاراکردن و داینەمۆی بووژانەوە و گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە دادەنرێ.

لە بارودۆخێکی وەهادا، دابەزین و کەمبوونەوەی نرخی خانووبەرە دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر خراپ و تێکدەرانە بۆ سەر ئابووریی ئەمەریکا بگێڕێت. لەبەرئەوەی نەوەک تەنیا دەبێتە هۆی دابەزینی هێزی کڕینی بەکاربەرەکان، بگرە دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوون و سستیی بازاڕی دروستکردنی خانووبەرە و هەموو پیشەسازییەکانی تری تایبەت بەو کەرتە (دروستکردنی خانووبەرە) و هەروەها سستی لە کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە و زەویوزار و لاوازبوونی پێگەی "سندووقەکانی پاڵپشتی"[1] لە بازاڕی سەرمایە و بانکەکانی سەرمایەگوزاریی ناوخۆیی و بیانی کە لە ئەنجامدا لاوازبوونی هەموو ئەمانە، لاوازبوون و بێ هێزیی ئابووریی نیشتمانی لێ دەکەوێتەوە و وڵاتەکە بەرەو ئاراستەی سستی و بێ بازاڕیی ئابووری دەبات.

هەموو ئەو نیگەرانییانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ جۆرج بوش(١٤) سەرکۆماری ئەمەریکا و بێن بێرنانکی[2] سەرۆکی فیدراڵ ڕیزێرڤ پلانی دەربازکردنی ئابووریی ئەمەریکایان لە تەنگژەی بازاڕی خانووبەرە ڕاگەیاند کە ئەو پلانە زیاتر ئەو توێژەی لە خاوەنەکانی خانووەکان دەگرتەوە، کە لە توانایاندا نەبوو قەرز و پێشینەی خۆیان بدەنەوە. بەمەش نیوەی کرێدیتی ئەو پلانە بۆ دامەزراوە داراییە نیوە حکوومەتییەکانی بواری

(1) Hedge Fund .

(2) Ben Bernanki .

خانووبەرەی وەکو "فەنی مەی"[١] و "فرێدی مەک"[٢] و FHA[٣] تەرخان کرا.

١-٣: بایەخ پێنەدان و پشتگوێخستنی پێشبینییەکانی تایبەت بەدروستبوونی بڵقی خانووبەرە

هەروەکو پێشتریش باس کرا، زۆربەی کاتەکان بوونی بڵق لە بازاڕی خانووبەرە، لە قۆناغە کۆتاییەکانی دروستبوون یاخۆ لە کاتی تەقینەوەیاندا هەستیان پێ دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، پسپۆڕان و هەڵسووڕێنەرانی بازاڕی خانووبەرە، لەبارەی مەترسیی بڵق و شیمانەی تەقینەوەی ئەو بڵقە و ئەو ئاسەوارە نێگەتیڤانەی کە لە دوای خۆیدا بەجێی دەهێڵێ، نیگەرانیی خۆیان دەربڕی و هۆشدارییان دا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هۆشداریدان و ئاگەدارکردنەوانە کە چەندان جار لەلایەن بەرپرسان و داڕێژەرانی سیاسەتی ئابوورییەوە دووبارە بووبوونەوە، بەهەند وەرنەگیران و پشتگوێ خران. دەتوانین لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک لەو ئاگەدارکردنەوە و هۆشداریدانانە بکەین:

١- بەڕێوەبەری پێشووی کۆنترۆڵی ریسک و مەترسی[٤] لە کۆمپانیای فرێدی مەک کە بە یەکێک لە دوو ڕێکخراوە گەورەکانی پێشکێشکردنی کرێدیت لە بازاڕی پێشینە بارمتەدارەکانی ئەمەریکا دەژمێردرێن، لە میانی چەندان نامە بۆ سەرۆکی ئەو کۆمپانیایە[٥] لە ساڵی ٢٠٠٣ بوونی مەترسیی لەو بوارەدا ڕاگەیاند و وتی: ئەو کۆمپانیایە سەرچاوەی داراییی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پێشینە مەترسیدارەکان دابین کردووە و هەتاوەکو ئێستاش هەر لەسەر ئەو کارەیدا بەردەوامە و ئەمەش" نەوەک

---

(1) Fannie Mae .

(2) Freddie Mac .

(3) Federal Housing Adminstration .

(4) David Andrukonis .

(5) Syron .Richard F .

سەقامگیریی دارایی و هەیمەنە و شکۆی چەندان ساڵەی ئەو کۆمپانیایە دەخاتە ژێر مەترسییەوە، بگرە مەترسییەکی قووڵی داراییش دەخاتە سەر وڵاتەکە ".(١٥)

٢- تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠١یش" گرام لیچ"[1] بەڕێوەبەری پێشووی فیدراڵ ڕێزێرڤیش، مەترسی و هەڕەشەی ئەو قەرزە بارمتەدارانەی کە لە ریزی قەرزە مەترسیدارەکان پۆلێن کرابوون، بۆ سەر بازاڕی خانووبەرە ڕاگەیاندبوو. (١٦)

٣- لە ساڵی ٢٠٠٥، گۆواری ئیکۆنۆمیست لە بابەتێکدا نووسیویەتی: "بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە لە ئاستی جیهانی بەگەورەترین بڵقی خانووبەرە لە مێژوودا لە قەڵەم دەدرێ"(١٧) و بەو شێوەیە ئەنجامگیری و لێکدانەوەی بۆ دەکا: کە بە پلەی یەکەم دەبێ هەموو جۆرە شیکردنەوەیەک لەو بارەیەدا بێجگە لە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی فاکتەرەکان لەسەر ئاستی ئابووریی ئەمەریکا هەروەها دەبێ گۆڕانکارییە جیهانییەکانیش لە بەرچاو بگرێ. هەروەها بە پلەی دووەم دەبێ چاوەڕێی ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی ئەو زیانە ئابوورییانەی کە دەرهاوێشتەی تەقینەوەی ئەو بڵقەن، بکەین.

سەرباری ڕاگەیاندنی مەترسییە زۆر جیدییەکانی ئەو بوارە لەلایەن کەسانی شارەزا و بەرپرسانی ئەو بوارە، کۆشکی سپیش لە مێژووی ١٩ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ ڕای گەیاند کە سەرکۆمار لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە و ئاسەوارەکانی، چەندان پرسیاری لێ کراوە و ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی (١٨):" ئەگەر نرخی خانووبەرە بەخێرایی بەرز ببێتەوە، ئەو کاتە خەڵکیش بڕیاری کڕینی خانووبەرە نادەن و ئەمەش وا دەکات کە خەڵک شێوازی بەکاربردنی خۆیان بگۆڕن و..... لێ بگەڕێن با بازاڕەکان لەسەر ڕێچکەی خۆیان بەردەوام بن و کاری خۆیان بەدروستی

---

(1) Edward Gramlich .

ئەنجـام بدەن. من گـەرەنتی ئەوەتـان پێ دەدەم کـە پرسـیـاری لەو جـۆرە بە درێژاییی مێژووی دروسـتکردنی خانووبەرە و کڕین و فرۆشـتنیان، بەردەوام لە ئارادا بوونە.... هەر چۆنێک بێت ئەمە ڕێک میکانیـزمی کارکردنی بازاڕەکانە. هەمـوو ئابوورییەکـان دەبێ بەقۆنـاغەکانی گەشـەسـەندن و بێ بازاڕیدا، گوزەر بکەن ".(١٩)

بە هۆی گـرینگی و بایەخـی وەڵامـدانەوەی سـەرکـۆمـاری ئەمـەریکا، دەقی وتەی سەرکۆماری ئەمەریکامان لە کۆتاییی ئەو بەشـەدا نووسیوە.

زۆر جار بەرژەوەندییـەکانی دەزگا و ئاڵوگۆڕکارانی بازاڕی خـانووبەرە، کار تێکردنی لەسـەر بۆچوونەکـانی پسـپـۆڕەکـانیش هەبووە و وای کـردووە کـە ئەنجـامـەکـان هەندێک جـار بەدەسـتکارییـەوە ڕابگەیەنرێن. بۆ نموونـە لە سـاڵەکـانی ٢٠٠٥ و سـەرەتاکـانی سـاڵی ٢٠٠٦ ئابووریناسـی بەناوبانگی ئەنستیـتۆی فرێدی مەک و بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی خانووبەرەی زانکۆی هـارڤـارد[1]، نکووڵی لە بوونی بڵـقـی خـانووبەرە لـە ئابووریـی نیشـتمانیی ئەمەریکادا کرد و شک و گومانی خۆی لە بەرامبەر هەمـوو جۆرە دابەزینێکی بەرچاو لە نرخی خانووبەرە ڕاگەیاند و وتی دەبێ بارودۆخی زۆر گونجاو و لەباری بازاڕی کار، بەهۆکاری سەرەکیی بەردەوامبوون لـە حاڵەتی بەرزبـوونەوەی نـرخـی خـانووبەرە بزانین.(٢٠) لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەندێک لە پسپۆڕان لەو بڕوایەدان کە ئەو یارمەتییـە داراییانەی کە لەلایەن چالاکڤانانی بازاڕی ئاڵوگۆڕی خـانووبەرە لـە ئەمـەریکا بە سـەنتـەری لێکۆڵینـەوەی بەشـی خـانووبەرەی زانکۆی هـارڤـارد دراوە، کـاریگەری و ڕۆڵێکی گـەورەی لـە چۆنیەتیی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی ئەو سەنتـەرە هەبووە و وای کردووە کە ئەنجـامـەکـانی ئەو لێکۆڵینـەوانە لە بـەرژەوەندیـی ئاڵوگـۆڕکـارانـی بازاڕی خانووبەرەدا بشکێتەوە.(٢١)

---

(1) Harvard University, Joint Center For Housing Studies ( Jchs ) .

٢-٣: ئاسەواری بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە

بەرزبوونەوەی بێ وێنەی نرخی خانووبەرە لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٧ تاوەکو ٢٠٠٥ ئاسەوارێکی زۆر و بەرفراوانی بۆ سەر ئابووریی ئەمەریکا داناوە کە دەتوانین ئاماژە بە دوو نموونە لەو حاڵەتانە بدەین:

١- یەکێک لە ئاسەوارە ڕاستەوخۆکانی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە، دروستبوونی بازاڕگەرمییەکی وەهمی و ڕەواجێکی ناواقیعی لە کاری دروستکردنی خانووبەرە بووە. لە ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر لە یەک ملیۆن و دووسەد و هەشتا هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی تازە فرۆشران کە بەبەراورد لەگەڵ هەمان ژمارە لە قۆناغی ساڵەکانی ١٩٩٠ تاوەکو ١٩٩٥ نزیکەی شەش سەد هەزار یەکە زیاترە کە ئەمە زیادبوونێکی بەرچاو لەو بوارەدا نیشان دەدات. ئاسەوارە ناڕاستەوخۆکانی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە دەکرێ لە ڕێی بەرزبوونەوەی نرخی پشکەکان و داهاتی کۆمپانیاکانی خانووبەرەوە دەستنیشان بکرێن.(٢٢)

٢- دوا بەدوای بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە، وەرگرتنی پێشینە بارمتەدارەکان بە خێرایی زیادی کرد. مەزەندەکانی فیدراڵ ڕێزێرڤ نیشانی دەدات کە لە ساڵی ٢٠٠٥ خاوەنەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوون نزیکەی ٧٥٠ ملیار دۆلاریان لە ڕێگەی حیسابەکانی پێشینە بارمتەدارەکانەوە وەرگرت. بوونی ئەو پارە زۆرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون زۆر زیاتر بوو لەو نرخەی کە لە مەزەندە سەرەتاییەکاندا بۆ وەرگرتنی پێشینە بارمتەدارەکان، پێشبینی کرابوون. خاڵی سەرنجڕاکێش لەو نێوەدا ئەوەیە کە نزیکەی دوو لەسەر سێی (٣/٢) ئەو پارەیە، لە تێچوونەکانی بەکاربردن و نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوون و هەروەها لە بواری قەرەبووکردنەوە و دانەوەی قەرزەکانی کارتە کرێدیتییەکاندا خەرج کراوە (٢٣) کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا و بەشێوەیەکی سروشتی، ڕەواج و

بازاڕگەرمیی ئابووریی بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

٣- بەهۆی پەرەسەندنی بەرچاوی سستیی ئابووری لە ئەمەریکا کە دوا بەدوای "تەقینەوەی بڵقی ناسراو بە بڵقی تەکنەلۆجیا" (٢٤) و دابەزینی بەرچاوی پشکی کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت وەکو ئامازۆن و AOL ڕووی دا، هەندێک لە پسپۆڕە ئابوورییەکانی ئەمەریکا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دروستبوونی بڵقی خانووبەرە لە ساڵەکانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٠٣ کە بووە هۆی ڕەواج و بازاڕگەرمییەکی زۆر بۆ چالاکییە ئابوورییەکان، ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕێگەگرتن لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی سستیی ئابووریدا گێڕاوە.(٢٥)

٤- بەرزبوونەوەی خێرای نرخی خانووبەرە، بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەندێک ناوچەی گرانبەها لە ڕووی نرخی خانووبەرە و زەویوزار لە سەنتەری شارە گەورەکان، سوود لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی نرخەکان وەربگرن و لە ڕێی فرۆشتنی خانوو و یەکەکانی نیشتەجێبوونیان بەپەلە بەرەو ناوچە و شوێنەکانی قەراغ شارەکان کۆچ بکەن. بەمەش گەشەیەکی گرکاناوی و یەکجار گەورەی لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانی خانووەکان لە قەراغ شارەکان دروست کرد تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە هەندێک لە ناوچەکان، بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان بە قەد دوو یاخۆ سێ هێندەی خۆی بەرز بووەوە.(٢٦)

## ٣-٣: نیشانەکانی چاکبوونەوەی بازاڕ و لێدانی زەنگی مەترسی لەلایەن ئابووریناسان و تەقینەوەی بڵقی خانووبەرە

هەر کاتێک ئەو بڵقەی کە دروست بووە، لە گەشەکردن و گەورەبوونی خۆی بەردەوام بێت، زوو یا درەنگ نیشانەکانی "چاکبوونەوەی بازاڕ"[1] بە دیار دەکەون و وەبەرهێنەرەکانی بازاڕە واقیعییەکان و، سەوداکارەکانی بازاڕە کاغەزییەکان (کاغەزە بەهادارەکان)، درک بەو حەقیقەتە دەکەن کە یەکەم: ئەو

(1) Market Correction .

ڕەواجــەی کــە لــە بازاڕدا دروست بــووە، ناواقــیــعی و ناتــەواو بووە و دووەم: شیـمانەی بەرزبـوونەوەی زیاتری نرخـەکان لە ئارادا نییـە. کەواتە دوا بەدوای گــۆڕینی چۆنیـــەتیی هەڵســـوکـــەوتکردنی خـــۆیان لـە بازاڕ، دەبـنە هـۆی "چاکبوونەوەی بازاڕ". هەروەک چۆن پێشتریش باسمـان کرد بەداخەوە نەریت و میکانیزمی سایکۆلۆجیی زاڵ بەسەر هەڵسوکەوتی ئاڵوگۆڕکاران لە بازاڕە داراییـیەکان، بـەشێـوەیەکە کە ئەو چاکبـوونەوەیە لە جیـاتیی هێنانە کایەی چاکسـازی لە بازاڕەکان، دەبێتـە هۆی تـەقینەوەی بڵـقـەکە. ئـەوەش زیاتر لە هەلومـەرجێکدا ڕوو دەدات کە دەستێوەردانی بەرپرسـە دراوی و داراییـیەکان بۆ سنووردارکـردن و پێشگرتن لە گـەشـەکـردنـی زیاتری بڵـقـەکـە، لە دوای مـاوەیەکی زۆر و بەدواکـەوتنەوە ئەنجـام بدرێ. هەرچەندە نابـێ ئەوەش لە یاد بکەین کە نیشانەکانی چاکبوونەوەی بازاڕ، زیاتر لەو کاتانەدا بەدیار دەکەون کە بڵقەکە گەیشتووەتە ئاستێک لە گەشەکردن و بـەرفراوانبوون، کـە چیی تر ناکرێت ڕێ لە تـەقینەوەی بڵـقەکە بگیرێ. ئەمـەیان ڕێک ئەو حاڵەتەیە کە لە تەنگژەی ئێستای داراییی ئەمەریکا ڕووی داوە.

نیشـانەکانی چاکبـوونەوەی بازاڕی خانووبەرە لە سـاڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بەدیار کـەوتن و نرخی خـانووبەرە ڕووی لە کـەمـبوونەوە و دابەزین کـرد و بووە هـۆی ئـەوەی کــە ئـەو پرۆســەیـە و ئەو دەرهـاوێشــتــانەی کــە لـە ئەنجــامی بەرزبوونەوەی نرخی خـانووبەرەوە دروست بووبوون، ڕەوتێکی پێچـەوانە بگرنە بەر.

لە مــانگی ئـابی ســاڵی ٢٠٠٧ و دوا بەدوای دابەزیـنی ئاســتی فـرۆشـتنی یەکـەکانی تـازەی نیشتـەجێبوون، پشکەکانی کۆمپـانیای گـەورەی بیناسـازی (هۆرتن و پۆڵت) بۆ ڕێژەی (یەک لـەســـەر ســێی) بەرزترین ئـاســتی نـرخی پێـشـووتـری خـۆی دابـەزی. لـە سـاڵەکـانی ٢٠٠٠ تاوەکـو ٢٠٠٥ لە هەندێک لە شــار و ناوچـەکـان کـە گـەشــەیەکی زۆر بەرزیـان بەخـۆوە بینیـبـوو، پاشگەز بوونەوە (نکول) لە دانەوەی پـێـشـیـنە بارمـتـەدارەکـان، بووە هـۆی ئـەوەی کـە ڕێژەیەکی بەرچاو لە یەکەکانی نیشتەجێبوون کە وەکو گرەو و بارمتە لە بریی

پێشینه پێشکێشکراوەکان لەلای بانکەکان دانرا بوون، دەستیان بەسەر دابگیرێ. درێژە پێدان و بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێڕەوە، بووە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ پشکەکانی دوو دامەزراوەی گەورەی دارایی (فەنی مەی و فریدی مەک) کە لە بواری پێشکێشکردنی پێشینە بارمتەییەکاندا کاریان دەکرد، بەڕێژەیەکی یەکجار گەورە ڕوو لە دابەزین بکات. لەبەرئەوەی کە وەبەرهێنەرەکان و ئاڵوگۆڕکاران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو دوو دامەزراوە داراییە، سەرمایەی پێویستیان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانە نییە، کە لە ئەنجامی پێشکێشکردنی ٥ تریلیۆن دۆلار لە قەرز و پێشینە بارمتەدارەکان تووشی بووبوون. یاخۆ بە دیوێکی تر ناتوانن سەرمایەی پێویست بۆ گەرەنتیکردنی ئەو قەرزە پێشکێشکراوانە دابین بکەن.

لەلایەکی تر، بەپێی باکگراوندی مێژوویی لە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی نرخی خانووبەرەی ئەمەریکا، پێشبینییەکانی ژمارەیەکی زۆر لە ئابووریناسان و پسپۆڕانی بازاڕی خانووبەرە لەبارەی حاڵەتی "چاکبوونەوەی بازاڕ" و دابەزینی نرخی خانووبەرە بۆ ڕێژەی نزیکەی (٥٠٪)یان، ڕاست دەرچوو. کە لە درێژەی باسەکەماندا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەو پێشبینییانە دەکەین:

١- "بۆفێ" یەکێک لە بیرمەندە بەناوبانگەکانی بواری دارایی، لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ بەو شێوەیە باسی ڕەوشی بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا دەکا و دەڵێ:(٢٧) هەر کاتێک ڕەوتی ڕوو لە بەرزبوونی نرخەکان لە بازاڕ دەست پێ بکات و هەر کەسێک ببینێ کە دراوسێکەی لە ئەنجامی کڕین و فرۆشتنی کالآیەکی دیاریکراو، قازانجێکی زۆری وەدەست هێناوە، ئەوە دەبێتە هاندەرێک کە ئەو کەسەش بێتە ناو بازاڕەکان و کارێکی هاوشێوەی دراوسێکەی ئەنجام بدات. بە تەشەنەکردن و فراوانبوونی ئەو حاڵەتە لەناو کۆمەڵگەدا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نرخەکانی بازاڕی کالآکان و هەروەها لە بازاڕی خانووبەرەدا بەرز

دەبنەوە و سەرباری زانین و هەستپێکردنی ئاڵوگۆڕکاران لە وەهمیبوون و ناواقعیبوونی حاڵەتی بەرزبوونەوەی نرخەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕەوتە هەر بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەو کاتەی لە وادەی خۆیدا دوای تەقینەوەی بڵقەکە، تەنگژەکە ئاشکرا دەبێت و سەرهەڵدەدات. هۆکاری گوێنەدان و کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی حەقیقەتە ئابووری و داراییەکان لەلایەن چالاکڤانەکانی بازاڕەکان، بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە.

یەکەمیان بۆ ئەو ڕەهەند و تایبەتمەندییە سایکۆلۆجییانەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەسەر بازاڕە داراییەکاندا زاڵە، دەگەڕێتەوە کە بە "ئەقڵیەتی کۆ" لە هەڵسوکەوتی ئاڵوگۆڕکاران ناسراوە کە پێشتریش ئاماژەمان پێ داوە.

خاڵی دووەمی بۆ نەبوونی زانیاریی تەواو لەبارەی کاتی دروستی تەقینەوەی بڵقەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش بەهۆکار و فاکتەری سەرەکیی لە ئەستۆ گرتنی مەترسی و بەردەوامبوونی چالاکیی سەوداکارانی بازاڕەکان دادەنرێ، ئەمە و لە کاتێکدا هەموو ساتێک شیمانەی تەقینەوەی بڵقەکان لە ئارادیە.

٢- کۆواری بەناوبانگی "وال ستریت" لە مێژووی ٥ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ لە میانی بابەتێک بە ناونیشانی "دەربازبوون لە حاڵەتی بێ بازاڕی لە بازاڕی خانووبەرە" پێشبینیی خۆی لەبارەی ئەو تەنگژەیەوە بەو شێوەیە دەردەبڕێ: "شیمانەی دابەزینێکی بەرچاو لە نرخی خانووبەرە لە ئارادایە. لە ئێستادا ژمارە و ڕێژەی ئەو خانووانەی کە نەفرۆشراون، لە زیادبووندایە و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا بازاڕەکانی خانووبەرەی کالیفۆرنیا و ئاریزۆنا و فلۆریدا، تاوەکو ڕێژەی ٥٠٪ ڕووبەڕووی تەنگژەی دابەزین دەبنەوە".(٢٨)

٣- لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦، پۆل کرۆگمەن خاوەنی خەڵاتی نۆبلی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٨، بۆچوونی خۆی لەبارەی ڕەوشی بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا بەو شێوەیە دەخاتە ڕوو: "بەشێوەیەکی گشتی،

نرخی ئێستای خانووبەرە لە ئەمەریکا پێوەندیی هاوکێشەییی خۆی لەگەڵ ڕاستییە ئابوورییەکاندا لە دەست داوە و چاکبوونەوەی ئەو حاڵەتەش، ئاسەوارێکی زۆر خراپی بەدوا دادێ".(٢٩)

٤- دوا بەدوای دابەزینی بەرچاوی ئاستی فرۆشتن و لە ئەنجامی ئەوەشدا دابەزینی نرخی خانووبەرە، "نۆریەل ڕۆبینی"[١] ئابووریناسی زانکۆی نیویۆرک لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ هۆشداریی ئەوەی دا کە سێکتەری خانووبەرە لە ئەمەریکا لە بارودۆخی "کەوتنی سەربەست"دایە و لە دوای خۆیدا بەشەکانی تری ئابووریش تووشی سستی و دابەزین دەکا و لە ساڵی ٢٠٠٧ دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتی سستیی ئابووری.(٣٠)

٥- لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٦، ستیگلیز خاوەنی خەلاتی نۆبلی ئابووریی ساڵی ٢٠٠١، پێشبینیی ئەوەی کرد کە بەهۆی دابەزینی نرخی خانووبەرە لەوانەیە ئابووریی ئەمەریکا بکەوێتە حاڵەتی سستی و بێ بازاڕیی ئابوورییەوە.(٣١)

٦- ڕابەرت شیلەر، ئابووریناسی زانکۆی یەیل لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ لە میانی وتارەکەیدا کە لە سیمپۆزیۆمی ئابووری فیدراڵ ڕیزێرڤ پێشکێشی کرد، وتی: "ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ڕابردوودا لەبارەی خولە بازرگانییەکانەوە کراون، ئەوە نیشان دەدەن کە شیمانەی دابەزینی نرخی خانووبەرە لە هەندێک ناوچە تاوەکو نزیکەی ٥٠ ٪ لە ئارادایە و ئەو دابەزینە دەتوانێت لە ئەمڕۆ بەدواوە یاخۆ لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەست پێ بکات".(٣٢)

سەرەڕای هەموو ئەو هۆشدارییانە، میکانیزمی بازاڕە دارایییەکان، لەسەر ڕەوتی پێشووی خۆی بەردەوام بوو و نرخی خانووبەرە بەشێوەیەکی ڕوو لە بەرزبوونەوە درێژەی کێشا. لە ساڵی ٢٠٠٦ نرخی خانووبەرە گەیشتە ئاستێک کە لە زۆربەی شوێنەکانی ئەمەریکا، قازانجی بەکرێگرتنی خانووبەرە

(1) Nouriel Roubini

له قازانجی کڕینی خانووەکان زۆر زیاتر بوو.

دانەوەی مانگانەی پێشینە بارمتەدارەکان بەشێوەیەکی ناوەندی ١٦٧٨ $ (هەزار و شەش سەد و حەفتا و هەشت دۆلار) بوو کە بەبەراورد لەگەڵ ناوەندیی کرێی خانووەکان کە نزیکەی ٨٦٨ $ (هەشت سەد و شەست و هەشت دۆلار) بوو، ئەوەش بەو مانایە دێت کە بەشێوەیەکی ناوەندی بڕی قیستی مانگانەی کڕینی خانووەکان بەقەد نزیکەی دوو هێندەی کرێی ئەو خانووانە بوو.(٣٣)

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوتی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە، هەرچەندە بەشێوەیەکی ناواقیعیش بووبێ، بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کرێچییەکان ببنە خاوەنی خانووی تایبەتی خۆیان. لەبەرئەوەی کە وەرگرتنی پێشینە بارمتەدارەکان کارێکی زۆر ئاسان بوو، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکە بوو و لە دیوەکەی تردا، ڕەوتی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە زۆر زیاتر و خێراتر بوو لە ئاستی بەرزبوونەوەی داهاتی خێزانەکان. هەر بۆیەش بووە هۆی ئەوەی کە خێزانەکان بکەونە ژێر هەڕەشەی مەترسییەکی قووڵ و بەرفراوان.

لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە توانای گەڕاندنەوە و دانەوەی ئەو قەرز و پێشینە بارمتەدارەیان نامێنێ. لەم ڕووەوە، وەرگرتنی قەرزی بارمتەدار لەلایەن خێزانەکانەوە پێشوازییەکی زۆری لێ کرا، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە ڕێی وەرگرتنی ئەو جۆرە قەرزانە بە تایبەتی لەو کاتانەی کە نرخی سوود زۆر نزم بێت، خێزانەکان بەئاسانی دەتوانن ئەو خانووانەی کە مەبەستیانە، بکڕن.

گەڕاندنەوە و دانەوەی ئەو قەرزانەی کە لەلایەن خەڵکەوە وەرگیرابوون، لە ماوەی چەند ساڵی یەکەمدا کارێکی زۆر قورس نەبوو، چونکە خێزانەکان دەیانتوانی لە ساڵە سەرەتاییەکاندا لە مافی دانەوەی قیستی کەم سوودمەند ببن، بەڵام کاتێک کە فیدراڵ ڕیزێرڤ لە ساڵی ٢٠٠٥دا سیاسەتی

چڕکردنەوەی دراو (تقشف المالي)ی پەیڕەو کرد، بەرە بەرە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە ئەو جۆرە قەرزانەیان وەرگرتبوو، ڕووبەڕووی کێشە و گرفت بوونەوە. کێشەکەش ئەوە بوو کە بڕی قیستی مانگانەی ئەوان بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی "نرخی سوودی شیاو بۆ هەموارکردن" واتا ARM[١] بەرز بووەتەوە و گەیشتووەتە ئاستێک کە چیی تر توانای دانەوەی پارەی ئەو قیستانەیان نەماوە.

ئەو بابەتە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ زیاتر پەرەی سەند و بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە خاوەنەکانی قەرزە بارمتەدارەکان بە ناچاری لە دانەوەی قەرزەکانیان تووشی پاشگەزبوونەوە (نکول) هاتن و ژمارەیەکی زیاتر لە یەکەکانی نیشتەجێبوون کەوتنە ژێر مولکدارییەتیی بانکە قەرزدەرەکان و لەلایەن ئەو بانکانەوە دەستیان بەسەردا گیرا و ئەو کەلێنەی کە لە سیستەمی دارایی و کەرتی خانووبەرە دروست بووبوو، قووڵتر و فراوانتر بوو.

٣-٤: هۆشداریی پسپۆڕەکان لەبارەی تەنگژەی قەرزە بارمتەییە مەترسیدارەکان[٢] و کەمتەرخەمیی بەرپرسانەوە.

---

(1) Adjustable- Rate Mortgage .

(2) Subprime Mortgage .

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە زاراوەی subprime پێویستە ئاماژە بەدەستەواژەی prime rate یاخۆ نرخی سوودی نایاب بدەین کە لە ئەمەریکا ئەم دەستەواژەیە بۆ کەمترین نرخی سوود بەکار دەهێنرێ کە بانکەکان بۆ باشترین قەرزوەرگرەکانی خۆیان کە بەرزترین ئاست و پلەی کریدیتیان هەیە، پێشکێش دەکەن و زۆر نزیکە لە نرخی سوودی فیدراڵ ڕیزێرڤ Fed Fund Rate. هاوواتای ئەو دەستەواژەیە لە ئینگلتەرا Rate Base یاخۆ نرخی سوودی بنەڕەتییە کە هەمان نرخی سوودی نێوان خودی بانکەکانە کە بانکەکان بەپێی ئەو نرخە، قەرز پێشکێش بە یەکتری دەکەن. London inter bank offered rate LIBOUR: بانکەکانیش ئەو نرخە سوودە زیاتر پێشکێش بەو کەسانە دەکەن کە بەرزترین ئاست و پلەی شیاویی کریدیتیان هەیە. لە ئینگلتەرا، نرخی سوودی بنەڕەتی =

هەر وەکو پێشتریش باس کرا، ڕەوتی دابەزینی نرخی خانووبەرە بووە هۆی ئەوەی کە یەکەم: نرخی ژمارەیەکی زۆر لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ ئاستێکی کەمتر لە پارەی پێشینەی وەرگیراو دابەزێ و دووەم: دانەوەی مانگانەی قیستی ئەو قەرزانە بەشێوەیەک بەرز بووەوە کە نەوەک هەر کرێی مانگانەی خانووەکان (ئەگەر بەکرێ بگیرێن) زیاتر بەرز بووەوە، بگرە بەهۆی زیادنەبوونی داهاتی خەڵکەکە بەشێوەیەک کە بتوانێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی قیستەکاندا بگونجێ، ڕێژەیەکی بەرچاو لە قەرزوەرگرەکان توانای دانەوەی قیستەکانی خۆیان نەبوو و بەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو دامەزراوانەی کە لە بواری پێشکێشکردنی پێشینە مەترسیدارەکاندا کاریان دەکرد، تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاس) هاتن. هۆکاری سەرەکیی مایەپووچبوونی ئەو بانک و دامەزراوە داراییانە، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو خانووانە بوو کە بەهۆی (نکول) و پاشگەزبوونەوەی کڕیارەکان لە دانەوەی قەرزەکانیان بە ناچاری

---

= دەکەوێتە ژێر کاریگەریی نرخی سوودی پێشکێشکردنی قەرز Lending Rate، کە بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا BOE: Bank Of England لەسەر بنەمای ئەو نرخە، قەرز پێشکێش بە بازاڕی فرۆشتنی بە کۆمەڵی دراو دەکا. نرخی سوودی بنەڕەتی کە بنەمای قەرزپێدانی دەزگا داراییەکانە، بەگوێرەی نرخی سوودی پێشکێشکردنی قەرزی BOE دیاری دەکرێ. بەهەرحاڵ، نرخی سوود بۆ قەرزوەرگرە ئاساییەکان، زیاتر لە ڕێگەی هاوکێشەی کۆکردنەوەی نرخی سوودی نایاب (نرخی سوودی لانی کەم یاخۆ کەمترین سوود لە ئەمەریکا یاخۆ هەمان ئەو نرخەی سوودەی کە لە ئینگلتەرا ناسراوە) لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی کە پێوەندیی بە ریسک و مەترسیی قەرزوەرگرەکانەوە هەیە، وەدەست دێت و دەستنیشان دەکرێ. ئەویش لەبەرئەوەی کە لە بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکانی ئەمەریکا، پێشکێشکردنی قەرز و پێشینە زیاتر لەناو ئەو جۆرە داواکارانەدا باو بوو کە ریسک و مەترسیی کرێدیتیان لە ئاستی ستاندەر زیاتر بوو. بۆیە دەستەواژەی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان یا Subprime Mortgage بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێ.

دەکەوتنە ژێر موڵکدارییەتیی لایەنە قەرزدەرەکان و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بانگەوازی فرۆشتنی ئەو خانووانە لەلایەن بانک و دەزگا داراییەکان بووە هۆی دابەزینی زیاتری نرخی خانووبەرە کە ئەوەش (نکول) و پاشگەزبوونەوەی زیاتری قەرزوەرگرەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٧، زیاتر لە ٢٥ بانک و دەزگای دارایی لە بازاڕی کریدیتە مەترسیدارەکان، مایەپووچبوون (ئیفلاس)ی خۆیان ڕاگەیاند.(٣٤) پشکەکانی یەکێک لە گەورەترین دەزگا داراییەکانی ئەمەریکا لە بواری پێشکێشکردنی کریدیتە مەترسیدارەکان[1]، نزیکەی ٨٤ ٪ دابەزی و لە ئەنجامدا ئەو دەزگایە ناچار بوو لە مێژووی ٢ی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ فۆرم و بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ ڕاگەیاندنی مایەپووچبوون (ئیفلاس)ی خۆی تۆمار بکا.(٣٥)

هەروەک چۆن هۆشدارییەکانی پسپۆڕان لەبارەی دروستبوونی بڵقی خانووبەرە و تەقینەوەی ئەو بڵقە، لەلایەن کاربەدەستانی بواری دارایی بەهەند وەرنەگیرا، هەر بە هەمان شێوە لێدانی زەنگی مەترسی لەلایەن شارەزایان لەبارەی ئاسەوارەکانی هەرەسهێنانی سیستەمی پێشینە بارمتەدارەکانیش پشتگوێ خرا و تەنگژەی پێشینە بارمتەییەکان بەخێرایی تۆڕی بانکەکانی وەبەرهێنان و سندووقەکانی پاڵپشتی و دەزگا داراییەکانی تری تەنییەوە و ئەو تەنگژەیە بۆ بەشی واقیعیی ئابووری گوازرایەوە کە ئەویش لە ئەنجامدا بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری و دابەزینی خەرجییەکانی بەکاربردنی بەدوادا هات.

لە خوارەوە ئاماژە بەچەند نموونەیەک لە هۆشدارییەکانی پسپۆڕان لەو بارەیەدا دەکەین:

١- لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٧ و لە سەروبەندی هەرەسهێنانی بازاڕی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان، سەرۆکی لیژنەی بانکەکان لە

(1) New Century Financial

کۆنگرێسی ئەمەریکا، پێنج گەورە کۆمپانیای پێشکێشکردنی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکانی بۆ پرسیارکردن لەبارەی چۆنیەتیی پێشکێشکردنی ئەو قەرز و پێشینەیە، بانگهێشتن کرد و دواتر ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: "شێوازی داپلۆسێنەرانە و چەوساندنەوەکارانەی پێشکێشکردنی ئەو جۆرە قەرزانە، مولکدارییەتیی چەندان ملیۆن کەسی خستووەتە ژێر مەترسییەوە."(٣٦)

٢- "لوو ڕانیری"[1] یەکێک لە پسپۆڕە بەناوبانگەکانی بواری دارایی لە بانکی وەبەرهێنانی "سالۆمەن برادرز"[2] کە "بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیرکراوەکان" بە یەکێک لە داهێنانەکانی ئەو کەسە لە دەیەی ١٩٧٠ لە قەڵەم دەدرێ، لە مێژووی ١٢ی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٧ لە میانی وتارێک بەو شێوەیە باسی بارودۆخی تەنگژەی کرێدیت دەکا:

"ئەمە هێشتا سەرەتای زریانەکەیە.... ئەگەر پێتان وایە کە ئەو حاڵەتەی ئێستا شتێکی خراپ و نەخوازراوە، بیر لەوە بکەنەوە کە لە ناوەڕاستی تەنگژەکە بارودۆخەکە بە چ شێوەیەک دەبێت؟!!". لە ڕوانگەی ڕانیری، دوای ئەوەی کە تەنگژەکە لە بازاڕی پێشینە مەترسیدارەکان بۆ بازاڕی پێشینە بارمتەییە نایابەکان بگوازرێتەوە لەوانەیە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار لە قەرزە بارمتەییە پێشکێشکراوەکان تووشی پاشگەزبوونەوە (نکول) ببن.(٣٧)

٣- بەڕێوەبەری گەورەترین سندووقی کاغەزە بەهادارەکان لە جیهان PIMCO، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ هۆشداریی ئەوەی دا کە تەنگژەی ئێستای پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان، دیاردەیەک نییە کە تەنیا بەبازاڕە پێشینە بارمتەدارەکان ببەسترێتەوە، بەڵکو لە ئاکامدا ئەوانەی

---

(1) Lou Raniri .

(2) Saloman Brothers .

کە لە بەشی واقیعیی ئابووریشدا کار دەکەن، ئەو تەنگژەیە بەرۆکیان دەگرێ و تووشی قوربانیدانیان دەکا.(٣٨)

٤- دەستەیەک لە شرۆڤەکارانی بواری دارایی لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٧ پێشبینیی ئەوەیان کرد کە هەرەسهێنانی بازاڕی پێشینە بارمتەدارە مەترسیدارەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بانکانەی کە لە بواری وەبەرهێنان لە وال ستریتدا کار دەکەن و لە هەمان کاتدا بە هەڵسووڕێنەرانی ئاڵوگۆڕکارییەکانی "بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیراوەکان" MBS[1] لە قەڵەم دەدرێن (وەکو بییەر ستێرنز، لێمەن برادرز، گۆڵدمەن ساکس، مەریل لینچ، مۆرگان ستەنلی)،(٣٩) ڕووبەڕووی دابەزینی داهات و مەترسیی مایەپووچبوون (ئیفلاس) دەبنەوە.(٤٠)

٥-٣: نیشانەکانی هەرەسهێنان لە بازاڕی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان.

بەهۆی ئەوەی کە هۆشداریدانەکانی پسپۆڕە داراییەکان لەلایەن بڕیار بەدەستانی بواری دارایی بەهەند وەرنەگیرا، تەنگژە داراییەکان و مایەپووچبوونی بەردەوام و یەک لە دوای یەک لە بازاڕی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی پێ کرد. ئەو تەنگژانە بەهەڕەشەی مایەپووچبوونی دوو سندووقی پاڵپشتیی تایبەت بە بانکی وەبەرهێنەری بییەر ستێرنز دەستی پێ کرد کە لە درێژەی بابەتەکەماندا زیاتر تاوتوێی ئەو مەسەلەیە دەکەین.

بانکی مەریل لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو سامان و داراییانەی کە لە دوو سندووقی پاڵپشتی سەر بەبانکی وەبەرهێنەری بییەر ستێرنز بەهۆکاری زیانباربوون لە ئاڵوگۆڕەکانی MBS دەستی بەسەردا گرتبوو، فرۆشتی و هەر دوای ئەوە سێ بانکی تری بواری وەبەرهێنانیش، پێوەندییە

(1) Mortgage - Backed Securities .

کرێدیتییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو دوو سندووقە پاڵپشتییە پچڕاند. بانکی بییەر ستێرنز کە سەردەمانێک سامان و داراییەکەی زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار بوو، چەندان ملیـــار دۆلاری لە بازاڕی MBS لە دەست دا (٤١) و هەر لەو مانگەدا ناچار بوو داوای قەرزێکی ٣,٢ ملیار دۆلاری بکا بەو ئومێدەی کە بتوانێ یەکێک لە سندووقەکانی پاڵپشتیی خۆی کە بەهۆی زەرەرمەندبوون لە بازاڕی ئاڵوگۆڕەکانی MBS هەڕەشەی مایەپووچبوونی لێ دەکرا، ڕزگار بکا.(٤٢) جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو سندووقە لە ٢٣ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧دا ڕای گەیاند کە لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا نزیکەی ٦٧٧ ملیۆن دۆلار لە ئاڵوگۆڕەکانی بازاڕی MBS زەرەرمەند بووە.(٤٣)

شیکردنەوە و خوێندنەوەی زۆربەی پسپۆڕان لەبارەی هۆکارەکانی تەنگژەی سندووقـــەکانی پاڵپـــشتی بەتایبـــەتی ئەو سنـــدووقەی کـە لەژێر ئیدارەی بییــەر ســتێــرنز دابوو، بەو شـێـوەیە بوو: "ئاســانکاریی لە ڕادەبەدەر لە پێشکێشکردنی قەرز و پێشینە و ڕەچاونەکردنی ئەو پێوەرانەی کە دەبێ لە هەڵسەنگاندنی ڕیسک و مەترسیی کرێدیتیی قەرزوەرگرەکاندا ڕەچاو بکرێن."

لە کـۆتاییـیـەکـانی مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ٢٠٠٧، نیـویۆرک تایمز لە وتارێکدا بەو شـێـوەیە باسـی تەنگژەی سندووقـەکـانی پاڵپـشـتی دەکـا: "لەو هەفـتـەیەدا تەنگژەی تایبـەت بەنزیکبـوون لـە هەرەسـهـێنانی دوو سـندووقی پاڵپشتی کە لەژێر ئیدارەی بییەر ستێرنزدان، ڕاستەوخۆ لە دابەزینی گەورەی بازاڕی خـــانووبەرە لەلایەک و ئـاســـەواری زیانبـــەخــشی ئـاســـانکاری لە پێشکێشکردنی کرێدیتەکان لەلایەکی تر، سەرچاوە دەگرێت کە ئەوەش بووەتە هۆی ئاراستـەکردنی بـە لێشاوی کـرێدیتـەکان بۆ لای ئەو قەرزوەرگرانەی کە ڕیسک و مـەترسـیی کرێدیتیـان زۆر بەرزە و ئەوەش لە ئەنجامـدا بووەتە هۆی ئەوەی کە قـەرزوەرگرەکـان هەوڵی ئەوە بدەن کە خـانووەکانیـان لەلای خـۆیان ڕابگرن و نەیانفرۆشن.(٤٤)

بوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە بڵاوبوونەوە و گواستنەوەی تەنگژەی دارایی بۆ ئەوروپا و گـرفتـاربوونی ژمـارەیەکی زۆر لەو بانـکە ئەوروپاییـیـانەی کـە لە

بازاڕی پێشینە بارمتەییبە مەترسیدارەکانی ئەمەریکا بەدوو شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەبەرهێنانیان ئەنجام دابوو، بانکی ناوەندیی ئەوروپای ECB[١] ناچار کرد کە بۆ ڕەواندنەوە و کەمکردنەوەی ئەو نیگەرانییانەی کە کەوتووەتە ناو بازاڕەکانەوە، چەند ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر. بۆیەش لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ هەڵسا بە کردنەوەی چەندان حیسابی کرێدیت بە بڕی ٩٦,٨ ملیار یۆرۆ کە دەکاتە نزیکەی ١٣٠ ملیار دۆلار، ئەویش بەنرخێکی سوودی زۆر نزم.(٤٥)

ڕۆژی دواتر، بانکی ناوەندیی ئەمەریکا ٣٨ ملیار دۆلاری بۆ سیستەمی کرێدیت تەرخان کرد تاوەکو بتوانێ ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی هەرەسهێنانی بازاڕی کرێدیتەکان بگرێ.(٤٦) لە ماوەی یەک هەفتەدا و لە مێژووی ١٧ی مانگی ئاب، بەمەبەستی گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئۆقرەییی زیاتر بۆ بازاڕە کرێدیتییەکان، "بێن بێرنانکی"[٢] سەرۆکی فیدراڵ ڕێزێرڤ، نرخی سوودی پێشکێشکردنی پێشینەی لە نێوان فیدراڵ ڕێزێرڤ و تۆڕی بانکەکان، لە ڕێژەی ٦,٢٥ ٪ بۆ ڕێژەی ٥,٧٥ ٪ کەم کردەوە و هاوکات ڕاشی گەیاند کە ئەو تەنگژەی بازاڕە داراییەکانی ئەمەریکا مەترسیی لاوازکردن و بێهێز کردنی ئابووریی ئەو وڵاتەی زیاد کردووە. جێی ئاماژە پێکردنە کە لە سەروبەندی هەرەسهێنانی بازاڕی پێشینە بارمتەییبە مەترسیدارەکان، هەندێک لە کۆنگرێسمانەکانی سەر بەحزبی دیموکراتی ئەمەریکا[٣]، پلانی "ڕزگارکردنی دارایی"[٤]ی قەرزوەرگرە مەترسیدارەکانیان ئامادە کردبوو تاوەکو بتوانن خاوەن موڵکەکان لە هەڕەشەی لەدەستدانی خانووەکانیان بپارێزن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەڵستکارانی ئەو پلانە بەو شێوەیە ناڕەزاییی خۆیان

(1) European Central Bank .

(2) Ben Bernanke .

(٣) بۆ نموونە Charles Schumer ئەندامی ویلایەتی نیویۆرک لە ئەنجوومەنی پیراندا.

(4) Bailout .

لەبارەی ئەو پلانـەوە دەربڕی و ڕایان گەیاند کە ئەو پلانە لـەگەڵ بەرژەوەندییـە ئابوورییـە نیـشـتـمـانیـیـەکانی ئەمـەریکادا یەک ناگـرێتـەوە، لەبەرئەوەی کـە جـێـبـەجـێکردنی ئـەو پلانە دەبێـتـە هۆی دروسـتـبـوونـی نەریتـێکی چەوت و نادروست. ئەویش بـەهۆی ئەوەی کـە یـەکـەم: دەبێـتـە هۆی دروسـتـبـوونی "مەترسییە مۆڕالییەکان"[(1)(*)]. بەو مانایەی کە ئەو بیرۆکەیە لەلای ئەو بانک و دەزگا داراییيانەی کە لە بواری پێشکێشکردنی پێشینەدا کار دەکەن، دروست دەبێت کە لەبارەی بەرەنجام و دواڕۆژی کارەکانیان کەمتـەرخـەمی بنوێنن و هیچ جۆرە نیگەرانییەکیان لەبارەی وەبەرهێنانە بێ لێکۆڵینەوەکانی خۆیانەوە نەبێت و دووەم: دەبێـتـە هۆی ئـەوەی کـە دووربینی لە کـار و چالاکی و

(1) Moral Hazard

(*) مەترسییە مۆڕالییەکان: مەترسییە مۆڕالییەکان بە بارودۆخێک دەوترێ کە تێیدا لایەنێک لە بازاڕ ناتوانێت ڕەوتار و هەڵسوکەوتی لایەنەکەی تری بازاڕ ببـینێ. هەر بۆیەش مـەترسـییـە مۆڕالییـەکان بە ڕەوتاری نەبینراویش ناوزەد کـراوە، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا، ئەو کەس و لایەنەی کە زانیـاریی لە بەردەسـتـدایە و ئاگەداری شتەکانە، هەڵسوکەوتێکی خراپ یاخۆ هەڵوێستێک دەگرێتە بەر کە بە زیانی بەرامبەرەکەیەتی و بەشێوەیەک لە شێوەکان شیمانە (ئەگەر)ی ئەنجامی ناپەسند و نەخـوازراو بەرز دەبێـتـەوە، لەبەرئەوەی کـە یەکـێک لە لایەنـەکـان زانیـاریی تایبـەتی و نهـێنیی لە بەردەسـتـدایە و بە قـازانجی خـۆی و لـە زیانی خەڵکی تر بەکاریان دەهێنێ. بۆ نموونە کاتێک کە یەکێک شتەکانی خۆی لەلای فـەرمـانگەی بیـمـە تۆمـار دەکا، کەمتـەرخـەمی دەنوێنێ، لەبەرئەوەی دڵنیـایە کە زەرەر و زیانـەکـانی قـەرەبوو دەکـرێتـەوە. بۆ نموونـە خـاوەنی خـانووێک کـە خـانووەکـەی بیـمـە کـراوە، لەوانەیە ئەرکی چاودێری و پاراسـتنی خـانووەکـەی بەباشی بـەجێ نەگەیەنێ لەبەرئەوەی کە لەوە دڵنیـایـە کە زەرەر و زیانەکـانی لە کـاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێک قـەرەبوو دەکـرێتـەوە. ئەمـەیش نموونەی بابـەتی مـەترسییە مۆڕالییـەکانە کە دەبێتە هۆی شکستـهێنانی بازاڕێکی وەکو بازاڕی بیمە. – وەرگێڕ –

بڕیارەکانیاندا نەمێنێ و ڕەوشی سەوداگەری لە بازاڕی خانووبەرەدا بکەوێتە دۆخێکی خراپتر و نالەبارتر.

تەنگژەی دارایی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان تەنیا بە بانکەکانی وەبەرهێنان و سندووقەکانی پاڵپشتیی ئەمەریکا نەوەستا و بۆ ئینگلتەراش گوازرایەوە. لە مێژووی ١٣ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٧، بانکی بەریتانیایی "نۆرسرن ڕاک"[1] کە پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ سندووقەکانی پاڵپشتیی ئەمەریکادا هەیە، داوای وەرگرتنی کرێدیتی خێرا و بەپەلەی لە بانکی ئینگلتەرا کرد تاوەکو بتوانێت ئەو کێشە نەختینەییانەی کە لە ئەنجامی تەنگژەی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکانەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەشێوەیەکی گونجاو چارەسەر بکا.(٤٧) هەر ئەوەش بوو کە وای کرد لێشاوی سپاردەکاران بۆ سەر ئەو بانکە بۆ بەتاڵکردن و وەرگرتنەوەی پارەی حیسابەکانیان لە لقەکانی ئەو بانکە لە سەرتاسەری ئینگلتەرا دەست پێ بکات. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سپاردەکاران لە ماوەی تەنیا سێ ڕۆژدا نزیکەی ٢ ملیار پاوەنیان لە حیسابەکانی خۆیان کێشایەوە.(٤٨)

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بۆ بێ ئاگاییی "گرین سپەن"[2] سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕیزێرڤ لەبارەی دروستبوونی تەنگژەیێکی لەو جۆرە لە بازاڕی کرێدیتەکانی ئەمەریکا بکەین. گرین سپەن لە وتاری خۆیدا کە لە مێژووی ٤ی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥ لە فیدراڵ ڕیزێرڤ پێشکێشی کرد، ستایشی گەشەسەندنی بازاڕی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکانی کرد و ڕای گەیاند کە ئەو میتۆدانەی کە ئێستا بۆ هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردنی شیاوی یاخۆ توانای کرێدیت و دارایی قەرزوەرگرەکان لەو بازاڕەدا دەکرێ، شێوازگەلێکی دروستن.(٤٩)

ژمارەیەکی زۆر لە ئابووریناس و پسپۆڕە داراییەکان، بەهۆی ئەو ڕۆڵە

(1) Northern Rock

(2) Alan Greenspan.

خـراپـەی کـە لە دروسـتـبـوونـی بڵـقی خـانووبەرەی ئەمـەریکا گـێـڕای و ئاسـەوارەکانی ئـەو بڵقە لە بازاڕی پێشینـە بارمتـەییە مـەترسـیدارەکان و لە ئەنجـامـدا ئەو ڕۆڵەی کـە لە تـەنگژەی ئابووریـی سـاڵی ٢٠٠٨دا گـێـڕای، ڕەخنەیەکی توندیان ئاراسـتەی سەرۆکی فیدراڵ ڕێزێرڤ (ئالێن گرین سپەن) کرد.(٥٠) دواتر (گرین سپەن)یش لە وەڵامدا بەو شێوەیە پاکانە و پاساوی بۆ ڕۆڵی تێکدەرانەی خـۆی لە دروسـتبوونی ئـەو تەنگژەیەدا هێنا و وتی: "من بە ڕاستی تاوەکو کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٥ و سـەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٦ درکم بـە قـوـوڵیی ئەو مـەسـەلەیە و ڕادەی خـراپـی و نالـەباریی ڕەوشـەکـە نەکردبوو".(٥١)

٦–٣: پەرەسەندنی تەنگژەی پێشینە بارمتەییە مەترسیدارەکان

بـۆ کـاری هـەڵسـەنگاندنـی ریسک و مـەترسـیی پاشگەزبـوونەوە لـە پێشکێشکردنی قەرزە بـارمتەییە مەترسیدارەکان، هەر لە بنەڕەتدا مەسەلەی داهات و کـار و پیـشـەی قـەرزوەرگـرەکـان، بەهـەند وەرنەدەگـیـرا و ڕەچاو نەدەکرا. لە دەسـتـەیەکی تری قەرزە بارمـتـەییـیەکان تەنیا ئەو داهاتەی کە لە زمـانی خـودی قـەرزوەرگـرەکـەوە دەبیـسـرا بـەبێ لێکۆڵینـەوە لە ڕاسـتی و دروسـتیی وتەکـانی ئەو کەسـە، بە بنەمـای بڕیاردان لەسـەر پێشکێشکردنی قـەرزەکە دادەنرا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، قەرزوەرگرەکە بەدرۆ داهاتی خـۆی بەرزتر نیشان دەدا تاوەکو بتوانێ یەکەیەکی نیشتەجێبوونی باشتر وەربگرێ هـەر لەبـەر ئەو هـۆیە بـوو کـە ئەو دەسـتـەیە لـە قـەرزەکـان بـە "قـەرزی درۆزنەکـان"[1] ناوزەد کـرا. لە سـاڵی ٢٠٠٦، کـۆی قـەرزە بارمـتـەییـیـە مـەترسـیدارەکـان و قەرزە بارمـتـەیـیـەکـانی ALT _ A نزیکەی ٢١٪ ی کـۆی گـشـتـیی ئەو قـەرزانـەی پێک دەهێنا کـە هێـشـتـا پاکۆکـاری (تسـویە)یان بۆ نەکرابوو.(٥٢) لە مـانگی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٧، گیروگرفتـە داراییـیەکان، هاوشـێوەی ئـەو گرفـتـانەی کە لەبارەی قـەرزە بارمـتـەییـە مـەترسـیدارەکان

(1) Liar,S Loans .

ڕوویان دابوو، لەبارەی قەرزەکانی ALT _ A یش هەمان ئەو کێشە و گرفتانە ڕوویان دا، کەچی پێشتر وەها مەزەندە کرابوو کە ئەو جۆرە قەرزانە (ALT _ A) ڕیسک و مەترسییەکی کەمتریان لەسەر بێت.

ناڕێکوپێکی و پابەندنەبوون و دواکەوتن لە گەڕاندنەوە و دانەوەی قیستی مانگانەی قەرزە بارمتەییەکان لە دەستەی قەرزەکانی ALT _ A لە ساڵی ٢٠٠٧ زیاتر لە جاران پەرەی سەند. لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنستیتۆی دارایی ستاندەرز و پوورز[١]، هۆشداریی ئەوەی دا کە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لەو خاوەن موڵکانەی کە پێشینە و مێژوویەکی زۆر باشیان لە مەسەلەی کرێدیتدا هەیە، بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون لە دانەوەی قیستی مانگانەی قەرز بارمتەییەکان دواکەوتوونەتەوە.

گەشەی ٠,٥ ٪ لە نرخی سوودی ٦,٧٤ ٪ لە ماوەی مانگەکانی ئایار _ حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو گرفتەی قووڵتر کرد و بووە هۆی دواکەوتن و سستییەکی زیاتر لە گەڕاندنەوە و دانەوەی قیستەکانی مانگانەی قەرزەکان و بەمەش ژمارەیەکی زۆرتر لەو خانوو و یەکەکانی نیشتەجێبوون کە خاوەنەکانیان توانای دانەوەی قیستەکانیان نەبوو، کەوتنە ژێر موڵکدارییەتی بانکەکان و لەلایەن ئەو بانکانەوە دەستیان بەسەردا گیرا.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ کۆمپانیای گۆڵدمەن ساکس و بییەر ستێرنز کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بەگەورەترین دامەزراوە داراییە جیهانییەکانی ئاڵوگۆڕی کاغەزە بەهادارەکان (گۆڵدمەن ساکس) و بەڵگەنامە داراییەکانی بارمتەی خانووبەرە (بییەر ستێرنز) ناوبانگیان دەرکردبوو، ڕایان گەیاند کە بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو خانوو و یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن بانک و ئەنستیتۆ داراییەکانەوە دەستیان بەسەر دادەگیرێت، بووەتە هۆی دابەزینی یەکجار گەورەی داهاتی ئەو دوو دامەزراوە داراییە. هەروەها زەرەر و زیانی چەندان ملیار دۆلاری کە لە ئەنجامی وەبەرهێنان لە بازاڕی قەرزە

(1) Standard & Poor,S .

بارمـتـەییـیـە مـەترسـیـدارەکـان تووشی ئەو دوو دامـەزراوە داراییـیـە هاتووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هێز و توانای دارایی چەندان سندووقی پاڵپشتی کە لە ژێر چاودێری و ئیدارەی ئەو دوو کۆمپانیایەدان، بکەوێتە ژێر مەترسییەوە. هەروەها ژمـارەیەکی زۆر لە بانکە زەبەلاحـە بازرگـانیـیـەکـانی وەکـو "سـیـتی بانک"[1] یاخـــۆ بانکەکـــانی تری بواری وەبەرهـێنـان وەکـــو مــــەریل لینـچ لە ڕاپۆرتەکانیـاندا ڕایان گەیاند کە ناتوانن بەشێکی بەرچاو لە داهاتەکانی سێ مانگی سێیەم و چوارەمی ساڵی ٢٠٠٧ی خۆیان وەربگرنەوە.

ئەو وەرچەرخــانە بووە هۆی دروســتـبــوونی چەندان گـۆڕانکاریی گـەورە و بەرفراوان لە کایەی بەڕێوەبردنی بانـک و دەزگا زەبەلاحـە داراییـیـەکان کە لە زۆربەی حـــاڵەتەکـــاندا بـەهۆی بڕیـاردان لە بـارودۆخـــێکدا کـــە دڵـەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆر قـووڵ لە هەمبەر هەرەسهێنان و مـایەپووچبوون بەسەریاندا زاڵ بوو، نـەوەک نەبووە هـۆی دروســتـبـــوونی ســـەقـــامگـیـــریی دارایی، بگرە تەنگژەی دارایی دەزگا زەبەلاحە داراییەکانی قووڵتر و بەرفراوانتر کرد.

هاوکـــات لەگـــەڵ زیادبوونـی نرخـی ســـوودی بانکەکـــان و دابـەزینی نـرخـی خانووبەرە لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و توندتربوونی مەرجەکانی وەرگرتنی قـــەرزە بارمـــتـــەدارەکـــان و بەرزبوونەوەی ئـاســتـی نرخـی ســـوودی شـــیـــاو بۆ هەمـــوارکـــردن (ARM)[2]، حـــاڵەتەکـــانی پاشگەزبـوونەوە لە دانـەوەی قـــەرزە بارمـــتـــەدارەکـــان (نـکول) و شـــیـــمـــانـەی لەدەســـتـــدانی خـــانوو و یەکـــەکـــانی نیشتـەجێبـوون زۆر زیادی کرد. لە مـاوەی سـاڵی ٢٠٠٧ نـزیکەی ١,٣ ملیـۆن یەکەی نیشتەجێبوون لە ئەمەریکا کەوتە بارودۆخێک کە لە ڕووی یاساییـیەوە دەتوانرا لەلایەن بانک و دەزگا داراییەکانەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت. ئەو ژمـــارەیـە، نزیکەی ڕێژەی ٧٩ ٪ زیاتر بوو لـەو ڕێژەیەی کـــە لە ســـاڵی ٢٠٠٦ ڕاگەیەنرابوو.(٥٣)

---

(1) Citibank

(2) Adjustable _ Rate Mortgage

٣-٧: بڵاوبوونەوەی پەرەسەندنی تەنگژە داراییەکان و هەرەسهێنانی بۆرسەکان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨

بەهۆی یەکپارچەیی بازاڕی سەرمایە و بەشداریی کارای سەرمایە نائەمەریکاییەکان لە بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکانی ئەمەریکا، بانکە ناوەندییەکانی زۆربەی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان رایان گەیاند کە بە پێویستی دەزانن لەبارەی دابینکردنی کرێدیت و سەرچاوەی دارایی بۆ بانکە وەبەرهێنان و بازرگانییەکانیان بریار و رێوشوێنی پێویست بگرنە بەر تاوەکو بتوانن رێگە لە مایەپووچبوونی دەزگا داراییە بەناوبانگەکان بگرن و فاکتەری متمانە بۆ بازارە داراییەکان بگەڕێننەوە.

حکوومەتی ئەمەریکاش چەندان بەرنامە و پلانی بۆ رزگارکردنی دارایی هەندێک لە دەزگا و دامەزراوە داراییە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا ئامادە کرد.

فیدراڵ رێزێرف بەمەبەستی هاندان و خۆشکردنی زەمینە بۆ چالاکییە ئابوورییەکان، بریاری کەمکردنەوەی نرخی سوودی بانکەکان و پێشکێشکردنی چەندان پلانی رزگارکردنی دەزگا داراییەکان و دەربازکردنیان لە حاڵەتی تەنگژە دەرکرد (٥٤) کە ئەو بریارە لە مێژوویی ١٣ی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن سەرکۆماری ئەمەریکاوە ئیمزا کرا. ئەو رێوشوێنانە چارەسەری کێشەکانیان نەکرد و بگرە رەوتی تەنگژە داراییەکانی قووڵتر و فراوانتر کرد و دواتر ئەو تەنگژەیە بۆ وڵاتەکانی تری ئەورووپایی و ئاسیایی گوازرایەوە. لە مێژووی ١٧ی مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٨ زیانی بانکە زەبەلاحەکان و دەزگا داراییە جیهانییەکان بە نزیکەی ٤٣٥ ملیار دۆلار راگەیەنرا.(٥٥)

قەبارەی بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکانی ئەمەریکا نزیکەی ١٢ تریلیۆن دۆلارە کە بەبەراورد لەگەڵ تێکڕای بەرهەمی نیشتمانیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٨ کە بە نزیکەی ١٤ تریلیۆن دۆلار مەزندە دەکرێ، ژمارەیەکی زۆر بەرچاوە و جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە. لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨، نزیکەی ٩,٢٪ لەو قەبارە گەورەیەی قەرزە بارمتەدارەکان لە حاڵەتی

دواکەوتن لە دانەوەی قیستەکانی مانگانە دابوون یاخۆ ئەو موڵکانەی کە وەکو گـرەو بۆ ئەو قــەرزانە لـەلایەن بـانک و دەزگـا دارایـیــەکــانەوە دانـرابوون، دەستیان بەسەردا گیرابوو[1].

لە مـانـگی ئاداری سـاڵی ٢٠٠٧، بڕی قـەرزە بارمـتـەییـیـە مـەترسـیـدارەکان نزیکەی ١,٣ تریلیـۆن دۆلار بوو.(٥٦) لە مـانـگی تشـرینی یـەکـەمی سـاڵی ٢٠٠٧، نزیکەی ١٦٪ لـە قـەرزە بارمـتـەییـیـە مـەترسـیـدارەکان بەو نرخـەی کە بەنرخـی سـوودی شـیـاو بۆ هەمـوارکـردن ناسـراون، یان ئەوەتا لە حـاڵەتی دواکـەوتـنی ٩٠ ڕۆژەی قـیـسـتـەکـانـدا بوون یاخـۆ لـەلایەن بانک و دەزگـا داراییـیـەکان دەسـتـیـان بەسـەردا گیـرابوو. کە بەبەراورد لەگەڵ سـاڵی ٢٠٠٧ نزیکەی سێ هێندەی خـۆی بەرزبوونەوەی بەخـۆوە بینیبوو.(٥٧) ئەو ڕێژەیە لە مانگی کـانوونی دووەمی سـاڵی ٢٠٠٨ بۆ ٢١٪ (٥٨) و لە مـانـگی ئایاری سـاڵی ٢٠٠٨ بۆ ٢٥٪ (٥٩) بەرز بووەوە.

لە مــانـگی ئاداری ســاڵی ٢٠٠٨، بەهـۆی دابەزیـنی نـرخـی خــانـووبەرە و بەرزبوونـەوەی نرخی سـوودی قـەرزە بارمـتـەدارەکـان، نزیکـەی ٨,٨ (هەشت ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەس) لە خاوەنەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە دەکاتە نزیکەی ١٠,٨ ٪ ی کۆی گشتیی خاوەن خانووەکانی هەموو ئەمەریکا، کەوتبوونە ناو بارودۆخێک کە تێیدا نـرخی خانووەکانیان زۆر کەمتر بوو لەو قـەرزە بارمـتـەدارەی کـە بۆ کڕینی ئەو خـانووانە وەریان گرتبوو. هەر ئەمـەش بووە هـۆی زیادبوون و فــراوانبــوونـی حــاڵەتی پاشـگەزبـوونەوە لـە دانەوەی قـەرزەکـان (نکول) و بەرزبوونەوەی حاڵەتی دەسـتبەسـەرداگرتنی خـانووەکان لەلایەن بـانک و دەزگـا دارایـیـەکـانـەوە. لە مـانـگی کـانوونی دووەمی سـاڵی ٢٠٠٨،[2] ژمارەی ئەو خانوو و یەکەکانی نیشتـەجێبوون کـە ئامادەی فرۆشـتن بوون، نزیکەی ٤ ملیـۆن یەکەی نیشتـەجێبـوون بوو کـە دیارە ئەوەش دابەزینی زیاتری نرخی خـانووەکانی لێ دەکـەوتەوە و زەمـینەی بۆ بەرزبوونەوەی ڕیسک

(1) Mortgage Bankers Association ( MBA ) Survey .

(2) Negative Equity

و مـەترسـیـی پاشگەزبـوونەوە (نکول) و دەسـتـبـەسـەرداگـرتنی یەکـەکـانی نیشتەجێبوونی لەلایەن بانکەکانەوە خۆشتر دەکرد.

لەلایەکی تر، دابەزین و کەمبـوونەوەی جیاوازیی نێوان ئەو نرخـە سـوودەی کە بۆ قەرزە بارمـتەییە مەترسـیدارەکان تەرخان دەکرا، لەگەڵ نرخی سوودی قەرزە بارمـتەدارە نایابەکان، بووە هۆی قووڵتربوون و فراوانتربوونی تەنگژەی بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکان. ڕاپۆرتەکانی فیدراڵ ڕێزێرڤ نیشانی دەدەن کە ناوەندی جیـاوازیی ئەو دوو نرخی سـوودە لە ڕێژەی ٢٨ ٪ لـە سـاڵی ٢٠٠١ بۆ ڕێژەی ١,٣ ٪ لە ساڵی ٢٠٠٧ دابەزیوە. ئەو دابەزینە لە هەلومـەرجێکدا ڕووی دا کە پۆلێنکردنی کرێدیت بۆ قەرزوەرگرە ڕیسکدارەکان (مەترسیدارەکان) بۆ دەسـتەیەکی نزمـتر دابەزیبوو کـە دیارە ئەوەش بەپێی لێکدانەوەیەکی لۆجیکی دەبێ ببێتـە هۆی ئەوەی جیـاوازیی ئەو دوو نرخـی سـوودە بـەرز ببێتـەوە (زیاتر ببێت).

هـیـچ کـام لەم وەرچـەرخـان و گـۆڕانکارییـانە نەبوونـە هاندەرێک بـۆ ئەوەی بڕیـاربەدەسـتـانی بـواری دارایی بەشـێـوەیەکی کـاریگەر دەست بخـەنە ناو بازاڕەکانەوە و بـەداخـەوە بارودۆخە تەنگژاوییەکەیان وەک خـۆی و بەبێ ئەوەی بیر لە چارەسەرکردنی بکەنەوە، بەجێ هێشت.

فـراوانتربـوونی تەنگژە داراییـیەکە بووە هۆی ئەوەی کـە وەبەرهێنەرەکـان بە خـێرایی سـەرمـایەکانی خـۆیان لە بازاڕە شـڵـەژاو و لـەرزۆکەکـانی کـاغـەزە بەهـادارە بارمـتـەییـیـەکـانی بازاڕی پشـکەکـان بکێـشنەوە و بـەرەو بازاڕی کاڵاکان ئاراستەی بکەن.

لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ٢٠٠٨، هـەرسێ نیـشـاندەری سـەرەکـیی پشکەکان لە ئەمـەریکا کە بـریتین لە "ناوەندیی پیـشـەسـازیی داوجـۆنز" و "نەزداک" و "S&P 500"(١) ڕەوتی نزمبـوون و داکشانیـان دەست پێ کرا. لە مێژووی ١٥ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨، ئەو سێ نیـشـاندەرە لە دوای ڕووداوی ١١ی ئـەیلوولی ٢٠٠١، نزمـتـرین ئـاسـتـی خـۆیان تۆمـار کـرد. یەکـێک لە سـەرەکـیـتـرین

(1) Dow Jones Industrial Average, NASDAQ, S&P500

هۆکارەکانی هەرەسهێنانی نیشاندەرەکان، ڕاگەیاندنی مایەپووچبوونی بانکی وەبەرهێنانی "لیمەن برادرز"[١] لەو ڕۆژەدابوو (١٥ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨)، کە یەکێک لە چالاکڤانە سەرەکییەکانی بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکان بوو. بێجگە لەوە بانکی وەبەرهێنانی "مەریل لینچ"یش کە لە تەک لیمەن برادرز لە بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکان چالاکیی دەنواند، بۆ ڕێگەگرتن لە مایەپووچبوونی خۆی بەناچاری لەگەڵ بانکی ئەمەریکا،[٢] یەکیان گرتەوە. دواجار، دروستبوونی نیگەرانی بەهۆی لاوازیی دارایی AIP گەورە کۆمپانیای بیمەی ئەمەریکا،[٣] لە ئەنجامدا دابەزینیی ٦٠٪ ی نرخی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایەی لێ کەوتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، نیشاندەری DJ بەڕێژەی ٤,٤٪ و نیشاندەری S&P500 بەڕێژەی ٤,٧٪ دابەزینیان بەخۆوە بینی. پێوەری نرخی پشکەکان لە گشت بۆرسە گەورەکانی ئەورووپا و ئاسیاش ڕەوتی کەمبوونەوە و دابەزینیان دەست پێ کرا.

پلان و پرۆژە بڕیاری ٧٠٠ ملیار دۆلاری بۆ دەربازکردنی دامەزراوە داراییەکان کە جێبەجێکردنی لەلایەن چالاکڤانانی بازاڕەکان چاوەڕوانییەکی زۆری لێ دەکرا و ئومێدێکی زۆریان پێ بەستبوو، لە مێژوویی ٢٩ی مانگی ئەیلوول بەکۆی ٢٠٥ دەنگ لە بەرامبەر ٢٢٨ دەنگی بەرهەڵستکار پەسند نەکرا و، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نیشاندەرەکانی پشکەکان لە بۆرسەکانی ئەمەریکا دابەزینێکی زیاتر بەخۆوە ببینن.

لە هەمان ڕۆژدا نیشاندەری DJ بەڕێژەی ٧ ٪ دابەزی. نیشاندەری NAS-DAQ بەڕێژەی ٩,١ ٪ دابەزی و هەروەها نیشاندەری S&P500 بەڕێژەی ٨,٨ ٪ دابەزی و بەمەش ئەو دوو نیشاندەرە زۆرترین ئاستی دابەزینیان لە کاتی هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان لە ساڵی ١٩٨٧ بەولاوە تۆمار کرد.

لە ڕۆژی شەموو مێژووی ٤ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨، جۆرج

(1) Lehman Brothers

(2) Bank Of America

(3) American International Group

بوش سەرکۆماری ئەمەریکا، پرۆژە بریاری هەموارکراوی رزگارکردنی دامەزراوە داراییەکانی ئیمزا کرد. سەرباری ئەوەش، لە رۆژی دووشەم مێژووی ٦ی مانگی تشرینی یەکەم کە کار و چالاکیی بۆرسەکان دەستی پێ کرد، نیشاندەری DJ کە تێکڕای پشکەکانی گەورەترین کۆمپانیاکانی چالاک لە بۆرسەکانی ئەمەریکا نیشان دەدات، خراپترین هەفتەی لە تەمەنی ١١٨ ساڵەی خۆی بەهۆی دابەزینی ٢٢٪ ی، تێپەڕ کرد. نیشاندەرەکانی تریش لە ئەمەریکا و ئەوروپا و بۆرسە گەورەکان، دابەزینێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی.

بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی خراپیی ڕەوشەکە و قووڵیی تەنگژە داراییەکە، هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەوە بدەین کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ تاوەکو مانگی تشرینی یەکەم، خاوەنەکانی پشکەکانی کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان بە گشتی نزیکەی ٨ تریلیۆن دۆلار زەرەر و زیانی داراییان پێ گەیشت لەبەرئەوەی کە بەهای ئەو پشکانە لە ٢٠ تریلیۆن دۆلار بۆ نزیکەی ١٢ تریلیۆن دۆلار دابەزی.(٦٠)


سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- سەیری وتاری "Financial Crisis To Cost 20mn Job" لە بڵاوکراوەکانی ILO / UN لە ساڵی ٢٠٠٨ بکە.

٢- سەیری وتاری ناوبراو بەناوونیشانی "We Will Never Have A Perfect Model Of Risk" لە ڕۆژنامەی Financial Times بکە.

3- The Merket Oracle, " Us in Recession Despite Mainpulated Employement and Inflation " 3 May, 2008.

4- " Us May Be in a Very Long Recession ", Harvard,S Feldstein Says", Bloomberg, 31 July 2008.

5- "Graphs and Charts on Unemployment Rate", From The Burreau of Labor Statistics Government Website.

6- Michael Grynbaum, "Unemployment Rate Rises to 6.1% ", New York Times, September. 2008.

7- Gieve Sees U.K. Inflation Accelerating Well Over 4% Bloomberg, 18 July 2008.

8- Hopkins, Kathryn "Sharps Rise in Unemployment Claimants", The Guardian, 19 September, 2008.

9- "Japan Rulling Party,S Aso: Economy in Recession", Reuters, August 2008.

10- "Japan Heads Towards Recession as GDP Shrinks", Times, 13 August 2008.

11- Shiller, Robert (2005), Irrational Exuberance, 2nd Edition, Princeton University Press.

12- Felsenthal, Mark, "Greenspan Says Didn,t See Subprimestorm Brewing", Reuters, 14 September 2007.

13- "Housing Woes Take Bigger Toll on Economy Than Expected: Paulson", AFP, 17 Octobe 2007.

14- "Bush Moves to Aid Home Owners", The Wall Street Journal, 31 August 2007.

15- "At Freddie Mac, Chief Discarded Warning Sign", The New York Times, 5 August 2008.

له وتارەکـەدا کـە بەنـاوونیـشـانی "سـەرۆکی فـرێدی مـەک هـۆشـداریدانەکـانی پشـتگوێ خـست" ئامـاژە بەچەندان نموونـەی تری هۆشـدارییـەکـان دراوە کـە لەلایەن بەرپرسە بالآکانی دەزگا زەبەلاحە داراییيەکانەوە پشتگوێ خراون.

16- "Did Greenspan add to Subprime Woes? Gramlich Says Excolleague Blocked Crackdown or Predatory Lenders Despite Growing Concerns", Wall Street Journal, 9 June, 2007.

17- "In Come The Waves", The Economist, 16 June 2005.

١٨- له ناوونیشانی ڕاپۆرتەکەی کۆشکی سپیدا هاتووە:

President Highlights Importance of Small Buisiness in Economic Growth.

19- "If houses get too expensive, people will stop buying them, which will cause people to adjust their spending habits Let the market function properly. I guarantee that your kind of question has been asked Throughout The History of home building. that,s just the way it works. Economies should cycle.

20- "Housing Bubble Or Bunk? Are home prices soaring unsustainably and due for plunge? A group of experts take a look and come to very different conclusion", Business week, 22 june 2005.

21- "Harvard Hypes Housing, But why?", Motley Fool, 29 september 2006.

٢٢- بۆ نموونه، نرخی پشکەکانی کـۆمـپانیـای هۆرتۆن D. R. Horton کە یەکێک لە گەورەترین کـۆمـپـانیـاکـانی بواری بیناسازیی ئەمـەریکایە، لە نرخی ٣ دۆلار لە

سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٧ گەیشتە نزیکەی ٤٢,٨٢ دۆلار لە ٢٠ی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٥. داهاتی کۆمپانیای پۆڵت Pulte لە نزیکەی ٢,٣٣ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٩٦ گەیشتە ١٤,٩٦ نزیکەی ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٥.

سەرچاوە:

D. R. Horton Inc. Historical Share Price, Pulte Crop. 2006, Annual Report.

٢٣- سەیری ئەم وتارە ئینتەرنێتییە بکە:

"Sources and Uses of Equity Extracted from Home-pdf"

24 . dot.com burst

٢٥- سەیری ئەم وتارە ئینتەرنێتییە بکە:

American,s Unsustainable Boom

٢٦- بۆ نموونە، ژمارەی دانیشتوانی ریڤر ساید کاونتی River Side County لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ١١٧٠٤١٣ کەس لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ٢٠٢٦٨٠٣ لە ساڵی ٢٠٠٦ زیاد کرد. هۆکاری ئەوەش بۆ نزیکیی ئەو ناوچەیە لە سان دیاگۆ و لۆس ئەنجلێس دەگەڕێتەوە. لە ڕۆهەلاتی ئەمەریکاش، ژمارەی دانیشتوانی لاودن کاونتی Loudoun County لە ویلایەتی ڤیرجینیا کە لە نزیک واشنتۆن دی سییە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تاوەکو ١٩٩٦ نزیکەی سێ هێندەی خۆی زیادی کرد.

٢٧- ناوەڕۆکی دیمانەکەی بۆفێ لەگەڵ کەناڵی CNN:

Buffet: "Real estate slowdown ahead", CNN Money.com, 8 May 2006.

28 . "Surviving a Real-Estate Slowdown", The New York Times, 2 January2006.

29 . Paul Krugman, No bubble trouble?", The New York Times, 2 January2006.

30 . Market Watch, 23 August 2006.

31 . Joseph Stihgliz, Bloomberg, 8 September 2006.

32 . Robert Shiller, Finfacts Ireland, 3 August 2007.

33 . "For Some Renting Marks More Sense", USA Today, 10 August 2006.

34 . " The Mortgage Mess Spreads", Business Week, 7 March 2007.

35 . "New Century Finncial Files for Chapter II Bankruptcy", Market Watch, 2 April 2007.

36 . Poirier, John, "Top five US Subprime lenders asked to testify Senator Chris Dodd", Reuters, 19 March 2007.

37 . "Next: The real estate market freeze", MSN Money, 12 March 2007.

38 . "PMCOs Gross", CNNMoney.com, 27 June 2007.
39 . Bear Sterns, Lehman Brothers, Goldman Sachs, Merrill Lynch, Morgan Stanley.
40 . "The Mortgage Mess Spreads", Business Week, 7 March 2007.
41 . "Merill sells off assets from Bear Sterns to "Rescue Fund", The New York Times, 23 June 2007.
42 . "$ 3.2 Billion Move By Bear Sterns to Rescue Fund", New York Times, 23 June 2007.
43 . "H & R Block Struck By Subprime Loss", Financial Times, 21 June 2007.
44 . New York Times, 23 June 2007.
45 . "Big French Bank Suspends Funds", The New York Times, 9 August 2007.
46 . "Fed Acts to Stem Credit Turmoil", Forbes, 10 August 2007.
47 . "Northern Rock asks for Bank Help", BBC News, 13 September 2007.
48 . "Banks Remain under Fire in London", Financial Times, 17 September 2007.
49 . http: /www.federalresserve.gov/BoarsDoc/speeches/2005 /20050408/default.htmREMARKSbychairman alan greenspan.
50 . Noriel Roubini, "Who is to Blame for The Mortgage Carnage and Coming Financial Disaster? Unregulated Free Mark Fundamentalism Zealotry"RGE Monitor.
51 . "I really didn,t get it until very late in 2005 and 2006".
52 . "Default Rise in Next Level of Mortgage", The New York Time,10 April 2007.
53 . "U.S. foreclosure activity increase 75 percent in 2007", RealtyTrac.com, Realty Trace Inc.
54 . Federal Reserve, "FRB: Press Release- FOMC Statement"22 January 2008. "Full Spread Ahead", The Economist, 24 January 2008.
55 . "Bloomberg.com:Worldwide.
56 . Ben Bernanke, "The Subprime Mortgage Market", Chicago, Illinois, 17 May 2007.
57 . Ben Bernanke, "The Recent Financial Turmoil and its Economic and Policy Consequences" New York, 17 September 2007.
58 . Ben Bernanke, "Financial Market, The Economic Outlook, and Monetary Policy Washington D.C, 10 January 2008.
59 . Ben Bernanke, "Mortgage Delinquencies and Foreclosures", Colombia Business School,S 32nd Annual Dinner, New York, 5 may 2008.
60 . Wall Street Journal, 11 Ocober 2008, P.1.

بەشی چوارەم

# پوختەیەک لە فاکتەر و هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژەی داراییی ساڵی ٢٠٠٨

لە ڕێی ئەو بابەتانەی کە تا ئێستا تاوتوێمان کردوون، دەتوانین تاوتوێی ئەو هۆکارانە بکەین کە بوونەتە هۆی دروستبوونی تەنگژەی ئەو دواییەی دارایی جیهانی، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین و بریتین لە:

١- سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەمەریکا لە گەشەپێدان و ڕەواجدانی ناواقیعییانەی بازاڕی خانووبەرە

گەشەپێدان و زیادکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەیەکێک لە سیاسەتەکانی حکوومەتەکانی کلینتۆن و بوش دادەنرێ. لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٩٠، حکوومەتی کلینتۆن توانی ژمارەیەکی زۆر لەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە تا ئەو کاتە لە بواری پێشکێشکردنی قەرزە بارمتەدارەکان دەهاتنە سەر ڕێی ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمین جار وەکو کڕیار دەهاتنە ناو بازاڕی خانووبەرە ، بەلاوە بنێن. هەر بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لەو گەنجانەی کە تازە هاتبوونە ناو بازاڕی کارەوە، توانییان ببنە خاوەنی خانووی تایبەتی خۆیان. لەلایەکی تر، لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٩٠ و لە دوای تەقینەوەی بڵقی تەکنەلۆجیا،(١) وەها پێ دەچوو کە ڕەواجی بازاڕی خانووبەرە و هاندانی بەکاربەرەکان بۆ خەرجکردنی زیاتر لە بوارەکانی بەکاربردنی کالاّ و خزمەتگوزارییەکان، شتێکی زەروری و پێویست بووبێت تاوەکو بتوانرێ لەو

ڕێگەیەوە ڕێ لە دروستبوونی حاڵەتی بێ بازاڕیی ئابووری بگیرێ. کەواتە سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر لەژێر تەوەری ڕەواجی بازاڕی خانووبەرەوە دادەڕێژران. دابەزینی نرخی سوودی بانکی لەلایەن فیدراڵ ڕێزێرڤ، مەرجی پێویست بۆ ڕەواجی بازاڕی خانووبەرە بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە یەکەم: خواست لەسەر کڕینی خانووبەرە بەرز ببێتەوە و دووەم: سەرمایە بیانییەکان بەمەبەستی سەوداگەری و قازانجخوازی بەرەو بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا ئاراستە بکرێن.

لە ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی ٢٨٪ ی یەکەکانی نیشتەجێبوون تەنیا بۆ ئامانجەکانی وەبەرهێنان کڕدرابوون و ١٢٪ ی تری خانووەکان هیچ کاتێک لەلایەن کڕیارەکانیانەوە بەمەبەستی نیشتەجێبوون، سوودیان لێ وەرنەدەگیرا.

هەر لەبەر ئەوە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەکۆی گشتی، نزیکەی ٤٠٪ لە یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەو ساڵەدا کڕدرابوون، بۆ ئامانجەکانی سەوداگەری بەکار دەهێنران. هەڵبەت ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ٣٦٪ دابەزی و دواتریش ڕەوتێکی ڕوو لە نزمبوونی گرتە بەر. کە ئەمەش بۆ چوونە دەرەوەی سەوداکارانی بازاڕی خانووبەرە بەهۆی دابەزینی نرخەکان دەگەڕێتەوە و ئەمەش لە ئەنجامدا دابەزینی خێراتری نرخی خانووبەرەی بەدوادا هات کە دواجار ئەو تەنگژانەی ئێستای داراییی لێ کەوتەوە.

٢- قەرزە بارمتەییە مەترسیدارەکان

داهێنان و تازەگەرییەکان لە بواری دارایی و لە بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکان کە لە درێژەی باسەکەماندا ئاماژەی پێ دەدەین، بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی ڕاستەقینەی ڕیسک و مەترسی لەو بازاڕەدا بەشێوەیەکی ڕوون و شەفاف و ئاشکرا نەبێت هەر ئەمەش بوو کە وای کرد بانک و دامەزراوە داراییەکان ئامادە بن قەبارەی قەرزە پێشکێشکراوەکانیان بۆ قەرزوەرگرە ڕیسکدارەکان (مەترسیی پاشگەزبوونەوەیان لێ دەکرێت) زیاد بکەن، تەنانەت کار گەیشتە ئاستێک کە کۆچبەرە نایاساییەکانی ئەمەریکاش

توانییان ئەو جۆرە قەرزانە وەربگرن.(٢) قەبارەی قەرزە بارمتەییە مەترسیدارەکان بەبەراورد لەگەڵ کۆی گشتیی قەرزە بارمتەدارەکان لە ساڵی ١٩٩٤ بەرێژەی ٥٪ (واتا ٣٥ ملیار دۆلار)، لە ساڵی ١٩٩٩ بەرێژەی ١٣٪ (واتا ١٦٠ ملیار دۆلار)، لە ساڵی ٢٠٠٦ بەرێژەی ٢٠٪ (واتا ٦٠٠ ملیار دۆلار) بوو.(٣)

پێشکێشکردنی قەرزە ریسکدارەکان بۆ قەرزە وەرگرە مەترسیدارەکان بەرزبوونەوەیەکی وەهای بەخۆوە بینی کە زاراوەی (قەرزەکانی Ninja)[١] سەری هەڵدا کە ئەمەش هێمایەکە بۆ پێشکێشکردنی قەرز بۆ ئەو کەسانەی کە نە داهاتێکیان هەیە و نە کار و داراییەکیان هەیە.

نەرمنوێنی لە نرخی سوود کە زیاتر بەمەبەستی رەواجدان و بازاڕ گەرمییەک بۆ بازاڕی قەرزە بارمتەدارەکان بوو، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ریسک و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نکول) لە دانەوەی قەرزەکانی بە رێژەیەکی بەرچاو بەرز کردەوە. بۆ نموونە قەرزە بارمتەدارەکان بەنرخی سوودی شیاو بۆ هەموارکردن (ARM)[٢] ئەو هەلە بۆ قەرزوەرگرەکان دەرەخسێنێ کە بۆ چەند ساڵی یەکەم تەنیا سوودی قەرزەکان بەبێ دانەوەی رێژەیەک لە سەرمایەی بنەڕەتی (قەرزی بنەڕەتی) بدەنە بانکەکان. دیارە لە دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ، گەڕاندنەوەی سەرمایەی بنەڕەتی (قەرزی بنەڕەتی) و زیادەی قەرزە وەرگیراوەکان کارێکی زۆر قورس دەبێت.

بەپێی ئەو قەرزانەی کە رەهەندی "بژارەکانی دانەوەی قەرزەکان"[٣]یان تێدا بوو، قەرزوەرگرەکە دەیتوانی بەشێک لە پارەی مانگانەی خۆی بداتەوە، بەڵام ئەو سوودە بانکییەی کە لە ئەنجامی نەدانەوەی بەشێک لە قیستەکەی دەمایەوە، دەخرایە سەر سەرمایەی بنەڕەتی و یاسای سوودی بانکیی نوێ دەیگرتەوە.

(1) Ninja= No Income, No Job And No Assets

(2) Adjustable Rate Mortgage .

(3) Payment Options .

ئەو میکانیزم و ڕێوشوێنەش دوارۆژی قەرزوەرگرەکەی بەتوندی دەخستە ژێر مەترسییەوە. نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەو قەرزانەی کە بەپێی بنەمای نرخی سوودی شیاو بۆ هەموارکردن (ARM) لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠٠٦ پێشکێش دەکران، ئەو ڕەهەندە دەیانگرتەوە کە لە ڕواڵەتدا سەرنجڕاکێش و باش بوون. لە ڕاستیدا، نرخی سوودی وەرگیراو لە ماوەی چەند ساڵی یەکەم لە ٤ ٪ کەمتر بوو، بەڵام لە ناکاو دەگەیشتە ئاستێک کە بە کردەوەیی بڕی قیستەکانی مانگانەی بۆ دووهێندەی خۆی بەرز دەکردەوە.

ڕێوشوێنە کارگێڕییەکانی پێشکێشکردنی قەرزە بارمتەدارەکان و شێوەی پەسندکردنیان، وردبینیی پێویستیان تێدا نەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی ٤٠٪ لە قەرزە بارمتەییە مەترسیدارەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی پێشکێش دەکران.(٤) کە دیارە ئەمەش توانای پێداچوونەوە لە بڕیارەکان و وردبینیی پسپۆڕانی لەبارەی ڕێکخستنی بەڵگەنامە و گرەونامەکاندا کەمتر و سنووردارتر دەکرد. بەپێی وتەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی بانکە بارمتەییەکان، ئەو جۆرە ئاسانکارییانە لە پێشکێشکردنی قەرزە بارمتەییەکان بوونە هۆی بەرزبوونەوەی قازانجی ڕێکخەرانی بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان، بەبێ ئەوەی بکرێت بەتەواوی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئاخۆ بەڕێژەی لە سەدا چەند، شیمانەی ئەوە لە ئارادایە کە قەرزە پێشکێشکراوەکان لەلایەن خەڵکەوە بدرێنەوە؟(٥)

بێجگە لەو حاڵەتانە، گەندەڵییە داراییەکانیش لە بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان پەرەیان سەند و ڕووی لە زیادبوون کرد.(٦)

٣- داهێنان و تازەگەرییە داراییەکان لە بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان

لەو سەردەمەدا میکانیزم و ڕێوشوێنی پێشکێشکردنی قەرزە بارمتەییەکان جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ ڕابردوودا هەیە. لە میتۆدە نەریتییەکاندا، بانکەکان بۆ کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوون قەرزیان پێشکێش بەخەڵک دەکرد و لە بەرامبەر پێشکێشکردنی قەرز، یەکەکانی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانەیان وەکو گرەو لەلای خۆیان ڕادەگرت و بەخۆیان

ڕیسک و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نکول)ی قەرزوەرگرەکانیان لە ئەستۆ دەگرت. تازەگەرییە داراییەکان کە لە بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان سەریان هەڵداوە، ئەو بوارە بۆ بانکەکان دەڕەخسێنێ کە بتوانن پارەی قیستەکانی قەرزەکان کە بەشێوەی مانگانە وەردەگیرێ و هەروەها ڕیسک و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نکول) لە دانەوە و گەڕاندنەوەی قەرزەکان لەلایەن قەرزوەرگرەکانەوە بفرۆشنە هەندێک وەبەرهێنەری تر. ئەو ڕەوتەش "دروستکردنی بەڵگەنامە و کاغەزە داراییەکان لە ڕێی کڕینەوەی قەرزەکان"[1] یاخۆ (توریق)ی پێ دەگوترێ. ئەو کاغەزە بەهادارانەشی کە بەو شێوەیە دروست دەبن، بەناوی "بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان"[2] و "بەڵێنەکانی قەرزە گەرەنتیکراوەکان" (CDO)[3] ناسراون. لە ڕێی داهێنانی ئەو جۆرە بەڵگەنامە داراییانە، ڕیسک و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نکول) لەلایەن قەرزوەرگرەکانەوە بەسەر توێژێکی گەورە لە وەبەرهێنەرەکان دابەش دەکرێ چونکە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، هیچ جۆرە سنوور و بەربەستێک لە بەردەم بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە داراییەکان و فرۆشتنیان بە وەبەرهێنەرە چالاکەکانی ئەو بازاڕەدا نامێنێ. ئەو میکانیزم و ڕێکارانەش، بە ڕەوتی "دروستکردن و دابەشکردن"ی ڕیسک و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نکول) ناوزەد دەکرێ.

بۆ شیکردنەوە و باشتر تێگەیشتن لە دەستەواژەی "دروستکردن و دابەشکردنی ڕیسک و مەترسی"[4]، ئەو بارودۆخە بهێننە بەرچاوتان کە ژمارەیەک لە بانک و دامەزراوە داراییەکان، قەرزی بارمتەدار دەدەنە توێژێکی بەرفراوان لە داواکارانی کڕینی خانووبەرە و خانووە کڕدراوەکە بۆ ماوەیەکی درێژ (بۆ نموونە ٢٠ ساڵ) تاوەکو ئەو کاتەی دانەوەی مانگانەی

(1) Securitization .

(2) Mortgage-Backed Securities: MBS .

(3) Collateralized Debt Obligations: CDO .

(4) Originate And Distribute .

سەرمایەی بنەڕەتی (قەرزی بنەڕەتی) و سوودی قەرزەکان لەو ماوەیەدا تەواو دەبێت، وەکو گرەونامە لەلای خۆیان ڕای دەگرن.

ئێستا ئەو دامەزراوە قەرزدەرانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ یاخۆ بەهاوبەشی لەگەڵ یەکتر، ئەو قەرزە بارمتەییە پێشکێشکراوانە یەکدەست[1] بکەن و ئەو قەرزانە بەپێی پلەی کرێدیتی[2] قەرزوەرگرەکان پۆلێن بکەن. هەڵبەت چەندان ڕێکخراوی پسپۆڕی تایبەت هەن کە بەرپرسیاریەتی پۆلێنکردن و ڕیزبەندیی ڕیسک و مەترسیی کرێدیتی قەرزوەرگرەکانیان لە ئەستۆدایە. دوای ئەو کارە، ئەو بانک و دامەزراوە داراییانەی کە قەرزی بارمتەییان پێشکێش بەخەڵک کردووە، هەر دەستەیەک لە قەرزە بارمتەییە یەکدەستکراوەکان، هەریەکە و بەپێی ڕیسک و مەترسیی کرێدیتی ئەو دەستەیە، دەفرۆشنە بانکە وەبەرهێنەرەکان و بڕی پارەی فرۆشەکەی بەپێی ئەو بڕگانەی کە لە گرێبەستەکانیاندا هاتووە، لە ماوەی دیاریکراوی خۆیاندا وەردەگرنەوە. بەو شێوەیەش، واتا دروستبوونی چەندان گرووپ و پۆل لە قەرزە یەکدەستکراوەکان و فرۆشتنیان بەژمارەیەکی زۆر لە بانکەکانی وەبەرهێنان، یەکەم: چەندان قەرزی تازە دروستبوونە[3] و دووەم: ڕیسک و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نکول)ی قەرزوەرگرەکان لە نێوان بانکەکانی وەبەرهێناندا دابەش کراون[4].

دوای ئەوە، بانکەکانی وەبەرهێنان دەتوانن لەو بەڵگەنامە داراییانە، قەرزی یەکدەستکراو دروست بکەن. بەمانایەکی تر، ئەو قەرزانە وەکو سامانی دارایی حیساب دەکرێن و ئەو ماکە (هەبووە) داراییە نوێیانە وەکو قەرزی بارمتەدار، دەبنە بنەمایەکی دارایی[5] بۆ ئەو قەرزانە کە ئەوەش بە

(1) Pooled .

(2) Credit Risk Rating .

(3) Originate .

(4) Distribute .

(5) Financial Assets .

قـۆناغی "دروسـتكردنی قـەرزی تازە" دادەنرێ. دواتریش ئەو بارمـتـەی خـانووبەرە بۆ بەڵگەنامـە داراییـیـە پشـتگیـریكراوەكـان (MBS)ە دەفـرۆشـنە وەبەرهێنەرەكانی تر و بەمەش ڕیسك و مەترسیی پاشگەزبوونەوە (نكول) لە نێوان ئەو دوو وەبەرهێنەرە دابەش دەكەن.

بەمـەش بازاڕێكە دووەمین بۆ ئەو بەڵگەنامـە داراییـیـانە دروست دەبێت كـە توێژێكی بەرفراوان لە كڕیار و فرۆشیارە تایبەتییەكان لەخۆ دەگرێ. چەندە ژمارەی كڕیار و فـرۆشـیـارانی ئەو دەسـتـەیە زیاتر بێت، ئەوەندەش ڕێژەی ڕیسك و مـەترسـیـی حـاڵـەتی پاشگەزبوونەوە (نكول) لە دانەوەی قـیـسـتـی مانگانەی قەرزە بارمتەییەكان، كەمتر دەبێت. چونكە ئەو ڕیسك و مەترسییە لە نێوان ژمارەیەكی زیاتر لە كڕیارەكان دابەش كراوە. هەر لەبەر ئەوەشـە كە بانك و دەزگا داراییـیـەكان كە لە قۆناغی یەكەم، قـەرزە بارمـتـەییـیـەكانیـان پێـشـكێش دەكـرد، بـەهیـچ جـۆرێك لە پاشـگەزبوونەوە (نكول)ی قـەرزوەرگـرە مـەترسـیدارەكان نیگـەران نەبوون لەبەرئەوەی كە مـەترسـیی پاشگەزبوونەوەی ئەو دەسـتـەیە لە قەرزوەرگرەكان لەگەڵ مـەترسیی پاشگەزبوونەوەی (نكول)ی قـەرزوەرگرەكـانی تر یەكدەست كراوە و لە ڕێی "دروستكردن"ی قـەرزی تازە و "دابەشكردن"ی ئەو قـەرزە لە نێـوان كـڕیـارەكـان، توانای بـەرگـەگـرتن و تەحـەمـوولكردنی ئەو ڕیسك و مـەترسـییـە سـەرەتاییـیانە زیاتر دەبوو یاخۆ بە لانی كـەم بـە هەڕەشـە و مـەترسـیـیـەكی جـیـدی بۆ سـەر بـانك و دامـەزراوە قەرزدەرەكان لە قەڵەم نەدەدرا.

خـاڵێك كـە جـێی خـۆیەتی لێـرەدا ئامـاژەی پێ بدەین ئـەوەیە كـە بەو تازەگەرییـانە كە لە بواری داراییدا سەریان هەڵداوە، بەهیچ شێوەیەك ڕیسك و مـەترسـیـی پاشگەزبوونـەوە (نكول) كـەم نـابێـتـەوە، بگرە ئەو ڕیسك و مەترسییانە لە ڕێی دروستكردنی بارمـتەی خـانووبەرە بۆ بەڵگەنامـە داراییـیە پشتگیریكراوەكان MBS بۆ خەڵكانی تر دەگوازرێتەوە، بەڵام چونكە گریمانەكە لەسەر ئەوە بوو كە ئەو جۆرە ڕیسكە دابەشكراوانە كەمتر شیمانەی ڕوودانی ڕیسك و مـەترسـیـیـان لێ دەكـرێ، بۆیە بانك و دامـەزراوە داراییـیـەكـان بە

شـێـوەیەکی بەردەوام و ڕوو لە زیادبوون خـوازیاری دروسـتکردنی کـاغـەزی دارایی بۆ قـەرزە بارمـتـەییـیـەکـان بوون. بۆ نموونە ڕێژەی قەرزە بارمـەتییـە مەترسیدارەکان کە کاغەزی داراییان بۆ دروست کرابوو، لە ڕێژەی ٥٩ ٪ لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ڕێژەی ٧٥ ٪ لە ساڵی ٢٠٠٦ بەرز بووەوە.(٧)

بەهـۆی بوونـی بەرهەمـداریـیـەکی زۆر بـەرز لە بـارمـتـەی خـانووبـەرە بۆ بەڵگەنامـە داراییـیـە پشـتگیریکراوەکان MBS، ژمارەیەکی زۆر لە دامـەزراوە داراییـیەکان پێیان باش بوو کە ئەو جۆرە بەڵگەنامە داراییانە لە سەبەتەی دارایی خۆیان بپارێزن و بەمەش قەبارەیەکی بەرچاو لە MBS لە ئاستێکی بەرفراواندا دابەش نەکرا. ئاشکرایە کە ئەو بەڵگەنامە داراییانە دەیانتوانی ببن بەهەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئەو دامەزراوانە. لە ڕاستیدا گشت بانک و کۆمپانیا و سندووقەکانی پاڵپشتی و سندووقەکانی خانەنشینی و دەزگاکانی تری دارایی کـە قـەبارەیەکی بەرچاو لەو جـۆرە بـەڵگەنامـە داراییـیانـەیان لە سـەبەتەی سـامانە داراییـیـەکـانیـاندا هەڵگرتبـوو، دەکـەوتنە ژێر هەڕەشـە و مەترسیی دابەزینی نرخی خانووبەرە و هەروەها مـەترسیی پاشگەزبوونەوە و (نکول)کردنـی دەستەی یەکەمی قەرزوەرگرەکانی قەرزە بارمتەییـیەکانیان لێ دەکرا. لە ڕاستیشدا ئەو حاڵەتە بە کردەوەیی بینراوە کە لەگەڵ دروستبوونی تـەنگژەی پاشگـەزبوونـەوە (نـکول)، ژمــارەیەکی زۆر لە بـانـک و دامــەزراوە داراییـیەکان لە ئەوروپا و ئاسیا و شوێنەکانی تری جیـهان کـە تەنانەت هیچ جـۆرە پێوەندییـەکیـشیـان لەگـەڵ بازاڕی خـانووبەرەی ئەمـەریکادا نەبوو، بەتوندی دەکـەوتنـە ژێر هەڕەشــە و مــەترسـیـیــەوە و نرخی پشکەکـانیــان بەشێوەیەکی بێ وێنە دادەبەزی و تەنانەت هەندێک جار گەیشتووەتە قۆناغی مـایـەپووچبوونیشـەوە (ئیفـلاس). چونکە ئەو بەڵگەنامە داراییـیانەی قەرزە بارمتەییـیەکان، ڕێژەیەکی بەرچاویان لە سەبەتەی دارایی ئەوان پێک دەهێنا.

سـەرهەڵدانی خـولی یەکـەمی تەنگژەکە، زەمـینە بۆ تـەنگژەیێکی قـووڵتـر و بەرفـراوانتـر خـۆش دەکـا. بـەواتایەکی تر، لە دوای سـەرهـەڵدانی تەنگژەی پاشگەزبوونەوە (نکول)ی قــەرزە بـارمــتــەییــیــەکــان، چونکە بـەڵگەنـامــە

داراییـیــەکـانـی MBS کـەوتنـە ژێر مــەترسـیـیــەوە، پێگە و توانای داراییی خــاوەنـەکــانـی ئەو جــۆرە قــەرزانەی لاوازتر کــرد، بانـکەکــان خــۆیان لە پێشکێشکردنی قەرز بەگوێرەی ڕێساکانی پێشـووتر، بەو کۆمپانیایانە و هەروەها پێشکێشکردنی بە بانکەکانی تریش بەدوور گـرت یاخـۆ نـرخی سوودی بانکیی خۆیان بەرز کردەوە. لەبەرئەوەی کە نیگەرانیی ئەوەیان هەبوو کـە ئەو قــەرزوەرگـرانە لە حــاڵەتی مـایەپووچبـوون (ئیـفلاس)دا بن. دیارە چڕکردنەوە (تقشف)ی قەبارەی دارایی لە سیستەمی کرێدیت، دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی زیاتری تەنگژەکە. هەر ڕوودانی ئەو حاڵەتەش بوو کە وای کرد نرخی پشکەکان تووشی هەرەسهێنان ببێ. ئەو ڕەوتە پەرەی سەند و خێراتر بوو تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە مێژووی ١٥ی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨ بازاڕی بۆرسەکانی ئەمەریکا هەرەسی هێنا و بە خێرایی بەرەو ئەورووپا و ئاسیا گوازرایەوە. گرین سپەن سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕێزێرڤ یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەپێی بۆچوونی ئەوان، دروستکردنی MBS هۆکاری سەرەکیی هـاتنـە کــایەی ئەو تەنگژەیە نـەبووە، بگرە دابـەشنـەبوونی ئەو قــەرزانە لـە ئاسـتێکی بەرفـراواندا، هۆکـاری سـەرەکـیی ئەو تەنگژە بـووە. هۆکـاری ئەو حــاڵەتـەش بۆ ئەوە دەگــەڕێتــەوە کــە بەشـی یەکــەمی ئـەو پرۆســەیە کــە دروستکردنی کاغەزی داراییی نوێیە، بە تەواوەتی ئەنجام دراوە، بەڵام بەشی دووەم کە دابەشکردنی ئەو ڕیسک و مەترسییەیە تووشی هەندێک گیروگرفت بووە. لەبەرئەوەی کە ئەو بەڵگەنامە داراییانە لەلای ژمارەیەکی زۆر لە بانک و دامـەزراوە داراییـیانە کەڵەکە بـووبوون و هەروەها بووبـوون بەهەڕەشـەیەکی جیدی بۆ خاوەنەکانیان کە ئەویش زەمینەی بۆ دروستبوونی تەنگژەکە خۆشتر کرد.(٨)

لە ڕوانگەی تیۆرییە ئابوورییە تازەکانەوە دەتوانین ئەو خاڵەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بە نموونەیەکی ڕاستەقینە بۆ "مەترسییە مۆرالییەکان"[1] لە قەڵەم بدەین. لەبەرئەوەی کە ئاڵوگۆڕکاران لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی

(1) Moral Hazard

پێشکێشکردنی قەرز و دابەشکردنی ڕیسک و مەترسیی ئەو قەرزە، قازانجی خۆیان گەرەنتی دەکەن بەبێ ئەوەی بکەونە ژێر کاریگەری مەترسی و ڕیسکەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەو ڕیسک و مەترسییەیان بۆ ئاڵوگۆڕکارانی تر گواستووەتەوە.

بوونی دوو خەسڵەتی دووربین نەبوون و تێڕوانینی سەرپێیی لەلای ئاڵوگۆڕکاران و وەبەرهێنەرەکان کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەتایبەتمەندییەکانی بازاڕە داراییەکانیش دادەنرێ، وا دەکات کە هەمووان ئەو خاڵە گرینگە فەرامۆش بکەن کە لە حاڵەتی ڕوودانی هەر مەترسی و هەڕەشەیەک، هەموو ئاڵوگۆڕکاران لە هەر ئاست و قۆناغێکدا بن، ئەو مەترسی و هەڕەشەیە دەیانگرێتەوە. هەڵبەت ئەم حاڵەتە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە دوای ئەوەی کە قازانجی خۆیان دەستەبەر کرد و بەر لە سەرهەڵدانی تەنگژەکە، بە خێرایی لە بازاڕەکان دەچنە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕکارانی بازاڕە داراییەکان نە بە تەواوەتی ئاگەداری کات و ساتی ڕوودانی تەنگژەکەن و نە دەشیانەوێ بڕوا بەوە بکەن کە ڕوودانی ئەو تەنگژەیە نزیک بووەتەوە. چونکە چاو تێبڕین و هەڵپە بۆ قازانجخوازیی زیاتر وا دەکات کە ئەو بیرۆکەیە لەلای ئاڵوگۆڕکاران دروست بێت کە سەرهەڵدانی تەنگژە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئارادا نییە، هەرچەندە نیشانەکانی ئەو سەرهەڵدانەش بەتەواوەتی بەرجەستە بووبێت.

بەهۆی دابەزینی نرخی سوودی بانکەکان لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییدا لە ئەمەریکا لەلایەک و بەرزبوونەوەی متمانە و پێگەی بەڵگەنامە داراییەکانی MBS بەهۆی بوونی بارمتەیەکی بڕوا پێکراو وەکو یەکەکانی نیشتەجێبوون لەلایەکی تر، قازانجی ئاڵوگۆڕەکانی MBS بە بەراورد لەگەڵ قازانجی بازاڕەکانی سەرمایە زۆر بەرزتر بوو و بە تایبەتی کە نرخی خانووبەرەش بەردەوام ڕوو لە زیادبوون بوو. هەر لەبەر ئەو هۆیەش، تا ئەو کاتەی کە نرخی خانووبەرە ڕوو لە زیادبوون بوو، بانک و دەزگا داراییەکان ئەوندە نیگەرانیی پاشگەزبوونەوە (نکول)ی قەرزوەرگرەکان نەبوون و ئالوگۆڕەکانی MBS و

CDO ڕەواجێکی باشیان هەبوو.

سەرمایە زەبەلاحەکان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئاسیا ڕژایە بازاڕی ئاڵوگۆڕەکانی MBS و CDO. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەو سوودەی کە لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانە وەدەست دەهات، زۆر زیاتر بوو لە سوودی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بازاڕە داراییەکانی ئەوروپا و ئاسیا باو بوو، بەڵام کاتێک کە نرخی خانووبەرە ڕەوتێکی ڕوو لە دابەزین و داکشانی گرتە بەر و ڕێژەیەکی بەرچاو لە قەرزوەرگرەکان تووشی پاشگەزبوونەوە (نکول) هاتن، قەبارەی ئەو نەختینەییەی کە ڕژابووە ناو بازاڕی ئاڵوگۆڕەکانی MBS، دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و بێ متمانەیی لەبارەی شیمانەی بەردەوامبوونی ڕەواجی ئاڵوگۆڕەکان لەو بازاڕەدا زیادی کرد.

ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی بۆ ئەو وەبەرهێنەرانە یاخۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە دەستیان لە ئاڵوگۆڕی MBSدا هەبوو و لە هەمان کاتدا بەڵێن و ئەرکی داراییی جۆراوجۆریان لە بازاڕی ئاڵوگۆڕەکانی تر لە ئەستۆدا بوو، گرینگی و بایەخی زیاتری هەبوو. هەر لەبەر ئەو هۆیەش، کاردانەوەی ئەو دەستەیە لە وەبەرهێنەر و دەزگا ئابوورییانە لەبارەی پاشگەزبوونەوە (نکول)ی قەرزوەرگرەکان و سستی و خاویی بازاڕی ئاڵوگۆڕەکانی MBS زۆر زیاتر بوو کە بە "حاڵەتی ڕوو لە بەرزبوونی بەڵێنە داراییەکان"[1] ناسراوە. بەو شێوەیە، تەنگژەی دارایی کە لە بەشی قەرزە بارمتەییەکانی بازاڕی خانووبەرەی ئەمەریکا دەستی پێ کردبوو بە خێرایی نەوەک تەنیا هاتە ناو بازاڕە داراییەکانی ئەوروپا و ئاسیا بگرە بۆ بەشەکانی تریش گوازرایەوە و ئەو بارودۆخەی ئێستای هێنایە کایەوە.

(1) Financial Debt Leverage

٤- لاوازیی سیاسەتە داراییەکانی بانکی ناوەندیی ئەمەریکا: فیدراڵ ڕیزێرف

سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری هەر لە بنەڕەتدا دامەزراوە و دەزگای پێویستی بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی بڵق یاخۆ پێشگرتن لە تەقینەوەی ئەو بڵقانەی لە بەردەستدا نییە. بەپێی تیۆرییە ئابوورییەکان، بانکە ناوەندییەکان، بەرپرسی بەڕێوەبردن و هەڵسووڕاندنی بازاڕە دراوییەکان و دەستەبەرکردنی حاڵەتی تەندروست و ڕاست و دروست بۆ سیستەمە کرێدیتییەکانن، بەڵام دروستبوونی بڵقەکان بە تایبەتی لە بازاڕە داراییەکان بە هەند وەرناگرن و کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن و هەڵسووڕاندنی ئەو بڵقانە، بە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی خۆیان نازانن. ئەوەی کە بە پراکتیکی لە ئەمەریکا بینرا، ئەوە بوو کە هەر کاتێک کە بڵقێکی وەکو بڵقی تەکنەلۆجیا (dot.com bubble) یاخۆ بڵقی خانووبەرە بتەقێتەوە، فیدراڵ ڕیزێرڤ بەو ڕێکارانەی کە زیاتر ڕەهەندی ڕەنگدانەوەییان هەیە، هەوڵ دەدات کە تەنیا ئاسەوار و شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی تەقینەوەی ئەو بڵقە بۆ سەر ئابووریی نیشتمانی، بۆ کەمترین ئاست دابەزێنێ. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین تاوەکو ئێستا هیچ هەوڵێکی جیدی لەلایەن بانکە ناوەندییەکانی وڵاتە پیشەسازییەکان بەتایبەتی بانکی ناوەندیی ئەمەریکا بە ئاراستەی ڕێگەگرتن لە دروستبوونی بڵقە داراییەکان و پێشگرتن لە تەقینەوەی ئەو بڵقانە نەدراوە. لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە، بۆ ئەستەمبوون و قورسیی کاری دەستنیشانکردنی ڕاست و دروستیی بڵقە داراییەکان لەلایەک و بوونی کەموکورتی تیۆری لەبارەی دیاریکردنی سیاسەتی دراویی گونجاو بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی بڵقەکان یاخۆ بە لانی کەم بچووکترکردنەوەی قەبارەی بڵقەکان لەلایەکی تر بگەڕێتەوە.

هەروەها لێکدانەوەیەکی تریش لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەخرێتە ڕوو کە دەڵێت: هەموو جۆرە دەستێوەردانێکی فیدراڵ ڕیزێرڤ یاخۆ هەر بانکێکی

تری ناوەندی بۆ مــایەپووچکردنی بڵــقــەکــان، "ئاســەواری مــۆرالی یاخــۆ مەترسییە مۆرالییەکان"[1] بەدوای خۆیدا دەهێنێ. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستێوەردانی فیدراڵ ڕیزێرڤ بۆ ڕزگارکردنی بانک یاخۆ ئەو دەزگا داراییانەی کە هەڕەشەی مایەپووچبوون (ئیفلاس)یان لێ دەکرێ، ئەو بیرۆکەیە لەلای دەزگا داراییە زەبەلاحەکان دەهێنێتە ئاراوە کە دەتوانن ریسک و مەترسیی زۆر گەورە لە ئەستۆ بگرن لەبەرئەوەی دواجار لە کاتی دروستبوونی مەترسیی مایەپووچبوون و لە کاتی تەنگانەدا، بێگومان فیدراڵ ڕیزێرڤ یارمەتییان دەدات و لە ڕێی پیادەکردنی پلانەکانی ڕزگارکردنی دارایی، ڕێگە لە مایەپووچبوونیان دەگرێ.(٩)

خاڵێکی تر کە جەخت لەسەر لاوازیی فیدراڵ ڕیزێرڤ لەبارەی ئامادەکردن و داڕشتنی سیاسەت و پلانی کارا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دروستبوونی بڵقەکان دەکا، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دابەزینی نرخی سوود لە سەرەتاکانی دەیەی ئێستاماندا لەلایەن ئەو بانکەوەیە. هەرچەندە ئامانجی ئەو سیاسەتانە کەمکردنەوە و دابەزاندنی ئاسەواری ئەو مەترسییانەیە کە لە ئەنجامی تەقینەوەی بڵقی تەکنەلۆجیا (dot.com bubble) و بەرەنجامە هەڵئاوساناوییەکانی ئەو بڵقەوە دروست دەبن. لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٠ تاوەکو ٢٠٠٣، فیدراڵ ڕیزێرڤ نرخی سوودی بانکیی لە ٦,٥ ٪ بۆ ١ ٪ کەم کردەوە. هەر ئەوەش بوو کە وای کرد لە ساڵەکانی ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠٠٧ ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا داراییەکان، بە قەبارەیەکی یەکجار گەورە قەرز لە بانک و دەزگا داراییەکانی تر وەربگرن بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەو قەرزانە لە بواری بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان MBS سەرمایەگوزاری بکەن و لە داهاتی ئەو کارە سوودمەند بن. لەبەرئەوەی بەردەوامبوونی ڕەوتی بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە بە گەرەنتی و هاندەرێکی زۆر چاک بۆ قازانجداربوونی وەبەرهێنان لە بواری MBS دادەنرا.

لە بارودۆخێکدا کە نرخی سوودی بانکی زۆر نزم بێت، هەموو

(1) Moral Hazard .

وەبەرهێنەرێک دەتوانێت لە رێگەی قەرزی سووک و کڕینی قەبارەیەکی بەرچاو لە MBS قـازانجێکی هەفـتـانە بۆ خـۆی دەسـتـەبەر بکا. کەواتـە سـیـاسـەتی کـەمکردنەوەی نـرخـی سـوودی بانـکی لـەلایەن فـیـدراڵ ڕیزێرڤ هەرچـەندە بەمـەبەسـتـی دروسـتـبـوونی ڕەواج و بازاڕگـەرمی لە دوای تەقـینـەوەی بڵـقی تەکنەلۆجیا پەیڕەو کرابوو، بەڵام بەخێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا زەمینەی بۆ دروستبوونی بڵقی خانووبەرە ساز کرد.

بەو شـێـوەیە باشـتـرین پێنج بانکی وەبەرهێنەری ئەمـەریکا، ڕیسک و مـەترسـیـیەکـانیـان بەهـۆی کڕینی قـەبارەیەکی یەکـجـار گـەورە لە MBS، لە سـاڵەکانی ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠٠٧ بە شـێوەیەکی بـەرچاو بەرز بووەوە. چونکە لە بەرامـبـەر هەر زەرەر و زیانێک لە ئاڵوگۆڕەکـانی MBS ئەوان زیاتر لـە هەمـوو کەس و لایەنێک دەکەوتنە ژێر مەترسییەوە.

قـەرزداریەتیی ئەو پێنج بانکە گەورەیەی ئەمـەریکا لە سـاڵی ٢٠٠٥ بە ٤,١ تریلیـۆن دۆلار خـەملێنـراوە کـە دەکـاتە نزیکەی ٣٠ ٪ ی تێکڕای بەرهـەمی ناوخـۆیی ئەمـەریکا. لە مـانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨ لە نێـوان ئەو پێنج بانکە گەورەیە، بانکی لیمەن برادرز تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاس) هات و بانکی بییەر ستێرنزیش کەوتە ژێر موڵکداریەتیی بانکی مەریل لینچ.

٥- لاوازیی سیسـتـەمەکانی چاودێریکردن لە بازاڕی لێکەوتە داراییـیەکـان و بوونی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی لە بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان

چەندان بەڵگە و ئاماژە لە بەردەستدان کە گەواهیدەری ئەوەن کە بەرپرسە دراوییەکانی ئەمەریکا هۆشداریدانەکانی ژمارەیەک لە پسپۆڕانیان لەبارەی مـەترسـیـیەکـانی بەکـارهێنانی ئامـرازەکـانی لێکەوتـە داراییـیەکـانی وەکـو داتاشـراوی گرێبـەسـتـەکانی داهـاتوو و دەسـەڵاتەکـانی ئاڵوگـۆڕی بارمـتـەی خانووبەرە بـۆ بەڵگەنامە داراییـە پشتگیریکراوەکان پشتگوێ خسـتووە و ئەو مـەترسـیـیـەی کـە لەو ڕێگەیەوە تـووشی ئابووریی نیـشـتـمـانیی ئەمـەریکا و ئابووریی جیـهانی دەبێت، بەهەند وەرنەگرتووە. لەلایەکی تر، دەتوانین بوونی

گەندەڵییە کارگێڕی و داراییەکان بە هۆکار و فاکتەری دروستبوونی ئەو تەنگژەیە لە قەڵەم بدەین. کە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین.

١- لە توێژینەوەیەکدا کە سێ کەس لە یاسادانەر و پسپۆڕە داراییەکانی ئەمەریکا لەبارەی هۆکارەکانی تەنگژەی ئەو دواییەی ئەمەریکا ئامادەیان کردبوو،(١٠) زۆر بەڕاشکاوی ڕایان گەیاندووە کە گرین سپەن سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕێزێرڤ و ڕابێرت ڕابین[١] وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا و ئارتوور لەڤیت[٢] سەرۆکی کۆمیسیۆنی بۆرسەکانی بەڵگەنامە داراییەکان SEC زۆر بە ڕاشکاوانە دژی هەموو پێشنیازێک بەمەبەستی ڕێکخستنەوە و کۆنترۆڵی بازاڕی لێکەوتە داراییەکانەوە[٣] وەستاون.

جێی ئاماژە پێکردنە کە ئامرازەکانی لێکەوتەکان وەکو گرێبەستەکانی داهاتوو[٤] (وەکو گرێبەستە نەوتییەکان) و بژارەکان[٥] و گۆڕینەوەکان[٦]، بەداهێنانە نوێیەکانی لێکۆڵینەوە داراییەکان دادەنرێن و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بازاڕە کاغەزییەکان[٧] (کاغەزە داراییەکان)دا بەکار دەهێنرێن و زیاتر بۆ داپۆشین و کەمکردنەوەی ڕیسک و مەترسیی گۆڕانکارییە نێگەتیڤەکانی نرخەکان یاخۆ لە بنەڕەتدا بۆ کاری سەوداگەری بەکار دەهێنرێن. بەو پێیەی کە قەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی لێکەوتەکان لە بازاڕی کاغەزە داراییەکان دەگاتە چەندان دە جار یاخۆ چەندان سەد جار هێندەی قەبارەی ئاڵوگۆڕەکان لە بازاڕە واقیعییەکاندا، هەر لەبەر ئەو هۆیە، نەبوونی بەڕێوەبردنێکی کارا و چاودێرینەکردنی بەرپرسەکان لە ڕێکخستنەوەی

---

(1) Robert Rubin .

(2) Arthur Levit .

(3) Derivatives .

(4) Futures .

(5) Options .

(6) Swaps .

(7) Paper Markets .

بازاڕی لێکەوتە داراییەکان خۆی لە خۆیدا شتێکی مەترسیدارە.

لەو ڕووەوە، ئەو ڕاپۆرتەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، هۆکاری سەرەکیی ڕوودانی ئەو تەنگژە داراییە گەورەیەیە کە بۆ کارکردنی نادروستی لێکەوتە داراییەکان و نەبوونی چاودێریی پێویست لەسەر ئەو بازاڕەدا دەگەڕێتەوە.

لەلایەکی تر، ئامادەکارانی ئەو ڕاپۆرتە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە یەکەم: گرین سپەن بە ئاگادارییەوە "کۆمیسیۆنی بازرگانیی گرێبەستەکانی داهاتووی کالاکان"[1]ی کە مەبەستیان بوو چاودێرییەکی وردتر بەسەر ئاڵوگۆڕەکانی (لێکەوتە داراییەکان)دا بکەن، تا ڕادەیەکی زۆر بێ هێز و لاواز کرد و دووەم: کاتێک کە ئامرازەکانی (لێکەوتە داراییەکان)دا لە بواری ئاڵوگۆڕەکانی بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان MBS بەکار هێنران، لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨ بە تەواوەتی زەمینە بۆ هەرەسهێنانی بۆرسە گەورەکان فەراهەم بوو.

٢- لە مێژووی ١٧ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ یەکێک لە یاساناس و پارێزەرە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا لە میانی وتارێکدا کە بەناوونیشانی "شوێنپەنجەی گرین سپەن لە سەرتاپای ئەو تەنگژە دوور و درێژە" بڵاوی کردەوە، دەڵێت: "ئەو کارانەی کە گرین سپەن ئەنجامی دان یاخۆ هەموو ئەو کارانەی کە دەبوایە ئەنجامی بدا، بەڵام ئەنجامی نەدان، بوونە هۆکاری دروستبوونی تەنگژەی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨".(١١) ئەو یاساناسە لەو بڕوایەدا بوو کە گرین سپەن وەکو سەرۆکی فیدراڵ ڕیزێرڤ، بەپلاندانەری بڵقێکی گەورە دادەنرێ کە ئەو بڵقە لە ئاستێکی جیهانیدا تەقییەوە و شەپۆلە تێکدەرەکانی سەرتاپای جیهانی تەنییەوە. لەو وتارەدا باسی قسەی وەزیری ئابووری و داراییی ئیتاڵیا[2] کراوە کە

(1) Commodity Futures Trading Commission .

(2) Giulio Tremonti .

وتوویەتی: "دەبێ لە خۆمان بپرسین ئاخۆ گرین سپەن هاوشێوەی بن لادن نییە؟ ئەو کەسەی کە زۆرترین زەرەر و زیانی لە ئەمەریکا دا!".

٣- نزیکەی ٥ ساڵ بەر لە هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨، واتا لە مێژووی ٣١ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣، یەکێک لە دامەزراوە بەناوبانگەکانی بواری دارایی ئەمەریکا[1] بەو شێوەیە هۆشداریی دا و وتی: "ماوەیەکە ئێمە نیگەرانیمان لەبارەی ڕیسک و مەترسییەکانی قەرزەکانی تایبەت بە بەڵگەنامە داراییەکان[2] بەتایبەتی بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان و قەرزەکانی پێشکێشکراو بۆ کڕینی ئۆتۆمۆبێل یاخۆ قەرزەکانی تایبەت بە کارتە کرێدیتییەکان هەیە. بەبۆچوونی ئێمە "دروستکردنی بەڵگەنامەی دارایی" بەواتای دروستکردنی کاغەزی قەرز و پێشینەی پشتبەستوو بە داراییەکان، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە بەڵگەنامە داراییانە دروست دەکەن، هەستیاری و وردبینیی پێویست لە هەمبەر "ڕیسک و مەترسیی کرێدیت" لە دەست بدەن... لە دوای دروستکردنی ئەو جۆرە بەڵگەنامە داراییانە، ئاڵوگۆڕکاران لە بەرامبەر ئەو پرسیارەی کە ئەو قەرز و پێشینەیەی کە بە پاڵپشتیی بەڵگەنامەی دارایی پایە و پاڵپشت، گەرەنتی کراون، ئاخۆ لە بنەڕەتدا شیمانەی دانەوە و گەڕاندنەوەیان هەیە؟ یان نا، هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەو پرسیارە پێ نییە و لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا بێدەنگی دەنوێنن. لەم ڕووەوە شیمانەی زیانباربوونی ئەو قەرز و پێشینەیە لە دوای دروستکردنی بەڵگەنامەی دارایی پایە و پاڵپشت، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ زیانەکانی ئەو قەرزانە پێش دروستبوونی ئەو بەڵگەنامە داراییە پاڵپشتییانە بەراورد ناکرێن. ئەوە ڕێک ئەو شتەیە کە لە زانستی ئابووری بە "مەترسییە

(1) Fairfax Financial ,S Prem Wasta .

(2) Asset-Backed Bonds .

مۆرالییەکان"[1] ناوزەد دەکرێن و هەڵبەت ئەمە شتێکی سادە و سەرپێیی نییە کە بتوانین بێ هەڵوەستەکردن، بەسەریدا گوزەر بکەین. بەهای بەڵگەنامە داراییەکانی بارمتەی خانووبەرە لە مێژووی ٣١ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەمەریکا بە یەک تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ.... چ کەس و لایەنێک ئەو بەڵگەنامە داراییانە دەکڕێ؟ کۆمپانیاکانی بیمە، بەڕێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی بواری پێشکێشکردنی کرێدیت، بانکەکان،... هەموو ئەو دامەزراوانە سوود و قازانجێکی زۆر گەورە بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. لەبەرئەوەی لە کاتی ئێستادا ئەو قەرزانە لە ڕیز و پلەی کرێدیتی باش پۆلێن کراون، بەڵام ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا تووشی بڵقێک لەو بازارە ببن، ئەنجامەکەی چۆن دەبێت؟". پێشبینی و مەزەندەکانی ئەو دامەزراوە داراییانە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨ لە ڕاستیدا هاتە دی و بڵقی MBS تەقییەوە و جیهانی تووشی تەنگژەیێکی گەورە کرد.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە ساڵی ٢٠٠٨، بەهای بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان گەیشتە ٦,٦ تریلیۆن دۆلار. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە پشکی وەبەرهێنەرە بیانییەکان (دەرەوەی ئەمەریکا) لەو بازارەدا بەڕێژەی ١٨,٤٪ بوو و پشکی کۆمپانیاکانی بیمە بەڕێژەی نزیکەی ١٤,٥ ٪ و پشکی سندووقەکانی خانەنشینی بەڕێژەی ١٠ ٪ تۆمار کراوە.(١٢)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەبۆچوونەکانی لایەنگرانی گرین سپەن بدەین. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ لە دانیشتنێکدا کە بە بەشداریی ئابووریناسان و پسپۆڕە داراییەکان لە زانکۆی هارڤارد بەمەبەستی باسکردن و تاوتوێکردنی ئەو تەنگژە داراییە ڕێک خرابوو، ڕابێرت مێرتۆن[2] خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئابووری کە بە یەکێک لە پسپۆڕە بەناوبانگەکانی بواری دارایی

(1) Moral Hazard .

(2) Robert Merton .

دادەنرێ و لە دارێژەرانی هاوکێشەی نرخدانانی بژارەکان[1] لە بواری لێکەوتە داراییەکان لە قەڵەم دەدرێت، نەوەک هەر نکولی لە ڕۆڵی داهێنان و تازەگەرییە داراییەکان لە تەنگژەی ئەو دواییەدا کرد، بگرە پێی وابوو کە "داهێنانەکان بەشێوەیەکی جەوهەری و خۆی لە خۆیدا مەترسیدارن"[2] هەر بۆیەش مەرجی جێبەجێبوونی هەموو داهێنانێک ئەوەیە کە خاوەنەکانی ئەو داهێنانانە بتوانن خۆیان لە چوارچێوە وشکەکان و ڕێساکانی چاودێریکردنی سەردەمی خۆیان دەرباز بکەن. لەبەرئەوەی کە هەموو داهێنانێک لەگەڵ ڕێسا و یاساکانی سەردەمی خۆی کە ئەویش بەجۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ میکانیزم و ڕێوشوێنە ناسراو و باوەکاندا هەیە، ناگونجێ و بگرە هەندێک جاریش دژ بەیەکن. لەلایەکی تر، بەهیچ جۆرێک نابێ مەودای کارکردن و کایەی چالاکییەکانی داهێنانەکان تەنیا لەبەرئەوەی کە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ئێستادا ناگونجێ، سنووردار بکرێ چونکە دەبێ ئەو خاڵە گرینگە فەرامۆش نەکەین کە "داهێنان داینەمۆی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونە".[3]

مێرتۆن لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: "نەوەک تەنیا نابێت لە ڕێگەی یارمەتییە داراییەکانەوە وال ستریت لەو تەنگژانەدا ڕزگار بکەین، بگرە دەبێ خۆمان لە هەموو جۆرە هەوڵ و کۆششێک بۆ دەستێوەردان و چاودێریی زیاتر لەسەر بازاڕە داراییەکاندا بە دوور بگرین. چونکە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕادەی دەستێوەردان و چاودێریی زیاتر بەسەر بازاڕەکاندا. ئەنجامدانی ئەم کارەش، لە خودی تەنگژە داراییەکە زیانبارترە و دواجار دواڕۆژی "هێزی بزوێنەر و وزەی دامەزراوەیی سیستەمی سەرمایەداری"[4] دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

---

(1) Option Pricing Model .

(2) Innovations Are Inherently Risky .

(3) Innovation Is The Engine Of Growth .

(4) Capitalism,S Foundational Energy .

له وەڵامی ڕوونکردنەوەی "ڕابێرت مێرتۆن"دا دەبێ بڵێین کە پلانی ڕزگارکردنی بانک و دامەزراوە داراییەکان لە ڕاستیدا "پلانی ڕزگارکردنی سەرمایە"یە و هیچ بایەخێک بە "پلانی ڕزگارکردنی بەکاربەرەکان و خێزانەکان" نادا.

ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕاین کە قووڵی و ئاسەوارەکانی تەنگژە داراییەکەی ئێستا هەروەکو تەنگژە داراییەکانی ڕابردوو، لە کاتی گەیشتنی نرخی پشکەکان بەنزمترین ئاست تەواو دەبێت و بەرزبوونەوەی نرخی پشکەکان و ڕەواجی بۆرسەکان بەشێوەیەکی ئارام و هەنگاو بەهەنگاو دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی سەرمایە لە دوای چ باج و قوربانیدانێکدا دەبێت؟.

وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر ڕوون و ئاشکرایە: بە بەهای پاڵپەستۆ خستنە سەر خێزانەکان و چینی ناوەڕاست و کەمدەرامەت و بەتایبەتیش دوای زیادبوونی ئاستی بێکارییەکی درێژخایەن کە ئەو حاڵەتانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندانە و لەوانەیە چەندان ساڵ بخایەنێت وەکو ئەو حاڵەتەی کە لە تەنگژەی گەورەی دەیەی ١٩٣٠ ڕووی دا. بەداخەوە لە سیستەمی سەرمایەداری کە پرەنسیپ و بەها ئەخلاقییەکان ڕۆڵێکی بەرجەستە تیایدا ناگێڕن، ئەو جۆرە پرسیارانە بەبێ وەڵام دەمێننەوە و وەکو پرسیارگەلێکی ناپێوەندیدار و نازانستی و نابابەتییانە سەیر دەکرێن.

ئالێن گرین سپەن سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕیزێرڤ لە بەرامبەر ئەو قسە و تۆمەتانەی کە ئاراستەی کراون بێدەنگ نەبووە و لە وتاری خۆیدا لە فیدراڵ ڕیزێرڤ کە لە مێژووی ٢٧ی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٦ پێشکێشی کردووە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە و دەڵێت ڕێگەگرتن لە پیادەکردن و جێبەجێکردنی پلانەکانی چاودێری و دەستێوەردانی زیاتر لە بازاڕی لێکەوتە داراییەکان تەنیا بۆ بەرگریکردن و پشتگیریکردنە لە بەرامبەر بەکاربەرەکان و خێزانەکان. لەبەرئەوەی هەر کاتێک سەرمایەگوزاران ئومێدی ڕەوینەوەی ڕیسک و مەترسییان هەبێت و ڕۆژ لە

دوای ڕۆژ ئەو هیـوا و ئومـێـدەیـان زیاتر بێت، دیارە ئـەوانیش چاوەڕوانی و پێشبینیی بەرهەم و سوودی زیاتر بۆ سەرمایەکانیان دەکەن بەتایبەتی ئەگەر ئەو وەبەرهێنانانە لە کەرتی خانووبەرە ئەنجام درابن. بەمەش ئەو کەسانەی کــە خــوازیاری کــڕینی خــانووبەرەن، دەبێ ڕێژەیەکی بەرچاو لە نرخی خانووەکان وەکو پێشەکی بدەن تاوەکو بتوانن سوود لە قەرزە بارمتەیییەکان وەربگرن. لەم وتارەدا گــرین ســپــەن شــانازی بەوە دەکــا کــە لە ڕێی سیاسەتەکانی ئازادکردنی زیاتر و نەهێشتنی ڕۆتین و لادان لە ڕێساکانی بازاڕە داراییەکان، توانیویەتی بارودۆخێک بخولقێنێ کە هاوولاتییان بتوانن بەبێ پێدانی هیچ جۆرە پێشەکییەک ببنە خاوەنی خانووی تایبەتی خۆیان. تەنانەت کۆچبەرە نایاساییەکان و ئەو کەسانەشی کە داهات و کاریکی باشیان نەبووە، دەبوون بە خاوەنی خانووبەرەی تایبەتی خۆیان.

لە وەلامی گرین سپەندا دەبێ بپرسین ئەو جۆرە سیاسەتانە چ سوودێکیان هەیە؟ لە کاتێکدا کە یەکەم: دەبێتە هۆی هاتنە کایەی بارودۆخێک کە تیایدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە قەرزوەرگرەکان ناتوانن قیستی مانگانەی قەرزە بارمتەیییەکانی خۆیان بدەنەوە و دووەم: هەلومەرجێک دێتە ئاراوە کە تیایدا گەورەترین دامەزراوە داراییەکانی ئەمەریکا تووشی تەنگژەی کرێدیت بن و ژمارەیەکیان تووشی مایەپووچبوون (ئیفلاس) بن و ئەوانی تریش تا لێواری هەرەسهێنان ببات و جیهان بەو شێوەیە بخاتە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمە نالەبارە.

بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی قوولّی و لایەنە خراپەکانی ئەو زەرەر و زیانانەی کە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتە دارایی و ئابوورییەکانی فیدراڵ ڕیزێرڤ بەسەر ئابووریی نیشتمانیی ئەمەریکادا هێنای، تەنیا پێویستە سەرنجێک بدەینە ئەو ئامارانە: قەرزی نیشتمانیی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی یەک تریلیۆن دۆلار زیادی کردووە و لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨ گەیشتووەتە نزیکەی ١٠ تریلیۆن دۆلار، لە کاتێکدا کە ناوەندی بەرزبوونەوەی قەرزی نیشتمانیی ئەمەریکا لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٥٥٠ ملیار دۆلار بووە. ئەو

ڕێژەیە بەبەراورد لەگەڵ تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٧ کە نزیکەی ١٣,٥ تریلیۆن دۆلار بووە، بێجگە لەوەی بوونی ناسەقامگیری لە ئابووریی نیشتمانیی ئەمەریکا نیشان دەدات، بگرە بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی بۆ ئەو وڵاتە پیشەسازییە گەورانەی کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی ئابوورییان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە. بەر لەوەی کۆتا بەو بابەتەمان بهێنن پێویستە بەشێوەیەکی گشتی هەڵوەستەیەکیش لەسەر گەندەڵییە دارایی و کارگێڕییەکان بکەین کە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە دروستبوونی ئەو تەنگژانەدا هەبووە.

١- هەندێک لە وەبەرهێنەرە گەورەکانی بواری دارایی وەکو بانکی بارکلیز[1] کە پشکێکی بەرچاویان لە ئاڵوگۆڕەکانی MBSدا هەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٧ سکاڵایەکیان دژی کۆمپانیای بەناوبانگی بییەر ستێرنز کە یەکێک لە ٥ گەورە دامەزراوەکانی داراییی ئەمەریکایە و بەگەورەترین دامەزراوەی دارایی لە ئاڵوگۆڕەکانی بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان دادەنرێ، تۆمار کرد بەوەی کە ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ ئەوەی کە ئاگەداریی تەواوی لەبارەی بەهای بەشێک لە داراییەکانی خۆی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەنرخێکی زیاتر لە نرخە ڕاستەقینەکەی خۆی فرۆشتووەتە بانکی بارکلیز. لەو سکاڵانامەیەدا کۆمپانیای بییەر ستێرنز بەوە تۆمەتبار کراوە کە بەهۆی خستنە ڕووی زانیاریی چەوت و نادروست لەبارەی بەهای ڕاستەقینەی ئەو بەڵگەنامە داراییانە، تەنیا بەدوای سوود و قازانجی زیاتر بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بووە. ئەو کۆمپانیایە بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە بەهای ئەو بەڵگەنامە داراییانە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی ٦٪ بەرزتر بووەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕاستیدا بەهای ئەو سەبەتە داراییانە لەو مێژووەی کە باس کرا، ڕوو لە نزمبوون بووە.

لە دوای ئەو سکاڵایە، لە مێژووی ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ دوو کەس

(1) Barclays Bank PLC .

لە بەڕێوەبەرە پایە بەرزەکانی ئەو کۆمپانیایە، لەلایەن پۆلیسی ئەمەریکا FBI دەستگیر کران کە ئەمە بەیەکەمین دەستگیرکردنی بەڕێوەبەرانی وال ستریت لە بواری قەرزە بارمتەییەکان لە مێژووی ئەمەریکا دادەنرێ.

ڕاپۆرتە ڕاگەیەنراوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٧ تاوەکو ٢٠٠٨ ژمارەی هێزەکانی پۆلیسی تایبەت بە تاوانەکانی قەرزە بارمتەییەکان بۆ دوو هێندەی خۆی زیاد کراون.(١٣)

٢ _ دوو دامەزراوەی دارایی بەناوەکانی فەنی مەی و فرێدی مەک کە بە گەورەترین دامەزراوە داراییەکان لە بواری پێشکێشکردنی قەرزە بارمتەییەکان لە ئەمەریکا و هەموو جیهان دادەنرێن. بەردەوام بە تۆمەتی هەبوونی پێوەندیی داراییی نایاسایی و گوماناوی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی ئەمەریکا تۆمەتبار دەکرێن.

بەپێی لێدوانی جێگری سەرۆکی پێشووی فیدراڵ ڕێزێرڤ، ئەو دوو کۆمپانیایە نموونەی دیار و ئاشکرای سەرمایەداریی هاوڕێین.[1]

سیاسەتوانە ئەمەریکاییەکان ئەو دوو کۆمپانیا گەورەیەیان لە بازاڕی قەرزە بارمتەییەکان دروست کرد و لە بەرامبەر ئەوەشدا، ئەو دوو کۆمپانیایە بەشێک لە قازانجی خۆیان لەژێر ناوی سندووقی پاڵپشتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا خستە بەردەستی سیاسەتوانەکان.(١٤) ڕاپۆرتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لە ڕابردوودا، کۆمپانیای فرێدی مەک بەهۆی دابینکردنی یارمەتیی داراییی نایاسایی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن چەندان جار سزای قورسی بەسەردا سەپێنراوە.

زۆربەی ئەو یارمەتییانە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانە خەرج کراوە کە لە لێژنەی خزمەتگوزارییە داراییەکانی ئەمەریکادا ئەندامن. دیارە بڕیارەکانی ئەو نوێنەرانەش دەتوانێ بۆ کۆمپانیای فرێدی مەک چارەنووسساز بێت.(١٥)

---

(1) Crony Capitalism .

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

1 . dot.com bubble
2 . "Banks help illegal immigrants own their own home", Money.CNN.com, 8 August,2005.
3 . FRB: Speech-Bernanke, Fostering Sustainable Home Ownership 14 March 2008" . Federalresserve.gov.
4 . Lynnley Browing, "The Subprime Loan Machine ", Nytime.Com, 27 March 2007.
5 . " Brokers, Bankers play subprime blame game", Real Estate MSNBC.com, 2008.
6 . Tyler Cowen, "So We Thought. But Then Again".ة, New York Times, 13 January 2008, nytimes.com
7 . Demyanyk, Yullliy and Van Homert Otto, "Understanding The Subprime Mortgage Crisis", Working Paper Series, Social Science Electronic Publishing, 19 August 2008.
8 . "A Survey of The world Economy: When Fortune Frowned", The Economist, Economist.com
9 . Thomas J . McCool, "Responses to Questions Concerning Long Term Capital Management Related Events", General Government Division, Government Accountability Office, 23 Febraury 2000.
10 . Anthony Faiola, Ellen Nakashima and Jill Drew, "What Went Wrong", Washington Post, 15 October 2008.
11 . Timothy D . Naegele, "Greenspan,s Fingerprint All Over Enduring Mess", American Banker, 17 October 2008.
12 . IMF, "Assessing Risks to Global Financial Stability", 2008.
13 . "Ex-Bear Stearns managers arrested at their homes", by Tom Hays, Associated Press, 19 June 2008.
14 . Gerald P . O,Driscoll, Jr, "Fannie/Freddi Bailout Baloney", New York Post, 9 September 2008.
15 . "Federal Home Loan Mortgage Corporation (Freddie Mac) Pays Largest Fine In FEC History", FEC Press Release, 18 April 2006.

بەشی پێنجەم

# ڕێکارەکانی دەربازبوون لە تەنگژە: ڕاسپاردەکان و بەربەستەکان و زەروورەتی بنیاتنانی داوودەزگای پێویست

بەپێی سروشت و ئاسەوار و لایەنە جیاجیاکانی ئەو تەنگژەیە، پیادەکردنی سیاسەتێکی گونجاو بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەیە، پێویستی بەجێبەجێکردنی ئەو فاکتەرانەی خوارەوە هەیە:

١- گەڕاندنەوەی متمانە بۆ چالاکڤانانی بازاڕی کار و خاوەن پیشەکان و بازاڕی وەبەرهێنان. بەتایبەتی گەڕاندنەوەی متمانە بۆ ناو کۆمەڵی بەکاربەرەکان.

٢- بوونی هاوکاری و پێکەوە کارکردنی نێودەوڵەتی بەمەبەستی ئاسانکاریکردن لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕکردنی پارە و کرێدیت لە نێوان بانکە نێودەوڵەتییەکاندا.

٣- گرتنەبەری سیاسەت و ڕێوشوێنە داراییەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خواستی گشتی لەسەر کاڵاکان و گرینگی پێدان بە سیاسەتەکانی دابینکردنی هەلی کار و بەکارخستن، ئەویش بەپێی ڕێژەی هەڵئاوسان.

٤- گرینگی پێدان بەگەشەی ئابووریی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لە ڕێی بەردەوامبوون لە پشتگیرییە دارایی و تەکنیکی و خزمەتگوزارییەکاندا.

٥- بایەخ پێدان بەپاراستنی سەقامگیریی ئابووری لە بازاڕە گەورەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن. وەکو بازاڕەکانی چین و هیندستان.

٦- ئامادەکردنی پلان و بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری لە ئاستە نیشتمانی و

نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی بەشی واقیعیی ئابووری لە دوای نەمانی تەنگژەی کرێدیت.

٧- بنیاتنانی داوودەزگای گونجاو بۆ چاودێریکردن لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی داهێنانە داراییەکان لە بۆرسەکان بەتایبەتی لە بازاڕی لێکەوتە داراییەکان.

ئێستاش ئەو خاڵانەی سەرەوە لە چوارچێوەیەکی پۆلێنکراو لە خوارەوە تاوتوێیان دەکەین.

١- پێویستیی دروستکردنی متمانە

ئاکامی ڕاستەوخۆی هەموو جۆرە تەنگژەیێکی دارایی، نەمان و لەدەستدانی بڕوا و متمانە بە دوارۆژی ئابوورییە. مەترسیی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون)ی بانک و دامەزراوە داراییەکان، نیگەرانیی سپاردەکارانی لێ دەکەوێتەوە. دابەزینی بەهای پشکەکانیش کە دەبێتە هۆی لەدەستدان و نەمانی بەهای داراییەکان، ئەو نیگەرانییە دووقات دەکاتەوە. لەو کاتانەی کە بازاڕی پشکەکان هەرەس دەهێنێ، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان کە بەشێک لە داراییەکانی خۆیان بەشێوەی پشک و (سندات)ی دارایی پاراستووە، لەوانەیە تووشی حەپەسان ببن و بڕوا و متمانەیان بەسیستەمی دارایی بە شێوەیەکی وەها لە دەست بدەن کە پرۆسەی گەڕاندنەوەی ئەو متمانەیە، چەندان ساڵ بخایەنێ. ئەو تەنگژە داراییەی ئێستا ئەو جۆرە ڕەهەند و تایبەتمەندییەی هەیە. لەو ڕووەوە پلانی ٧٠٠ ملیار دۆلاری بەرپرسە داراییەکانی ئەمەریکا بۆ ڕزگارکردنی بانک و دامەزراوە داراییەکان سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لەبارەی گەڕاندنەوەی ئەو متمانەیە وەدەست نەهێناوە، چونکە دوای پەسندکردنی ئەو پلانە، نرخی پشکەکان لە بۆرسەکان لە ڕەوتی نزمبوونەوەی خۆی بەردەوام بوو و تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو نزمبوونە هەر بەردەوامە. بەو پێیەی کە پلانی ڕزگارکردنی داراییی ئەمەریکا زیاتر لە چوارچێوەی" پلانی ڕزگارکردنی سەرمایە "دا گەڵاڵە کراوە و

گرینگییەکی ئەوتۆی بەپلانی ڕزگارکردنی خەزانەکان و بەکاربەرەکان و کرێکارەکان نەداوە، بۆیەش ئەو پلانە لە بواری گەڕاندنەوەی متمانە بۆ بەکاربەرەکان سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە.

گەڕاندنەوەی متمانە بۆ ناو تۆڕی بانکەکان، ڕۆڵ و گرینگییەکی تایبەتی بۆ دەربازبوون لەو جۆرە تەنگژانەدا هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە بانک و دامەزراوە داراییەکان، بەشێک لە سامان و دارایی خۆیان بەشێوەی بارمتەی خانووبەرە بۆ بەڵگەنامە داراییە پشتگیریکراوەکان MBS پاراستووە. بۆیەش دوای ڕوودانی تەنگژەکە و دابەزینی بەرچاوی بەهای داراییەکان، کەوتنە ژێر مەترسیی مایەپووچبوون (ئیفلاسبوون)ەوە. بەو پێیەی کە زانیارییەکانی تایبەت بەپێکهاتەی سەبەتەی دارایی بانک و دامەزراوە داراییەکان، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە بەردەستدا نییە، بۆیە بانکەکان لە هەمبەر ڕەوشی ئابووری و دارایی یەکتری زۆر دڵنیا و پشتڕاست نین و بەردەوام شیمانەی مایەپووچبووبوونی بانک و دامەزراوە داراییەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئارادایە. هەر ئەوەشە کە وای کردووە ئاست و قەبارەی قەرزەکانی نێو بانکەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێ و نرخی ئەو سوودەی کە بانکەکان لە نێوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن و بە LIBOR ناسراوە، بەرز ببێتەوە، دابەزینی ئاستی نرخی LIBOR بە یەکێک لە پێوەرەکانی بەرزبوونەوەی پلەی متمانە لە ناو تۆڕی بانکەکان دادەنرێ. ئەو پێوەرە تاوەکو ئێستا دابەزینێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێشتا پلە و ڕادەی متمانە لە ناو تۆڕی بانکەکان نەگەیشتووەتە ئاستێکی بەرز و هەر بەلاوازی ماوەتەوە. پلانی ٧٠٠ ملیار دۆلاری ڕزگارکردنی بانک و دامەزراوە داراییەکان، بەهەنگاوێکی پۆزەتیڤ بە ئاراستەی دروستکردنی متمانە دادەنرێ، بەڵام پێدەچێت سەرەڕای بوونی بێکارییەکی ڕوو لە زیادبوون و مەترسیی مایەپووچبوونی دەزگا ئابوورییەکان، تاوەکو گەیشتن بە ئامانجی ویستراو ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لە بەردەمدا مابێت.

٢- بەرژەوەندییە نەتەوەیی و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان

ماوەی چەندان ساڵە کە بازاڕی سەرمایە لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکاندا شێوەیەکی جیهانیی وەرگرتووە. ئێستاکە بازاڕەکانی سەرمایە لە ئەمەریکا و ئەوروپا و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتە ئاسیاییەکان بەتایبەتی لە باشووری ڕۆهەڵات یەکپارچە کراوە. لەو ڕووەوە ئەگەر تەنگژەیێک لە یەکێک لە ناوەندە گرینگە داراییەکانی دنیادا ڕوو بدات، بەخێرایی و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ناوەندەکانی تریش دەگرێتەوە. ئەوەش پێویستیی بوونی دەزگایەک یاخۆ چەندان داوودەزگا کە بتوانن بازاڕە یەکپارچەکراوەکانی سەرمایە بەشێوەیەکی یاسایی و یەکدەست ڕێک بخەن، بەدیار دەخا.

دامەزراندنی داوودەزگای چاودێریکردن و ئاراستەکار بۆ بازاڕە یەکپارچەکراوەکانی سەرمایە پێویستی بەهاوتەریبی و یەک هەڵوێستی و یەک ئاراستەیی لە ئامانج و پلانەکانی جێبەجێکردنەوە هەیە کە ئەوەش پێویست بەوە دەکا کە بەرپرسە دراویی و داراییەکانی وڵاتە پیشەسازییەکان لە ئامانجەکانیاندا یەک بگرنەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو جۆرە ئامانجە یۆتۆپیاییانە (خەیاڵی)، سیستەمە سیاسی و حکوومەتە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان، دەبێ بگەنە جۆرە کۆدەنگییەک و سیاسەت و ڕێکارەکانیان بەشێوەیەک دابڕێژن کە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان زیان بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان نەگەیەنن. بەداخەوە لەو هەلومەرجەی ئێستادا، ئەو جۆرە هاوئاهەنگییە لە نێوان حکوومەتە دەسەڵات بەدەستەکانی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکاندا بەدی ناکرێ. هەرچەندە چەند داوودەزگایەکی تا ڕادەیەک گونجاو وەکو سندووقی نێودەوڵەتیی دراو هەن کە بەئاراستەی هاوتەریبکردن و لێک نزیککردنەوەی سیاسەت و ئامانجەکانی وڵاتەکان لەبارەی پرسە داراییەکانەوە هەنگاو دەنێن. پێ دەچێت بۆ دۆزینەوەی ڕیشە و سەرچاوەی ئەو ناتەبایی و یەکنەگرتنەوەیییەی هەڵوێستەکان، دەبێ بەدوای هۆکارەکانی لێکنەچوون و

ناتەبایی و جیاوازی و نەگونجانی کولتوورەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ یەکدیدا بگەڕێین.

کاردانەوەی حکوومەتەکان و سیاسەتوانە پایە بەرزەکانی وڵاتە ئەوروپایی و ئاسیاییەکان لەبارەی هەرەسهێنانی بۆرسەکان لە مێژووی ١٥ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە. چونکە تەنگژەیێک کە لە تۆڕی بانکەکان و بازاڕی سەرمایەی ئەمەریکا بۆ ناوەندە داراییەکانی ئەوروپا و ئاسیا و شوێنەکانی تری جیهان گوازرایەوە، زۆربەی هەرە زۆری بانک و دامەزراوە داراییەکانی وڵاتە پیشەسازییەکانی خستە ژێر مەترسیی مایەپووچبوونەوە.

سەرەڕای ئەوەش، سیاسەتوان و پلاندارێژەرە ئابووری و داراییەکانی ئەو وڵاتانە لەژێر کاریگەری تەوەری" بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان "دا کاردانەوەی دەستبەجێ و خێرایان نواند. بەمانایەکی تر هەرچەندە بەرپرسە دراویی و داراییەکانی هەموو ئەو وڵاتانە باسیان لە پێویستیی هاوکاری و هاوهەڵوێستیی نێودەوڵەتی و پیادەکردنی بەرنامە و پلانی هاوئاهەنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژانە دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان ڕەچاو دەکرد و لە بواری پراکتیکدا بەئاراستەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان و لە زیانی بەرژەوەندیی وڵاتانی تر کاریان دەکرد.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتە، پێویستە تاوتوێی هەندێک لەو خاڵانە بکەین کە لەلایەن سندووقی نێودەوڵەتیی دراوەوە پێشکێش کرابوون(١). سەرۆکی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو کە لە ڕۆژەکانی ١٠ تاوەکو ١٣ ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ واتا لە ماوەیەکی کەمتر لە یەک مانگ دوای هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکانی ئەمەریکا (ئەو هەرەسهێنانە لە مێژووی ١٥ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ ڕووی دا) دوای شیکردنەوەی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو تەنگژەیە، باسی لە پێویستیی هەوڵ و کۆششە

(1) Dominique Strauss-Kahn

نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەیە کرد و هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەبەرئەوەی کە بازاڕەکان و میکانیزمە داراییەکان سنوورێکی دیاریکراویان نییە، هەموو هەنگاوێک بەئاراستەی چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەیە دەبێ خەسڵەت و ڕەهەندی نێودەوڵەتیی هەبێت. سەرۆکی ئەو سندووقە بۆ نیشاندانی پێویستی و زەروورەتی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان، سەرەتا فاکتەر و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو تەنگژەیەی بەشێوەی خوارەوە شی کردەوە.

١- شکستهێنان لە چوارچێوەی ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بازاڕەکانی سەرمایە لە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا.

٢- شکستهێنان لە پلانەکانی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ڕیسک و مەترسی لەناو دەزگا داراییە تایبەتییەکان (ئەهلییەکان).

٣- شکستهێنان لە میکانیزم و ڕێوشوێنەکانی کارکردنی بازاڕەکان.

سەرۆکی سندووق هەرسێ هۆکارەکەی لەژێر ناونیشانی" بەجیهانیبوونی بازاڕی سەرمایە و نەبوونی چاودێریی پێویست بەسەر پەرەسەندن و فراوانبوونی بازاڕەکان " کۆ کردەوە. لە ڕاستیدا ئەوە هەمان تیۆرییەکەی" پۆل کرۆگمەن"[(١)] مامۆستای ئابووریی زانکۆی پرینستۆن و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٨ە کە هۆکاری تەنگژەی ئەو دواییەی بۆ دواکەوتنی سیستەمی چاودێری و شان بەشان پێشنەکەوتنی لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەسەندنی دارایی لە ئاستی جیهانیدا گەڕاندەوە.

ئەگەر بەوردی لەو فاکتەرانەی کە سەرۆکی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لەبارەی دروستبوونی تەنگژەی ئەو دواییە ختیە ڕوو، بکۆڵینەوە، بەدیار دەکەوێت کە دوو فاکتەری یەکەم بەهۆی نەبوونی بەرنامە و پلانی پێویست بۆ ڕێکخستن و ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی بازاڕەکانی سەرمایە لە ئاستەکانی نێودەوڵەتی و نیشتمانی و کەرتی تایبەتی وڵاتەکانەوە، ڕوویان داوە. ئەوە

(1) Paul Krugman.

حەقیقەتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە شێوەی کارکردنی دەزگا نێودەوڵەتییەکانی کەرتی تایبەت لە وڵاتە پێشەسازییەکاندا لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندایە. هەر بۆیەش دەربازبوون لەو جۆرە تەنگژانە بەبێ گرتنەبەری ڕێگە و هەنگاوی تۆکمە و بنیاتنەرانەی نێودەوڵەتی مومکین نییە. سەرباری ئەو حەقیقەتە، سەرۆکی ئەو سندووقە لە وتاری ڕۆژی ١٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨، لەبارەی شێمانەی دروستبوونی ئەو جۆرە هاوکارییانە لە داهاتوودا زۆر ڕەشبین بوو و بەو شێوەیە لێکدانەوەی بۆ دەکات و دەڵێ:" تاوەکو ئەو ڕۆژانەی کۆتاییی هەفتە[١] هەموومان بەچاوی خۆمان بینیمان کە تێکشکان و نەمانی متمانە لە ناو بازاڕەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ نەمان و تێکشکانی متمانە لە نێوان وڵاتەکاندا هاوکات و هاوئاهەنگ بوو. ئێمە ڕەوش و ئاکامێکی زۆر ناخۆش و نالەبار و نەویستراومان لە ئەنجامی پیادەکردنی یەکلایەنانەی بڕیار و ڕێکارەکان لەلایەن وڵاتەکان و حکوومەتەکان بەدی کرد ئەویش بەرەنجامی ئەوە بوو کە ئەو وڵاتانە تەنیا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان ڕەچاو دەکرد. "

وتەکانی سەرۆکی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو(١) دەری دەخات کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان چ ڕۆڵێکی گرینگ و بالایان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. ئەوەش بە خاڵێکی نێگەتیف و ڕێگر لە بەردەم ڕەوتی گەڕانەوەی متمانە بۆ سیستەمی دراوی و داراییی نێودەوڵەتی دادەنرێ. چونکە هەموو وڵاتێک نیگەرانیی ئەوەی هەیە کە وڵاتەکانی تر سوود لە دەرفەت و پێشهاتەکان لەو تەنگژە جیهانییەدا وەربگرن و لە قازانجی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان و بەزیانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکانی تردا کار بکەن. لەو ڕووەوە، ڕەوتی دروستبوونی متمانە لە کەشێکی وەهادا زۆر بە هێواشی و سستی بەڕێوە دەچێت و هەر ئەوەشە کە وای کردووە ڕەوتی دەربازبوون لە تەنگژەکە سست بێت و ماوەی گەڕانەوە بۆ بارودۆخی

(١) جێی ئاماژە پێکردنە کە ڕۆژی ١٣ی مانگی تشرینی یەکەم ڕۆژی یەکشەم واتا ڕۆژی پشووی فەرمییە.

پێشـووتر لە بازاڕە دراوی و داراییـیەکـاندا زیاتر بـخـایەنێ. کەلێنی نێـوان بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پێویستی گرتنە بەری هەڵوێست و سیاسەتی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژە جیـهـانییـە لە بازاڕەکـانی دراو و کـرێدیت و سـەرمـایە بووە هـۆی ئەوەی کـە دانیـشـتنەکـانی ئەم دواییـیـەی بەرپرسە سیاسی و دارایی و ئابوورییەکانی وڵاتەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەیە، تـەنیا لە چوارچێوەی کۆمـەڵێک ئامـۆژگاری و ڕێنوێنیـی گشـتی بۆ هەریەک لە وڵاتە بەشـدارەکـان کـورت ببـێـتـەوە و هـیچ ئەنجـامـێکی تری لێ نەکەوێتـەوە کە جـێی ئامـاژە پێکردن بێت. بۆ نموونە لە کـۆتاییی دانیـشـتنی ساڵانەی سندووقـەکە لە ڕۆژی ١٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم خاڵانەی خوارەوە وەکو ڕاسپاردە و ڕێنوێنی بۆ وڵاتەکان ڕاگەیەنران.

١- بەرپرسە حکوومـەتییـەکانی هـەریەک لە وڵاتەکان دەبێ پلان و بەرنامەیەکی وەها دابڕێژن کـە سـیـسـتـەمی پۆلێنکردنی ڕیسک و مـەترسـیی دەزگـا ئابووری و داراییەکان ڕەچاوی ئاسۆ و تێڕوانینێکی درێژخایەن بکات و هـەروەها سـتـاندەرێکی یەکسـان لە نێوان هـەمـوو دەزگـا ئابوورییـەکـانی گشت وڵاتە جیاجیاکاندا پەیڕەو بکرێ.

٢- بانک و دامەزراوەکانی چالاک لە بازاڕی پشکەکان و کاغەزە داراییەکان دەبێ چاکسـازی و ڕیفـۆرم لە چۆنیـەتیی بەڕێوەبردنی بواری نەختـینەییی خـۆیاندا بکەن و دەبـێ بانکە نـاوەندییـەکـانیش ئامـادەییی تەواویـان بۆ کۆکردنەوە و مسۆگەرکردنی نەختینەییی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرە تەنگژەیێک هەبێت.

٣- ئەو بانکانەی کە چـالاکیـیـەکی بەرچاویان لە وڵاتـەکانی تـردا هەیە، دەبێ پێداچوونەوە لەسـەر پلانە درێژخایەنەکانی خـۆیان لەبارەی پلان و بەرنامە کـرێدیتـیـیـەکـانی دەرەوەی سنوورەکـانی خـۆیاندا بکەن و بـەرپرسـە حکوومـەتییـەکانیش دەبێ خـۆیان بۆ هاوکـارییـە دەرەکیـیـەکـان و کاری فریاگوزاری و لە ناکاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژە دەرەکییەکان ئامادە بکەن و لە هـەمـان کاتیـشـدا دەبێ بە جـیـدی کـار بۆ ئەوە بکەن کە یـاسـا

ناوخۆییەکانیان لەگەڵ ئەو جۆرە هاوکارییە نێودەوڵەتییانە ناتەبا و دژبەیەک نەبێت. تێبینی دەکرێ کە ئەو ڕێکارانەی کە تاوەکو ئێستا بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژانە خراونەتە ڕوو، شتێکی زیاتر لە چەند ڕاسپاردە و ڕێنوێنییەکی گشتی نییە کە هەڵبەت ئەو جۆرە ڕێنوێنی و ئامۆژگارییانە بەر لە ڕوودانی ئەو جۆرە تەنگژانەش هەر جێی مشتومڕی ناوەندەکانی ئەو جۆرە بابەتانە بوون و لە داهاتووشدا ئەو جۆرە باس و بابەتانە هەر بەردەوام دەبن.

لەو ڕاسپاردانەدا هیچ جۆرە ڕێکارێک کە یەکەم: دۆزینەوەی هۆکاری دروستبوونی ئەو تەنگژەی کردبێتە ئامانجی خۆی و دووەم: لە ڕووی پراکتیکییەوە توانای جێبەجێکردنی هەبێت، بەدی ناکرێ.

تاوەکو ئێستا تاکە بەرهەمی ئەو جۆرە دانیشتن و دانوستاندنە نێودەوڵەتییانە، تەرخانکردنی کرێدیت و سەرچاوەی داراییی پێویست بۆ پیادەکردنی" پلانی ڕزگارکردن "ی بانک و دامەزراوە داراییەکان لە مەترسیی مایەپووچبوون بووە. سەرباری ئەوەش، زۆربەی بەرپرسە سیاسی و ئابووریی و داراییە نائەمریکاییەکان نیگەرانییان لە هەمبەر دوو خاڵی گرینگ هەیە کە لە خوارەوە باسی لێوە دەکەین.

١- ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ناکارامەیەی کە نزیکەی ٣ تریلیۆن دۆلاری بۆ دابینکردنی سەرچاوەی کرێدیت و نەختینەیی بۆ" پلانی ڕزگارکردن[١]"ی تەنگژەکە تەرخان کردووە، بەخۆی دەتوانێت ببێتە سەرچاوە و هۆکاری دروستبوونی تەنگژە. هەروەها هیچ جۆرە گەرەنتییەک لە ئارادا نییە کە لەو مۆدێلەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قەبارە گەورەیە لە کرێدیت و سەرچاوەی نەختینەیی دانراوە، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هەندێک لە وڵاتەکان نەخرابێتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکانی تر و هەروەها بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

---

(1) Bailout.

٢- هەندێک لە سەرکردەکانی وڵاتە ئەوروپاییەکان نیگەرانییەکی زۆریان لەبارەی ئەو پرسەدا هەیە کە ئەمەریکا لە ڕێی ئەو دۆلارەی کە لە بەردەستیدایە، پشکی دەزگا ئابوورییە نائەمەریکاییەکان بکڕێت کە بەهای ئەو پشکانە ئێستا بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و لە ڕاستیدا لەو دەرفەتانەی کە هاتوونەتە ئاراوە، بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانی و تایبەتی خۆیدا سوودی لێ وەرگرێ.

ئاشکرایە سەرچاوەی ئەو نیگەرانییانە بۆ دوودەستەیی و جیاوازیی کولتووریی دەگەڕێتەوە. بەواتایەکی تر، هەرچەندە بازاڕی جیهانی سەرمایە یەکدەست و یەک شێوە و یەکپارچە کراوە، بەڵام فەرهەنگ و بەها کۆمەڵایەتییەکان و جیهانبینییەکانی سەرانی وڵاتەکان بە تایبەتی لە ئەوروپا بە بەراورد لەگەڵ ئەمەریکا و ئاسیا جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ یەکتری هەیە و هەر ئەمەش بووەتە ڕێگر و بەربەستێکی بنەڕەتی لە بەردەم ئەوەی کە ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی تەندروست و لە کاتی خۆیدا بتوانن لەو بارودۆخە تەنگژاوییەدا ڕزگاریان بێت.

٣- بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم دامەزراندنی داوودەزگای پێویست بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی دارایی جیهانی.

ئەو تەنگژەی دوایی، پێویستیی دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی دارایی جیهانی بەدیار خستووە. ئەو خاڵە گرینگە، سەرەڕای ئەوەی کە لە دانیشتنی ساڵانەی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە ڕۆژی ١٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە باسی لێوە کرا، هەروەها لەلایەن ناوەندە ئەکادیمییەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش لایەنگیرییەکی زۆری لێ دەکرێ و لە دانیشتنی گرووپی G7 و دانیشتنی گرووپی G20) کە گرووپی G7 لەگەڵ ١٣ وڵاتی تر لەخۆ دەگرێت (لە ڕۆژی ١٥ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨یش بە ڕاشکاوی خراوەتە بەرنامەی کار و لێکۆڵینەوەکانەوە.

دامەزراندنی داوودەزگای نوێ، تاکە هەنگاوێکە کە لە کاتی ئێستادا دەکرێت بۆ چاکتر بەڕێوەبردنی کارەکان لە بازاڕی جیهانی سەرمایە ئەنجام

بدرێ و له داهاتوویەکی نزیکیشدا دەتوانین چەندان ڕێکار و ڕێوشوێن بەئاراستەی دروستکردنی ئەو جۆرە داوودەزگایانە لە مەیدانی پراکتیکدا ببینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمداربوونی ئەو جۆرە ڕێوشوێنانە پێویستی بەلابردنی چەندان کۆت و بەند و بەربەست هەیە کە لە خوارەوە باس لە دوو نموونە لەو بەربەستانە دەکەین.

١-٣: نەبوونی کۆدەنگییەکی گشتی لەلای سیاسەتوانەکان لەبارەی هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژە.

ئەگەر بڕیار وابێت کە داوودەزگای نوێ دابمەزرێنرێن بۆ ئەوەی کە کەشێکی لەبارتر بۆ حکوومەتەکان لەبارەی ڕێکخستن و چاودێریکردن و ئاراستەکردنی بازاڕەکان بڕەخسێنێ، لەو حاڵەتەدا بوونی فاکتەری متمانە لە نێوان حکوومەتەکان بە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەو کارە دادەنرێ. زۆربەی سیاسەتوانەکانی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان، سەرچاوەی ئەو تەنگژەیەی ئێستا بۆ خەسڵەتە جەوهەرییەکانی (ذاتی)یەکانی سیستەمی سەرمایەداری و شێوازی کارکردنی ناڕێکخراو و بەرەڵاییی بازاڕەکان و زیادەخوازیی لەبن نەهاتووی سەوداگەران ناگەڕێننەوە لە بریی ئەو هۆکارانە، سیاسەتەکانی فیدراڵ ڕێزێرڤ و بۆ نموونە خودی ئالێن گرین سپەن یاخۆ بە کورتی ئەمەریکا بە بەرپرسیاری یەکەمی ئەو تەنگژەیە دەزانن و بەرپرسە دراوی و داراییەکانی ئەو وڵاتە وەکو فاکتەری سەرەکیی ئەو تەنگژەیە تۆمەتبار دەکەن. بۆ نموونە، وەزیری داراییی ئەڵمانیا لەو باوەڕەدایە کە" ئەو تەنگژەیەی ئێستا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمەریکا شوێن و پێگەی سەرکردایەتیی خۆی لەسەر بازاڕی جیهانیی سەرمایە لە دەست داوە و ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی جارانی نەماوە. "

وەزیری داراییی فەرەنساش پێی وایە کە" بێ شک ئەمەریکا بەرپرسە لە دروستبوونی ئەو تەنگژەیە و لەو ڕووەشەوە بەهۆی ڕێبەرایەتیی ناسەرکەوتووانەی جیهانی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، بڕوا و متمانەی خۆی لەدەست داوە و ئەو پێگەیەی جارانی نەماوە. "

خـاوەنەکـانی ئەو جـۆرە لێـدوانانە دەیانەوێ ئەوە بســەلمێنن کـە ئـەگـەر بۆ نموونە لە شـوێنی ئالێن گرین سپـەن کەسێکی تر بەرپرسی فیـدرالّ ڕیزێرڤ بوایە[١] یاخـۆ ئەگەر لە جیـاتیی بوش کـەسێکی تر لە کۆشکی سپیدا بوایە، لەوانەیە ئەو تەنگژەیەی ئێستا ڕووی نەدابا.

هەڵبەتە ئێمەیش ئەو قسەیە دووپات دەکەینەوە کە هێز و توانای ئابووری و سیاسی و سەربازیی ئەمـەریکا وا دەکات کە یەکەم: ئـەو جـۆرە تەنگژەیە بەو قەبارە گەورەیە لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا ڕوو بدات و دووەمیش: بە خێرایی و لە مـاوەیەکی زۆر کـەمـدا بەرەو ئەو وڵاتانەی کـە زۆرترین پێـوەندییـان لەگـەڵ بازاڕەکانی دراو و سـەرمـایـەی ئەمـەریکادا هەیە، بگوازرێتـەوە. ئاشکرایە کە ئەمـەریکا لەو جۆرە پێوەندییـە داپلۆسێنـەرانەیەدا، هەردەم دەتوانێ لە کـاتی تەنگژەیێکی لەو شـێـوەیەدا هـەل و دەرفـەتی لەبار و گـونجـاو بۆ قـازانجی تایبەتی خـۆی دەستـەبەر بکا، بەڵام خاڵی گرینگ و سـەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە سیـاسـەتوانەکانی وڵاتە پیـشـەسـازییـەکان گـرینگی و بایەخ بەوە نـادەن کە هەندێک فـاکتـەر و هۆکـاری بنـەڕەتی هەن کـە کـار لەســەر ســەرهـەڵدان و دروســتـبــوونی ئەو جـۆرە تەنگژانە دەکـەن کـە لەلایەن ئـەو وڵاتانەوە بەهـەند وەرناگیرێ، هەر لەبەرئەوەشە کە ڕێگەچارە پێشنیازکراوەکانی ئەو وڵاتانە بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەیە، تەنیا ڕێگەچارەیەکی کاتی و کورتخایەنن. لەو جۆرە بارودۆخەدا چۆن دەتوانین گەشبین بین بەوەی کە هاوکارییە نێودەوڵەتییـەکان دەتوانن ببنە هـۆی هاتنە کـایەی چەند داوودەزگـایەکی تازە بـە ئاراسـتــەی دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی دارایی جیهانی.

٢-٣: بوونـی ئیــمــان و بڕوایەکی تەواو بەچـۆنیــەتیی دروست کــارکــردنی سیستەمی سەرمایەداری.

---

(١) جێی ئاماژە پێکردنە کە گرین سپـەن تاوەکو مانگی شوباتی ٢٠٠٦ سـەرۆکی فـیـدرالّ ڕیزێرڤ بوو و دواتر بێن بێرنانکی هاتە شـوێنی ئەو و ئێـسـتـاکـە سەرۆکایەتیی فیدرالّ ڕیزێرڤ دەکا.

هەندێک لە ئابووریناسەکان لەو بڕوایەدان کە هەموو جۆرە دەستێوەردانێک لەلایەن بەرپرسە دراوی و داراییەکان بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکان، تەنیا سەرچاوە و هۆکارەکانی دروستبوونی تەنگژەکان بەهێزتر دەکەن و زەمینەیەکی لەبارتر بۆ دروستبوون و زیاتربوونی ژمارەی تەنگژەکان لە داهاتوودا فەراهەم دەکەن. بەپێی ئەو تێڕوانینە، پلانی ڕزگارکردنی ٧٠٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکا یاخۆ پلانی ٣ ملیار دۆلاری وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەی ئەو دواییە، خراونەتە ڕوو، ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە و باشتر وایە کە لە جیاتیی پیادەکردنی ئەو جۆرە پلانانە، چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە بانک و دامەزراوە داراییەکان بێ مایە بن (تووشی ئیفلاسبوون بن) تاوەکو ئەو جۆرە دەزگا ئابوورییانەی کە کارامەییان نەبووە و ڕیسک و مەترسیی زۆر گەورەیان لە ئەستۆی خۆیاندا هەڵگرتووە، لەناو بچن و بوار بەو جۆرە دەزگا داراییانە بدرێ کە پێشتر توانا و کارامەییی خۆیان سەلماندووە و چاکسازیکردن لە چۆنیەتیی ڕیسک و مەترسیکردنیان، کردووەتە بنەما و پرەنسیپی سەرەکیی کار و بەرنامەکانی خۆیان. بەمەش ئەو کەسانە، ئەو ئەنجامە وەکو لێکدانەوەی کۆتا دەخەنە ڕوو کە گوایە ئەو تەنگژەیەی ئێستا یاخۆ ئەو تەنگژانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و هەروەها ئەو تەنگژانەی کە لە داهاتووشدا سەرهەڵدەدەن، لە بنەڕەتدا هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ جەوهەر(ذات) و سروشتی سیستەمی سەرمایەداریدا نییە، بگرە ئەو جۆرە تەنگژانە لە ئاکامی بوونی هەڵە لە ستراتیجییەکان و گرتنە بەری ڕێوشوێن و سیاسەت و ڕێکاری نالۆجیکی لەلایەن بەرپرسە دراوی و داراییەکانی یاخۆ بەڕێوەبەرانی بانک و دامەزراوە داراییە گەورەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە. هەندێک لە لایەنگرانی ئەو تیۆرییە تەنانەت بەوەش ناوەستن و دەڵێن لە بنەڕەتدا دەستەواژەی" ئابووریی سەرمایەداری "هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و لایەنگران و هەوادارانی و هۆگرانی سیستەمی مارکسیزم ئەو دەستەواژەیەیان داتاشیوە و لە ڕاستیدا سیستەمە واقیعییە ئابوورییەکان شتێک نین کە لە دەرەوەی بازاڕی ئازاد و

سیستەمی کێبەرکێکردنەوە دابن و ئەوەش شتێکە کە لەگەڵ سروشت و ناخی مرۆڤدا دەگونجێ و لە ئەنجامدا گەشە و بووژانەوەی ئابووری دەهێنێتە کایەوە.

گشت تەنگژە ئابوورییەکان لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنان و سیاسەتی هەڵەی بەرپرسە دراوی و داراییەکان یاخۆ دەستێوەردانی نائەقڵانی لە بازاڕەکانەوە دێتە کایەوە کەچی ئەو بازاڕانە بەخۆیان ڕەهەند و تایبەتمەندیی" خۆچاککردنەوە(١)"یان تێدایە.

کەواتە، بەو مەرجەی کە بێجگە لە" دەستی شاراوە "ی ئادام سمیس هیچ کەس و لایەنێکی تر دەستکاری لەو سیستەمەدا نەکا، هیچ کاتێک لەو سیستەمەدا تەنگژە ڕوو نادا.

ئەو تیۆرییەی کە لە سەرەوە باس کرا، بابەتێکە کە لە ڕووی لۆجیکییەوە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەو مەسەلەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە لەلایەن بەرپرسە سیاسی و ئابووری و داراییەکانەوە بەشێوەیەکی ڕووکەشی و سەرپێیییەوە ئەنجام دەدرێ. دیارە ئەو جۆرە تێڕوانینەش کار لەسەر چۆنیەتیی بڕیاردان و داڕشتنی پلان و بەرنامەکانی ئەو بەرپرسانە دەکات کە بێ شک ئەمەش ئەنجام و ئاسەواری زۆر نێگەتیڤ و زیانبەخشی لێ دەکەوێتەوە. بەداخەوە بابەتگەلێکی وەکو بازاڕی ئازاد و شێوەی کارکردنی سیستەمی سەرمایەداریی پێگەیشتوو و کامڵ و بنەماکانی چاودێری و ئاراستەکردن و ڕێکخستنی بازاڕ لەلایەن بەرپرسە دراوی و داراییەکانەوە، شوێن و پێگەی زانستی خۆی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەدەست داوە و بووەتە" ئاین "ێک کە توێژێکی بەرفراوان لە پسپۆڕە دارایی و ئابوورییەکان لە دەوریدا کۆبوونەتەوە و بەڕادە و قەبارەی جیاجیاوە بڕوا و ئیمانیان پێ هێناوە. تا ئەو کاتەی کە ئەو جۆرە تێڕوانینە، کار تێکردن لەسەر چۆنیەتیی داڕشتنی سیاسەت و پلانی دارایی و ئابووری نەکات، ژیانی کۆمەڵگە ناکەوێتە ژێر

(1) Self Adjusting= Self-Correction Mechanism.

مەترسییەوە، بەڵام چەندان بەڵگە لە بەردەستدان کە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو جۆرە بابەتانە لە بەرزترین ئاست و پلە و پایەکانی بەڕێوەبردندا، توانیویانە سیستەمی داڕشتن و ئامادەکردنی سیاسەت و بەرنامە ئابوورییەکان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە دوو نموونە لەو حاڵەتانە دەدەین و لەو نموونانەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زەمینە و بواری گونجاو بۆ دروستبوونی هاوکارییەکی نێودەوڵەتی کە لە ئەنجامدا دامەزراندنی داوودەزگای پێویست بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کارامە و چالاکانەی سیستەمی دارایی جیهانی لێ بکەوێتەوە، لە ئارادا نییە.

١- هەروەک چۆن پێشتریش بینیمان، لە پوختەی هۆکارەکانی ئەو تەنگژەیەی ئێستادا کە لەلایەن سەرۆکی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە مێژووی ١٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ خراونەتە ڕوو، یەکێک لە خاڵە ڕاگەیەنراوەکان" شکستهێنان لە میکانیزم و ڕێوشوینی بازاڕەکان "(٢) بوو. ئەو جۆرە لێکدانەوە و ئەنجامگیرییە لەلایەن سندووقی نێودەوڵەتیی دراوەوە ئەوە نیشان دەدات کە سەرهەڵدانی تەنگژەی کرێدیت و داراییەکان، ڕیشە و سەرچاوەیان بۆ بنەما جەوهەر (ذات)ییەکانی سیستەمی بازاڕ دەگەڕێتەوە کە دیارە ئەوەش پێویست بە دەستێوەردانی بەرپرسە دراوی و داراییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕ و ئاراستەکردن و چاودێریکردن لەسەر کار و چالاکییەکانی بازاڕدا دەکا.

١- لە مێژووی ٨ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ و لە ئاهەنگی نەوەد ساڵەی لەدایکبوونی میلتۆن فریدمەن ئابووریناسی بەناوبانگی شیکاگۆ کە دژی دەستێوەردانی حکوومەت لە بازاڕەکان بوو، فریدمەن لەو بۆنەیەدا باسی تەنگژەی گەورەی دەیەی ١٩٣٠ کرد و هۆکاری ئەو تەنگژەی بۆ دەستێوەردانی حکوومەت لە بازاڕەکان گەڕاندەوە و هەروەها درێژتربوونی ماوەی تەنگژەکەشی خستە ئەستۆی فیدراڵ ڕێزێرڤ و، هەروەها گرتنەبەری سیاسەتی هەڵە و نەگونجاو لەلایەن فیدراڵ ڕێزێرڤی بەهۆکاری سەرەکیی درێژخایاندنی ئەو تەنگژەیە وەسف کرد. بێن

بێرنانکی سەرۆکی ئێستای فیدراڵ ڕێزێرڤ کە ئەو کات بێجگە لە ئەندامییەتیی لە بۆردی زانستی زانکۆی پرینستۆن، بەرپرسیاریەتییەکیشی لە فیدراڵ ڕێزێرڤ پێ سپێردرابوو، لەو مەراسیمەدا بەشدار بوو و بەو شێوەیە بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو تەنگژەیە دەربڕی: "ڕێگەم پێ بدەن وتاری خۆم لەبارەی ئەو تەنگژەیە بە کەمێک بەکارهێنانی پلە و پایەی خۆم لە فیدراڵ ڕێزێرڤ کۆتا پێ بهێنم: لەبارەی تەنگژەی گەورەی دەیەی ١٩٣٠ بە میلتۆن فریدمەن دەڵێم کە بەڵێ قسەی جەنابت ڕاستە، فیدراڵ ڕێزێرڤ ئەو تەنگژەیەی خوڵقاند، بەڵام ئێمە سوپاسی جەنابت دەکەین کە بە یارمەتیی ئامۆژگارییەکانی جەنابت ئێمە چیی تر نابینە هۆکار و فاکتەری دروستبوونی ئەو جۆرە تەنگژانە. "(٣) خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە بێرنانکی لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٦ وەکو سەرۆکی فیدراڵ ڕێزێرڤ دەستبەکار بوو و هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ لە کاتی بەرپرسیاریەتیی ئەو لە فیدراڵ ڕێزێرڤ ڕووی دا و دەبێ تاوەکو چەندان ساڵی تریش ئاسەوارە خراپەکانی ئەو تەنگژەیەی بەچاوی خۆی ببینێ.

دوو نموونەی سەرەوە، پێویستییان بە شیکردنەوە و ئەنجامگیری نییە و بەخۆیان حەقیقەتەکان بەڕوونی دەخەنە ڕوو. ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە لە فەزا و کەشێکی لەو جۆرەدا، کە ئەندێشە و بیر و بۆچوونە پسپۆڕییەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە بڕوا و ئیمانێکی کوێرانە و ڕەها بۆ هەندێک بیردۆزە ئابوورییەکان سەرچاوە دەگرن، چۆن دەکرێت زەمینە و کەشێکی لەبار بۆ هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بڕەخسێ کە ئەویش لە ئەنجامدا دروستبوونی چەند داوودەزگایەکی تازەی لێ بکەوێتەوە و یارمەتیدەر بێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ستراکچەر و داڕشتنی پەیکەربەندییەکی نوێ بۆ سیستەمی دارایی جیهانی کە بەئاراستەی چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان هەنگاو بنێن؟

هەڵبەت هیچ ڕێگەچارەیەکی تر بێجگە لە دامەزراندنی داوودەزگای تازە لە

بەردەمماندا نییە و هەروەکو پێشتریش باسمان کرد دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕێی هەنگاوی لەو جۆرە بکەین. ئەو خاڵەشی کە دەبێ زۆر پێداگیریی لەسەری بکەین ئەوەیە کە داکۆکی لەسەر پێویستیی پەرەپێدان و پێشخستنی مەعریفەی تیۆری لەبارەی بابەتگەلە سەرەکییەکانی ئابووریدا بکەین تاوەکو لەو ڕێیەوە ئاستی کارامەیی و لێهاتوویی ئەو جۆرە دامەزراوانە بەرز بکەینەوە، بەشێوەیەک کە ڕێگە نەدرێ "بێرتۆن وودس[1]"ێکی تر بە ناونیشانێکی تازە، بەڵام ناکارامە و بێ دەسەڵات بهێتە کایەوە.

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- بەهۆی بایەخ و گرینگیی ئەو وتانە، لێرەدا دەقی قسەکانی سەرۆکی سندووق وەک خۆی بۆتان دووبارە دەکەینەوە

until this weekend, the collapse in confidence in the markets has been almost matched by a collapse in confidence between countries. We saw a very bad trend towards unilateral measures taken with national interests in mind" , IMF-World Bank Annual Meetings, 13 October 2008.

2 . "Failure in Market Discipline Mechanism", IMF, Global Financial Stability Report, 2008.

٣- ئەرشیڤی وتارەکانی FRB، بێرنانکی لە ئاهەنگی نەوە ساڵەی لەدایکبوونی میلۆن فریدمەن لە مێژووی ٨ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢.

(١) جێی ئاماژە پێدانە کە "بێرتۆن وودس" Bertton Woods ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە کە بۆ دامەزراندنی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی و بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی بازاڕە دراوی و داراییەکان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا بەسترا.

## پرۆفایلی دوکتۆر مەسعوود درەخشان

بەرپرسیاریەتییەکان:

١ – مامۆستای بەشی ئابووری لە زانکۆی (علامه طباطبایی).

٢ – سەرۆکی سەنتەری توێژینەوە ئابوورییەکانی ئێران لە زانکۆی (علامه طباطبایی).

٣ – بەڕێوەبەری پرۆگرامی خوێندنی باڵا (قۆناغی دوکتۆرا) لە بەشی ئابووریی نەوت و گاز لە کۆلێجی ئابووریی زانکۆی (علامه طباطبایی).

٤ – ڕاوێژکاری سەرۆکی دەزگای بیمە و دڵنیایی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سکرتێری زانستیی سەنتەری توێژینەوەی بیمە.

٥ – بەڕێوەبەری دەستەی لێکۆڵینەوەی نەوت و گاز – سەنتەری توێژینەوە ستراتیجییەکانی کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بڕوانامە و وێستگە زانستییەکان:

١ – بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێجی ئابووریی زانکۆی تاران – بەپلەی نایاب لەسەر ئاستی ئێران.

٢ – ماستەر لە کۆلێجی ئابووری لە بەشی Econometery لە قوتابخانەی ئابووریی زانکۆی لەندەن (LSE - London School of Economics)

٣ – دوکتۆرا (PHD) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و زانکۆی لەندەن.

کتێب و بڵاوکراوەکان:

ا – کتێبە فارسییەکان:

١ – ئیکۆنۆمێتری، بەرگی یەکەم – تاران، دەزگای توێژینەوە و ئامادەکردنی کتێبەکانی زانستە مرۆییەکانی زانکۆکان، ١٩٩٥، ٥٤٢ لاپەڕە، لە ساڵی ١٩٩٧

خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێ دراوە.
٢ – ئیکۆنۆمەیتری، بەرگی دووەم – تاران، دەزگای توێژینەوە و ئامادەکردنی کتێبەکانی زانستە مرۆییەکانی زانکۆکان، ١٩٩٥، ٥٤٢ لاپەڕە، لە ساڵی ١٩٩٧ خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێ دراوە.
٣ – ڕۆڵی توێژینەوەکان لە گۆڕانکارییەکانی پێوەندییەکانی نێوان ئۆپێک و نائۆپێک (غەیرە ئۆپێک). زنجیرە بڵاوکراوەکانی کاروباری ئۆپێک و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. توێژینەوەکانی بواری نەوت ژمارە ٢، ساڵی ١٩٩٦.
٤ – تاوتوێکردنی سیاسەتە دراوییە و کرێدیتییەکان و شیکردنەوەی کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئەو سیاسەتانە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی بەهەڵوەستەکردن لەسەر نرخی پاشەکەوت. زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەشی کاروباری ئابووری – وەزارەتی دارایی و ئابووری – چاپی یەکەم، زستانی ساڵی ١٩٩٦.
٥ – چەند تێبینییەک لەسەر چەمک و ڕۆڵی باج لە ئابووریی ئیسلامی و ئابووریی باو (متعارف). زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەشی کاروباری ئابووری – وەزارەتی دارایی و ئابووری – چاپی یەکەم، بەهاری ساڵی ١٩٩٤.
٦ – توێژینەوەیەک لەسەر بابەت و ڕێکارە ئابوورییەکانی ئێران. زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەشی توێژینەوەکانی پەرلەمانی ئێران، ٥٣٩ لاپەڕە، هاوینی ساڵی ٢٠٠٤.
٧ – لێکەوتە داراییەکان و ئیدارەکردنی ڕیسک و مەترسی لەسەر بازاڕەکانی نەوت. دەزگای بڵاوکردنەوەی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکانی وزە، تاران، ٧٤٥ لاپەڕە، ساڵی ٢٠٠٤.
٨ – تەنگژەی داراییی جیهانیی ٢٠٠٨ و کاریگەری ئەو تەنگژەیە لەسەر ئابووریی ئێران. سەنتەری توێژینەوە ئابوورییەکانی کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێران، ٢٠٠٩.
ب – کتێبە ئینگلیزییەکان:
9- Bibliography on Application of Systems and Control Theory in Economic Analysis , University of Oxford, Department of Engineering Science, 82 pages, Publication No. 1267/78
10- Iraq's Return to the Oil Market: Conditions and Implications. International Bu-

reau for Energy Studies, IBES; London, February 1995, 80 pages.

11- Energy Demand Modelling and Conservation in Developing Countries, International Bureau for Energy Studies, IBES, London, September 1996, 133 pages.

13- Financial Derivatives and Oil Markets, Applications of the Futures and other Hedging Instruments to the International Trade of Oil and Their Pricing Dynamcis, International Bureau for Energy Studies, IBES, London, January 2000, 106 pages

## فەرهەنگۆکی زاراوە ئابوورییەکان

Adjustable - Rate Mortgage

معدل الرهن العقاري قابل للتعديل. ڕێژەی تێکڕای بارمتەی خانووبەرەی شیاو بۆ هەموارکردن

Asset - Backed Bonds السندات المدعومة. قەواڵە پشتگیریکراوەکان

Bailout انقاذ. ڕزگارکردنی دارایی

Bank Run تدفق البنك. تێڕژانی بانکی

Banking Panic الذعر المصرفي. هێرش یاخۆ تێڕژانی بانکی

Base Rate قاعدة السعر. بنەمای نرخ

Bubble فقاعة. بڵق

Burst انفجار. تەقینەوە (لە تەنگژەکان)

Business Cycle دورة الاعمال التجارية. خولە بازرگانییەکان

Capitalism,s foundational Energy

الطاقة الرأسمالية التأسيسية. وزەی دامەزراوەییی سیستەمی سەرمایەداری

Collated Debt Obligations: CDO

التزامات الديون المضمونة. بەڵێنەکانی قەرزە گەرەنتیکراوەکان

Contagion أزمة نتقل بسرعة. تەنگژەی شیاو بۆ گواستنەوە

Coordination Games العاب منسقة. گەمە هاوئاهەنگەکان

Credit Crisis ازمة الائتمان. تەنگژەی کرێدیتی

Credit Crunch انهيار الائتمان. داڕووخانی کرێدیتی

Credit Default Swaps

مقايضة الائتمان الافتراضية. گۆڕینەوەی تایبەت بە پاشگەزبوونەوە لە دانەوەی کرێدیت

Credit Risk Rating تصنيف مخاطر الائتمان. پۆلێنکردنی مەترسییە کرێدیتییەکان

Credit Shock صدمة الائتمان. شۆکی کرێدیتی

Crony Capitalism الرأسمالية المحسوبية. سەرمایەداری هاوڕێیی

Derivatives مشتقات. داتاشراوەکان

Derivatives Trading تجارة المشتقات. بازرگانیی داتاشراوەکان

dot.com bubble فقاعة الشركات التكنولوجية. بڵقی کۆمپانیا تەکنەلۆجییەکان

Dow Jones Industrial Average

مؤشر دواجونز الصناعي المتوسط. نرخی ناوەندیی نیشاندەری پیشەسازیی داوجۆنز

Economic Depression ركود اقتصادي. وەستانی ئابووری

Economic Recession انكماش اقتصادي. داکشانی ئابووری

Economic Stagnation كساد القتصادي. بێ بازاڕیی ئابووریی

Ecopathy =Ekopti اكوباتي. ئێکۆپاتی

European Exchange Rate Mechanism

آلية سعر الصرف الاوروبي. میکانیزمی نرخی ئاڵوێری ئەوروپایی

Financial Acceleration تسارع المالية. خێراکردنی دارایی

Financial Assets الموجودات المالية. ماكه (هەبووە) داراییيەکان

Financial Debt Leverage

رافعة ديون المالية. حاڵەتی ڕوو لە بەرزبوونی بەڵێنە داراییيەکان

Financial Fragility هشاشة المالية. لاوازیی دارایی

Futures العقود الآجلة. گرێبەستەکانی داهاتوو

Hedge Finance تغطية المالية. داپۆشینی دارایی

Hedge Fund صندوق التغطية المالية. سندووقی داپۆشین (پاڵپشتی)ی دارایی

Herd Mentality = Herd Instinct غريزة القطيع. ئەقڵیەتی کۆ (کۆمەڵێک کەس)

Herd Mentality Fed On Raw Emotion

عقلية القطيع تغذت على العاطفة الخام. ئەقڵیەتی کۆ لە هەستە خاوەکانەوە سەرچاوە دەگرێ

Innovation are Inherently risky

الابتكار هو بطبيعته محفوف بالمخاطر. داهێنان خۆی له خۆیدا مەترسیداره

Innovation is the engine of Growth

الابتكار هو محرك للنمو. داهێنان داینەمۆی گەشەسەندنە

Kiyotaki - Moore Model نموذج كيوتاكي مور. مۆدێلی کیۆتارکی – مۆر

Kondratiev Cycle دورة كوندراتيف. خولی کۆندراتیف

Liars Loans قروض الكذابين. قەرزی درۆزنەکان

Liquidity Squeeze سيولة العصرة. تەنگوچەڵەمەی نەختینەیی

Long Term Capital Market

سوق راس المال گويل الآجل. بازاڕی سەرمایەی درێژخایەن

Margin Buying هامش شراء. کڕین بەشێوەی قەرز

Market Correction تصحيح السوق. ڕێکبوونی بازاڕ

Minsky Theory نظرية مينسكاي. تیۆری مینسکی

Moral Hazard المخاطر المعنوية. مەترسییە مۆڕاڵییەکان (مەعنەوییەکان)

Mortgage - Backed Securities

الرهن العقاري للاوراق المالية المدعومة. بارمتەی خانووبەرە بۆ کاغەزە داراییە پشتگیریکراوەکان

Mortgage Securities اوراق عقارية. بەڵگەنامە داراییەکانی بارمتەی خانووبەرە

Negative Equity الاسهم السالبة. خاوەندارێتیی پشکی نەرێنی (سالب)

Nikkei Dow Jones مؤشر نيكي دواجونز. نیشاندەری نیکی داوجۆنز

Options خيارات بژارەکان

Options Pricing Model نموذج تسعير الخيارات. مۆدێلی نرخدانانی بژارەکان

Paper Market سوق الاوراق المالية. بازاڕی بەڵگەنامە داراییەکان

Payment Option خيار الدفع. بژاری پێدان

Personality Disorder اختلال الشخصية. شپرزەیی کەسایەتی

Ponzi Finance تمويل بونزي. دەستەبەرکردنی دارایی پۆنزی

Pooled ديون المجمع. قەرزە یەکدەستکراوەکان

Reflexivity ملامح رد فعل. ڕەنگدانەوەیی

Ripple Effect تاثیر تموج. کاریگەری شەپۆل ئاسا (شەپۆلدار)

Risk Leverage خطر الرافعة المالية. مەترسییە ڕوو لە بەرزبوونەوەکان

Securitization توريق. لە چاپدانی بەڵگەنامە داراییەکان

Self - adjusting تعديل النفس. گۆڕینی خود

Self - Correcting Mechanism آلية تصحيح النفس. میکانیزمی ڕێککردنی خود

Self - Fulfilling Prophecies

التنبؤات التي تتحقق ذاتيا. ئەو پێشبینییانەی کە شیمانەی وەدیهاتنیان زۆرە

Sovereign Default

نكول الديون الحكومية. پاشگەزبوونەوە لە دانەوەی قەرزە حکوومەتییەکان

Speculation مضاربة. جامبازی یاخۆ ئاڵوگۆڕ

Speculative Bubbles فقاعات المضاربة. بڵقی ئاڵوگۆڕ یا جامبازی

Speculative Finance

المضاربة المالية. جامبازی یا کڕین و فرۆشتنی بەڵگەنامە داراییەکان

Strategic Complementarities اعتبارات الاستراتيجية. تێبینییە ستراتیجییەکان

Subprime Mortgage الرهن العقاري. بارمتەی خانووبەرە

Subprime Mortgage Crisis ازمة الرهن العقاري. تەنگژەی بارمتەی خانووبەرە

Subprime Mortgage Market سوق الرهن العقاري. بازاڕی بارمتەی خانووبەرە

Swap مقايضة. گۆڕینەوەی کاڵا بە کاڵا (شت بە شت)

System Failure فشل النظمية. شکستی سیستەمی

System Risk المخاطر النظمية. مەترسییە سیستەمییەکان

Underlying Asset الموجودات الضمنية. ماکە (هەبووە) گەرەنتیکراوەکان

World System Theory نظرية النظام العالمي. تیۆری سیستەمی جیهانی